# دومۆزی

# " مەلەك تاووس"

## لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئایینی دێرینی کوردی

دانەر

مرشد اليوسف

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دانەر

چاپی یەکەم بەعەرەبی ۱۹۹۹

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم بە کوردی

سلێمانی-۲۰۱۲

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

## پێناسی کتێب:

ناوی کتێب : دومۆزی(( مەلەك تاووس))لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئایینی دێرینی کوردی
بابەت: مێژوویی
دانەر/ مرشد اليوسف
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەوزادی موهەندیس
تایپ و هەڵەچن: نەوزادی موهەندیس
نەخشەساز: زەردەشت علی سۆرانی
شوێنی چاپ : چاپخانەی شڤان / سلێمانی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم / ٢٠١٢
تیراژ : ٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٠٠ ) ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە

# دەقی ڕەزامەندی نوسەر بۆ وەرگێڕ

FROM:Murshid al-Yousef
TO:nawzad_mohandis@yahoo.com
Message flagged :Friday, July ٦, ٢٠١٢ ١٢:٣١ AM

**الأستاذ نوزاد مهندس المحترم**

**تحية طيبة:**

**أقدر عاليا جهدكم المبدع في ترجمة كتاب دوموزي إلى اللغة الكردية , وأتمنى لكم النجاح والتوفيق في إتمام هذا العمل الإبداعي الراقي , ويسعدني أن أقدم لكم موافقتي على ترجمة الكتاب وتقبلوا فائق تقديري واحترامي .**

**مرشد اليوسف**

**بۆ بەڕێز مامۆستا نەوزادی موهەندیس**

**سڵاوێکی گەرم**

**هەوڵە داهێنەرانەکەتان بەرز دەنرخێنم بۆ وەرگێڕانی کتێبی دومۆزی بۆ سەر زمانی کوردی, خوازیاری سەرکەوتن و سەلامەتیتانم لە تەواوکردنی ئەو کارە داهێنەر وبەرزەدا, پێخۆشحاڵیش دەبم کە ڕەزامەندی خۆمتان پێبدەم بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەو ڕێز و پێزانینی زۆرم قبوڵ بفەرموون.**

**مرشد اليوسف**

پێشکەشە بە:-

❁ گیانی شەهید ڕۆزا یوسف

# بەرایی وەرگێڕ

یەکەمجار کتێبی (دومۆزی"مەلەك تاووس")لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئایینی دێرینی کوردی )م لەڕێگەی هاوڕێی بەرێزمەوە کاك **فوئادی حەمەی مەلا تۆفیق** وە بەدەست گەیشت کە لەڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە دەستیکەوتبوو، دوای بینینی کتێبەکە و وەرگرتنی لە پێگەی <u>**www.efrin.net**</u> و خستنە سەر کاغەز ، دەستم کرد بە خوێندنەوە و لەماوەیەکی کورتدا و کەمتر لە مانگێك لەخوێندنەوەی بوومەوە کە کتێبەکە خۆی لە ٢١٠ لاپەڕەی A٤دا دەبینێتەوە.

لەبەرئەوەی بابەتەکە لەلایەك بابەتێکی مێژوویی و لەولاشەوە بابەتێکی ئایینی و لەلای سێهەمیشەوە هەردوو لایەنەکە پەیوەستکرابونەوە بە کوردەوە، بڕیارم دا دەستبکەم بە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی لەبەر دوو هۆ:

١. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە ڕەگ و ڕیشەی ئایینە کوردییە کۆنەکان ( ئێزیدی و ئیبراهیمی و زەردەشتی). کە ئاشکرایە بابەتی ئایینی لە دێر زەمانەوە گرنگی و پیرۆزیی گەورەی هەبووە و هەشە لەناو سەرجەمی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردەواریش بەتایبەتی. ئەم کتێبە دەریدەخات کە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە خاوەنی مێژوو و جوگرافیا و شوێنەوار و ئەفسانە و داستان و خاوەن داهێنانە لە بواری بیروباوەڕ و ئایین و فەلسەفە و داب و نەریتەکاندا و هاوشانی نەتەوە و

کۆمەڵگاکانی دیکەیە و هیچی لەوان کەمتر نیە و ئەگەر پێشەنگ و ڕابەریش نەبێت، وەك لە لێکۆڵینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکانی باشووری وڵاتی میسۆپۆتامیا ونێوچۆمانیش لە کوردستانەوەیە، کە تائێستا عەرەبەکان شانازی بە شارستانێتی سۆمەرییەوە دەکەن و دەیگێڕنەوە بۆ ٣٠٠٠ـ ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز، هەموو دونیاشیان بەو هەڵەیە باوەڕپێهێناوە و هەموانیش پەسندیان کردوە، بەڕای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەوڵەت و هێز و دەسەلآت وئامرازی ڕاگەیاندن و میدیای جیاواز بۆ خزمەتکردنی ئەو تێزە، لەکاتێکدا شارستانێتی کوردییە کۆنەکان درێژدەبێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ پ.ز و زۆر بە کەم تەنانەت لە ناوەندە زانست و مێژووییەکانیشدا باسی لێوە دەکرێت ئەمەش بۆ نەبوونی دەوڵەت و هێز و میدیایەکی کوردیی بەهێز دەگەڕێتەوە کە کاری شێلگیری بکردایە بۆ دەرخستن و چەسپاندنی ئەم ڕاستییە مێژووییە.

لێرەدا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت کە کوردستان لانکەی شارستانێتی مرۆڤایەتیە نەك وڵاتی نێوچۆمان یان میسری فیرعەونیەکان و ئەم ڕاستیەش پڕڕاسکراوەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا کە کاتێك نوح پێغەمبەر بەخۆی و کەشتی و سەرنشینەکانیەوە دوای هێوربونەوەی تۆفانی نوحی بەناوبانگ لەسەر چیای ( جودی ) ئارارات لە کوردستانی باکوور جێگیر بووە،وەك خوای گەورە لە سورەتی هود و ئایەتی ٤٣ دەفەرموێت : ( وقیل یارچ ابلعی ماوك و یسماو اقلعی وغیچ الماو وقچی الامر واستوت علی الجودی وقیل بعدا للقوم الظالمین )

و جارێکی دی ژیان و شارستانێتی مرۆڤایەتی لە کوردستانەوە سەریهەڵداوەتەوە وپەلوپۆیشی هاویشتوە بۆ ناوچەکانی دوور و نزیکی دەوروبەر.

٢. هۆکاری دووەمیش بریتیە لەوەی کە لەمێژە دوژمنانی کورد و ناحەزانی گەرەکیانە بەزۆری زۆردای پێناس و شوناسی کوردبوون لە ئێزیدیەکان بستێننەوە و بیانکەنە عەرەب ئەمەش بە پاڵنەری شۆڤێنی و نەژادپەرستی نەك بە پاڵنەری برایەتی و خۆشەویستی بۆ ئێزیدیەکان، ئەم کتێبە بەشێوەیەکی زۆر جوان و بەبەڵگەی زانستی و شوێنەوارناسی و مێژووناسی و پاڵپشت بە سەرچاوەی عەرەبی و بیانی دەیسەلمێنێت کە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەن و دێرینن و لەمێژە لەسەر خاکی کوردستان دەژین و بەرگرییان لەخۆیان و بیروباوەڕو ئایینەکەیان کردوە لەهەموو سەردەمەکاندا،بیروباوەڕ و ئایینەکەشیان یەکێکە لە ئایینە دێرینە کوردییەکان هاوشان لەگەڵ ئایینی ئیبراهیمی و زەردەشتیدا.

من لەوەرگێڕانەکەمدا وشەی (ئێزیدی)م بەکارهێناوە نەك (یەزیدی) لەلایەك بۆ دوورخستنەوەی لە وشەی عەرەبی ( یەزید) کە عەرەبەکان پێیانخۆشە وای بەکاربێنن بۆئەوەی ڕەچەڵەکی ئێزیدیان بەرنەوە سەر عەرەب و لەلایەکی تریشەوە وشەی (ئێزیدی) بەمانای دروستبوون دێت کە لەمانای ناوی خواوەندێکی کۆنی کوردییەوە (نینجیزیدا) وە هاتووە کە مانای خواوەندێك کە ژیان دەبەخشێت هاتوەو بەمەش دەسەلمێت کە ڕەچەڵەك و ناو و وشەی (ئێزید)ی

کوردی ڕەسەنن و دوورن لەهەموو نزیکییەك لە ڕەچەڵەکی عەرەبەوە.
بەهەمان شێوە ئەم کتێبە زۆرێك لە داب و نەریتی ئێزیدی و ئێزیدییەکان و گوتە و دەقە پیرۆزەکانی ئێزیدی و ناوەڕۆکی هەردوو کتێبی پیرۆز لای ئێزیدیەکان( جەلوە و کتێبی ڕەش ) دەخاتەڕوو و ئاشکرای کردووە بۆ هەمووان، چونکە وەك لە کتێبەکەدا هاتوە بیروباوەڕی ئێزیدی لەسەر ئامۆژگاری **شێخادی** بەنهێنی ماوەتەوە و جگە لە ئێزیدییەکان بۆیان نەبووە شارەزایی و زانیارییان هەبێت لە سەر ئایینی ئێزیدی. هەربۆیە ئەم کتێبە زانیارییەکی باشی تیادایە لەبارەی داب و نەریت و بیروباوەڕی ئایینی ئێزیدی و ئێزیدییەکان، کە بەلامەوە گرنگ بوو خوێنەری کورد ئاشنا بن بەو زانیارییانە.
هەرچەندە من بۆ خۆم وەك کەسێکی مسوڵمان و ئایینزاش لەگەڵ هەندێ چەمك و بیروباوەڕیاندا کۆك نیم، بەڵام ئەمە ڕێگر نیە لەبەردەم بوونی زانیاری و ئاشنا بوونم بەو بیروباوەڕە، مرۆڤ لە هیچ زانیارییەك زیانبەخش نابێت بەڵکو زانست و زانیاریی زیاتری دەستدەکەوێت و خەرمانی زانیارییەکانی و ئاستی هۆشیاریشی دەوڵەمەندتر و بڵندتر دەبێت.
کتێبەکە هەم خوێندنەوەی سانا و ڕاکێشەر بوو هەمیشە وەرگێڕانەکەشی خۆش دەست و ماندووبوونی گەورەی گەرەك نەبوو، پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە دانەرەکەی مامۆستا مورشید الیوسف کە کوردێکی کوردستانی ڕۆژئاوایە ( سوریا) و زمانێکی سادە و

ساكار و بێ گرێوگۆڵ و دوور لە ئاڵۆزی بەكارهێناوە، هەربۆیەش لەگەڵ ئەوەی كە یەكەم ئەزموونی وەرگێڕانم بوو توانیم لەماوەی كەمتر لە ٥٠ ڕۆژدا و بەدیاریكراوی ٤٧ ڕۆژ كتێبەكە وەریبگێڕم و بە كۆمپیوتەریش چاپی بكەم كە بۆخۆی ئەم كارە سانا نیە، بەڵام حەز و ئارەزوو و ویستم هاندەری سەرەكیم بوون بۆ سەرخستن و تەواوكردنی ئەم كارە پیرۆزە لەوماوە پێوانەییەدا.

لێرەدا حەزدەكەم كە زانیارییەك بدركێنم ، ئەویش ئەوەیە كە مامۆستا **مرشد الیوسف** لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەر و دڵسۆزی كوردستانن و لەڕێگای كوردایەتیشدا خوێن و گیانیان بەخشیوە لە بنەماڵەكەیاندا و تائێستاش لەسەر ئەو خزمەتەیان بەردەوامن و ئەم كتێبەشی لە هەستێكی قووڵی ڕاستەقینەی كوردانەوە نوسیوە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی قەدەغەكردنی كتێبەكەی لە سوریا و مامۆستاش بۆخۆی كەوتۆتە بەر هەڕەشە و گوڕەشە و ڕەخنەی قێزەون و توندی قەڵەم بەدەستە شۆڤێنی و نەژادپەرستە عەرەبەكانەوە لە ڕۆژنامە و پێگە ئەلكترۆنیەكاندا لەسەر ئەو بیروباوەڕ و بەڵگە زانستیانەی كە لەم كتێبەدا خستونیەتەڕوو.

من كاتێك ئەم زانیاریانەم زانی هێندەی تر گوڕم دایە بەر خۆم بۆ ئەوەی بە زووترین كات كاری وەرگێڕانەكەی تەواو بكەم و هێندەی تریش مامۆستا مرشد الیوسف و بنەماڵەكەشی خۆشەویستتر و ڕێزدارتر بوون لەلام هەرچەندە بەخزمەتی مامۆستا نەگەیشتوم و تەنها خاتوو **دڵشای** خوشكیم بەم نزیكانە ناسی.

بەهیوای ئەوەی کە توانیبێتم وسەرکەوتوبێتم لە وەرگێڕانەکەمدا و داوای لێبوردن و بەخشینیش دەکەم لەوەی کە ئەگەر هەندێ وشەم نەتوانیبێت وەکو خۆی وەرگێڕم یان مانایەکی تەواو بدات، چونکە زۆر وشەی عەرەبی هەن کە هێندە تێکەلاوی زمانی کوردی بوون و ڕۆژانەش بە دەیانجار بەکاریان دێنین بەلام بەرامبەرەکەی کتومت لە کوردیدا نیە،ئامادەشم بۆ بیستن و گوێگرتن لە ڕەخنە و گلەیی بنیاتنەر بۆ سوود لێوەرگرتنی بۆ ئەزموونی داهاتووم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی مامۆستا ( عارف جابۆ) بکەم کە هەرچەندە یەکتریش ناناسین بەلام لە ڕێگەی پێگەی ئەنتەرنێتی www.efrin.netو هاوکاریکردم بۆ وەدەستخستنی ناونیشانی مامۆستا مرشد الیوسف.

بەهەمان شێوە سوپاسی بێپایانی مامۆستا مرشد الیوسف دەکەم کە لەڕێگەی خاتوو ( دلشا یوسفی ) خوشکییەوە، ڕەزامەندی خۆی پێراگەیاندم بۆ وەرگێڕانی کتێبەکەی و دەستخۆشیشی لێکردم و هەموو کتێبەکەی جارێکی دیکە بۆ ناردمەوە لەڕێگای خاتوو دلشای خوشکیەوە.

بەهەمان شێوەش سوپاسی خاتوو دلشایوسف دەکەم کە هاوکاری و کارئاسانیی زۆری پێشکەشکردم لەوەرگێڕانی هەندێ وشە و زاراوەدا و هانیشدام و دەستخۆشیشی لێکردم بۆ ئەو کارەم. لەیەزدان داواکارم کە هەموانیان لەشساغ و تەمەن درێژ بن لە ژیاندا و بە ئاواتەکانیان بگەن.

لە کۆتاییشدا جێگەی خۆیەتی کە سوپاسگوزاریم بۆ هاوسەری خۆشەویستم دووپات بکەمەوە کە هاندەرێکی زۆر گەورە و ڕەخسێنەرێکی زۆر باشی کەشو هەوایەکی ئارام و بێدەنگ بوو بۆم لەکاتی کارکردنمدا لەم کتێبەدا بەدرێژایی ٤٧ ڕۆژ و هەموو کاتەکانی تریش. بەدڵنیایی دەڵێم کە گەر ئەم هاوسەرەم نەبوایە هەرگیز نەمدەتوانی توخنی قەڵەم و نوسین و خوێندنەوە بکەوم. بۆیە قەرزارباریم تا ماوم..

لەگەڵ ڕێزی ........

نەوزادی موهەندیس

سلێمانی

٢٠١٢/٥/٧

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# پێشەکیی نوسەر

گەر چاوێك بخشێنینەوە بە سیمای گەشەکردنی بیری ئوستورەناسی(میتۆلۆژیا) و ڕۆحانەتی و لاهوتی کوردیی سەرەتاییدا و پێشکەوتنیشی بەدرێژایی قۆناغە یەك لەدوایەکەکاندا لە ڕێگەی دۆزراوە کۆنەکان لە جێگا جیاوازەکانی وڵاتی کورددا دەبینین کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ کورد ڕۆڵێکی پێشەنگی بینیوە لە مێژووی ڕۆحانەتی مرۆڤایەتیدا بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش مێژووی لاهوتی لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیادا.

هەریەکە لە چاخی بەردینی نوێ و چاخی سەرەتای مێژوو و چاخی مێژووی کۆن بەو پێیەی کە لەچاخە زۆر گەشەکردوەکانن لە ئوستورەناسی و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کوردیدا. ئەم چاخانە شایستەترن لەسەر گێڕانەوەی بۆچوونەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردی کۆن، بەتایبەتیش لەبواری ڕۆحانیەت و میتۆلۆژیدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی باوەڕی دومۆزی (مەلەك تاووس) ی کوردی سۆمەری لە هەزارەی سێیەمی پ.ز، بیری ئایینی کوردی گەیشتە لوتکەی دانایی و پێگەیشتن و داهێنان، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەکانی سەرەتاکانی گەردوون و ژیان و مردن و لەدایکبوون و چارەنووسەوە.

لەهەزارەی دووەمی پ.ز باوەڕی ئیبراهیمی کوردی دەرکەوت کە بووە بنچینەیەکی ڕۆحی بۆ ئایینی هندۆسی و دیانەتە ئاسمانییەکانی دیش، لە یەهودیەت و مەسیحییەت و ئیسلام.

دوانەیی ( DUALISM ) کە بنچینەی ئایینی کوردی زەردەشتی پێکدێنێت، وادادەنرێت لە گرنگترین بەرهەمەکانی باوەڕی ئایینی کوردیی کۆنە کە تائێستاش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە ژیاندا، لە زانستی دەروونناسی و فەلسەفەشدا هەتاکو سەردەمی ئێستاش.

سەرەڕای زۆربوونی دۆزەرەوە پاشماوە دێرینەکان لە کوردستان، بەڵام ئەوەی تیایدا پەیوەستە بەلایەنی ڕۆحییەوە جێگەی ڕەزامەندی نیە بەهێندەی ئەوەی کە هاوکاریمان بکات لە دروستبوونی باوەڕێکی گشتگیر لەبارەی ئوستورەناسی و لاهوتی کۆنی کوردی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کارێکی زۆر نەکردەیە کە بتوانرێت زانیاری وورد لەبارەی هەموو لایەکی باوەڕی کوردی دەستبکەوێت لە شارستانیەکدا کە بۆ هەزاران ساڵ درێژبۆتەوە. کە تیایدا کوردستان ڕووبەڕووی هەڵکشان و داکشانێکی زۆر بۆتەوە، کە ئەم کارە ڕووبەڕوی سەرلێشوانمان دەکاتەوە لەبەردەم دەیان بەڵکو سەدان پرسیار کە پێویستە وەڵامیان بدەینەوە.

لەکاتێکدا وەڵامی یەکێك لەو پرسیارانەمان دەست دەکەوێت، ئەو وەڵامە بەخێرایی دەمانبات بۆ تەنگژەی گەورەتر. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دۆزینەوە نوێکانی پاشماوە دێرینەکان هەمیشە

لەبەردەم ڕاستیی نویّ و گۆڕاودا دامانده‌نیّن. گرنگ لیّرەدا ئەوەیە کە بڕیاری هەڵەشە دەرنەکەین.

کاریّکی سەیر نابیّت کە لەم ڕۆژگارەدا ویّنەی ئەو گرنگیپیّدانە ببینین لەلایەن گەلانی جیاوازەوە بەم بوارە لە ژیانی کۆمەڵگاکان، بەتایبەتیش گەر بزانین کە کیّشە کوردییە نویّکانمان ڕەگوڕیشەی بۆ ڕابووردومان دەگەڕیّتەوە.

لیّرەدا جیّگەی خۆیەتی کە سوپاسی هەمو ئەو کەسانە بکەم کە دەستی هاوکارییان بۆ دریّژکردووم لەبارەی هەندیّ مەسەلەی پەیوەست بە باوەڕی ئیّزدییەتەوە.

هەروەها سوپاسی مامۆستا محمد اسماعیل دەکەم کە هاوکاری کردم لە وەرگیّڕانی هەندیّ گوتەی ئیّزیدیی پیرۆز لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

پیّزانینی زۆریشم بۆ دایکی بەیار کە لە گەڵمدا و بۆ ماوەی چەند ساڵ ماندووبوونی بەدواگەڕان و لیّکۆڵینەوەی لەگەڵمدا بەشکردووە و ئەرکی بەسەرداچوونەوەی ئەم کتیّبەشی لە ڕووی زمانەوانییەوە گرتە ئەستۆی خۆی.

**نووسەر**

# دەروازە

ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و دانەران لەبارەی ئایینی کوردی ئێزیدی نوسیویانە، لەڕووی سەرهەڵدانی و دابونەریتەکانی و ماندوبونێکی زۆریان بەخشیوە بۆ ئاسانکردنی شاراوەکانی و مێژووەکەی و پێگەی لەسەر نەخشەی بیروباوەڕە ئایینیە کۆنەکان، توانیویانە کە لایەنێکی زۆر گەورەی شاراوەی ئاشکرا بکەن و بەتایبەتیش ئەم کەسانە:

- صدیق دەمەلوەچی لە کتێبی/ الیزیدیة – موصل- چاپخانەی الاتحاد ۱۹۹۲.
- دەروێش حەسۆ لە کتێبی الازداهیون الایزیدیون (ئەڵمانیا- بۆن ۱۹۹۲).
- دکتۆر محەمەد عەلی ئەلزوعبی لەکتێبی وصایا الشیخان (بەیروت/ دەزگای ئەلزوعبی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن).
- عەبدولڕەزاق ئەلحوسەینی لە کتێبی ئێزیدیەکان لە ئێستا و ڕابووردویاندا/ چاپی شەشەم / بغداد/ خانەی کتێبی نوێ ۱۹۷٤.
- دکتۆر خەلەف جەواد لە کتێبی الیزیدیة والیزیدیون، خانەی حیوار بۆ بڵاوکردنەوە-لازقیە-سوریا-۱۹۹٥.
- جۆرج حەبیب لە کتێبی الیزیدیة – بقایا دین قدیم -۱۹۹٦- خانەی بەترا بۆ چاپ –دمشق.
- ئەحمەد تەیمور پاشا لە کتێبی الیزیدیة ومنشاء نحلتهم- قاهیرە ۱۳٥۲ ه.

– سەعید دێوەچی لە کتێبی الیزیدیة بەشی یەکەم موصڵ ١٩٤٩ ز.

– عەلی عابد لە بابەتێکدا کە بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری مواسم (لە وەڵامی فەرحان مەرعی) دا، گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە لە جزیرە دەردەچێت- قامشلی/ ژمارە ٥ و٦ ی ساڵی ١٩٩٥ز.

– یەعقوب سەرکیس لە کتێبی مباحث عراقیة ( بغداد ١٩٤٧).

– ئیسماعیل چۆل لە کتێبی الیزیدیة قدیما و حدیثا ( بەیروت ١٩٣٤ ز).

مافی کەس پێشێل ناکەین ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانە بریتین لە دووبارەکردنەوە و گێڕانەوەی ئەو کتێبانەی کە نوسەرانی ئیسلام لە پێشدا نوسیویانن وەك:-

-ابن الاثیر ( عیزەدین ئەبولحەسەن عەلی کوڕی محەمەد ٦٣٠هـ،١٢٣٠ ز لە کتێبی: الکامل فی التاریخ/نۆرنبێرگ –ئۆبسالە ١٨٥١ ز.

- ابن خەلەکان ( القاضی ئەحمەد ٦٨١ هـ-١٢٨٢ ز لە کتێبی وفیات الاعیان/ چاپخانەی بولاق ١٢٧٥ ز)

-ابن العبری (ئەبولفەرەج گریگۆریس ٦٨٥ هـ-١٢٨٦ ز لە کتێبی تاریخ مختصر الدول – چاپخانەی بوکول –ئۆکسفۆرد ١٦٣٣ز)

-ابن تیمیە ( تەقیەدین ئەبولعەباس ئەلحەرانی ٧٢٨ هـ-١٣٢٧ز. لە کتێبی الرسالة السنیة الی الطائفة العدویة. نسخة خطیة فة خزانة الاوقاف العامة فی بغداد وتحت رقم ٨٧٠٠٢/١.

- ابن الفوطی ( **کەمالەدین ئەبولفەزل عەبدولڕەزاق** ٧٦٣ ه-١٣٢٣ز). فی کتاب الحوادث الجامعة والتجارب النافعة فی المائة السابقة،تحقیق الدکتۆر مصطفی جواد-بغداد ١٩٥١ز.

-ابن کثیر ( **عیمادەدین** ٧٧٤ هجری -١٣٧٢ز) **لەکتێبی**: البدایة والنهایة فی التاریخ -قاهرة ١٣٥٨ ه.

- ابو الفداء( **پاشا عیمادەدین** ٧٣٢ه-١٣٣١ز) **له کتێبی المختصر فی اخبار البشر -چاپی ڕیشلی- کۆپنهاگێن ١٧٩١ز.**

- **ئەولیا چەلەبی تورکی ١٦٧٩ ز لەکتێبی: سیاحەتنامە سی ١٣١٧ ه ئەستانبول/وەرگێڕانی مامۆستا عباس العزاوی.**

- **شەرەف خانی بەدلیسی ( شەرەفنامە- تاریخ الدول و الامارات الکردیه -بیروت ١٨٧٦ز، وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی ١٩٦٣ز.**

**خۆمم لەبەردەم ئەم لێکۆڵینەوە زۆروزەوەند و بەدواداچون و گریمانە تێکچڕژاوانەدا لەبارەی ئایینی کوردی ئێزیدی، بینیوە کە دەبێت بەشدارییەك بکەم بەشێوەیەکی زانستی و بە بەرنامە و بابەتیانە بۆ ئەوەی بتوانم ڕاستییەکان بسەلمێنم لەبارەی بنچینەی ئایینە کوردییەکان، بەتایبەتیش ئایینی کوردیی ئێزیدی و گەشەکردنەکانی بەگوێرەی کات، لە دوای چەندین ساڵ لەگەڕان و لێکۆڵینەوە بە پێویستم زانی بگەڕێم بەدوای سەرچاوە بنەڕەتییەکاندا لە مۆزەخانە جیهانییەکاندا کە زۆرێك لە گەنجینە دێرینەکان لەخۆ دەگرن**

ئەوانەی تایبەتن بە کوردستان و میسۆپۆتامیا و ڕۆژئاوای ئاسیا، وەك مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس و مۆزەخانەی ڤاتیکان و مۆزەخانەکانی ڕۆما لە ئیتالیا و مۆزەخانەی هونەر و مێژوو لە ئەسینا و مۆزەخانەکانی بەریتانیا و سویسرا و نەمسا و قوبرس و بۆلگاریا و عێراق و ئوردون و لوبنان، سەرەڕای هەردوو مۆزەخانەی دمشق و حەڵەب لە سوریا.

سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی ئەو مۆزەخانانە بەکەلوپەلە گرانبەها دێرینەکانی تایبەت بە ناوچەی کوردستان، خۆمم بینیەوە وەك ئەو کەسەی کە بەدوای دەرزیەکدا دەگەڕێت لە کادێندا. گەر ڕێکەوتێکی خۆش و باش نەبوایە کە تیایدا مامۆستا دکتۆر علی ابو عسافم ناسی ئەوا هەموو هەوڵەکانم بەفیڕۆ دەچوون و وای لێدەکردم کە بابەتەکەم لەبیربچێتەوە و بەمەش وەك گرێیەك لەسەر دڵم دەمایەوە.

لەساڵی ١٩٨٦دا و لەمیانەی خوێندنم لە دبلۆمی خوێندنی باڵا لەزانستی شوێنەوارە دێرینەکاندا لە زانکۆی دیمەشق، مامۆستای بەڕێزم دکتۆر عەلی ئەبو عەساف کە لەو کاتەدا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی سوریای هەبوو، سەرچاوەیەکی گرنگی پێشکەشکردم بەناونیشانی "تەموز- باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون لەهونەری رۆژهەڵاتی کۆندا". لە دانانی زانای شوێنەوارناسیی ئەڵمانی بەناوبانگ ئانتوان مۆرتکارت لە وەرگێڕان و ووردبونەوەی دکتۆر تۆفیق سلێمان ١٩٨٥ لەبڵاوکراوەکانی خانەی المجد بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردن لە دیمەشق. کە بەم کارەی ئۆخژنی بۆ دڵ

و دەروونمدا هێنانەیەوە بە ناوەڕۆکەکەی و بابەتە زانستییەکانی و شوێنەوارزانییە بەنرخەکانی کە لەمیانەیاندا مامۆستا ئەنتوان مۆرتکارت چارەسەری باوەڕی خواوەندی سۆمەری دوموزی کردوە.
چەند جار ئەم کتێبەم خوێندەوە و گەیشتمە ئەنجامێکی زانستی کە بریتیە لەوەی کە دوموزی بریتییە لە مەلەك تاووس. باوەڕی دوموزی( باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون)ە بە بێگومان بریتیە لە باوەڕی ئایینی ئێزیدی. هەروەها زۆر سوودم لە لێکۆڵینەوەکانی مامۆستا فراس سواح کرد تایبەت بەم مەسەلەیە و بەتایبەتیش کتێبەکەی- سەرکێشی ژیری یەکەمین –لێکۆڵینەوەیەك لە "ئەفسانە"- سوریا و وڵاتی نێوچۆمان. بەهەمان شێوە سوودی زۆرم وەرگرت لە لێکۆڵینەوەکانی زانای شوێنەوارناسی ئەمریکی د.سامۆئیل کرامەر، بەتایبەتیش کتێبە بە نرخەکەی"تابلۆکانی سۆمەر" لە وەرگێڕانی مامۆستا تەها باقر. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای فرانکلین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. هەروەها سوودم بینی لە لێکۆڵینەوەکانی نوسەری گەورەی ئەمریکی وولّ ل.دیورانت و بە تایبەتیش کتێبەکەی" چیرۆکی شارستانی لەبارەی ئایینی کوردی زەردەشتی" هەروەها پشتیشم بەستوە بە **کتێبی پیرۆز** و **قورئانی پیرۆزیش** وەك دوو سەرچاوەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەم لەبارەی ئایینی کوردی ئیبراهیمی. بەشێوەیەکی گشتی سوودم بینیوە لە سەرچاوە زانستییە سەرەکییەکانی دیکەیش کە لە پەراوێزی کتێبەکەمدا ناوم بردوون.

بەڕاستی دەڵێم گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ئایینی کوردیی کۆن و بەتایبەتیش ئایینی ئێزیدی کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ هەزاران ساڵ درێژ دەبێتەوە بە قووڵایی مێژووی کورددا. کارێکی سانا نیە، بانگەشەی ئەوەش ناکەم کە توانیومە وڵامی هەموو پرسیارە گەورەکانم دابێتەوە کە پەیوەستن بەم ئایینە کوردییە دێرینەوە.

❁ ❁ ❁

# کورتەیەك
# لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەی
# ئوستورەناسی
# و ئایینی کوردیی کۆن

## بەشی یەکەم

# کورتەیەك
# لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی
# ئوستورەناسی و ئایینی کوردیی کۆن

گەر وێنایەکی نەخشەی ئایینەکان بێنینە بەرچاوی خۆمان لە ئێستادا، ئەوا فرەیی و جیاوازی لە بیروباوەڕ و سیمبۆل و کەشوهەوا و شێوازی بەندایەتیەکان لە دیارترین سیماکانێتی. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کێشە ڕۆحیەکان و لاهوتییە ئایینیەکان کە ماونەتەوە لەدێرزەمانەوە و تائێستا و بە بەردەوامی سێبەری چڕی خۆیان دەخەنە سەر بیری مرۆڤی سەردەم. ئەمەش گفتوگۆیەکی زۆر دەهەژێنێت و پانتاییەکی گەورە لە جیاوازی دەگرێتەوە، تەنانەت لە فەلسەفەی ئایینە ئاسمانیەکانیشدا. سەرەڕای پێشکەوتنی گەورە لە زانستی ژیان و ئەنترۆپۆلۆجیا و زانستەکانی ئایینەکان و شوێنەوار و مێژوودا بەڵام بیر و ئەندێشە مۆدێرن و سەردەمیەکان کە پەیوەستن بە سەرهەڵدانی ئوستورەناسی ١ و ئایینەکان و پێشکەوتنیانەوە تا ئێستا بێدەسەڵاتە تاڕادەیەکی زۆر لە گەیشتن بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی چۆنێتی سەرهەڵدانی بیری ئایینی سەرەتایی، هەموو ئەوانەی کە دەوترێت لەبارەی ئەو مەسەلەیە،شتێك نیە تەنها

دەرئەنجام و گریمانەن کە ناگاتە ئاستی بیردۆزە زانستیەکان، کە زانا ئایینی و لاهوتیەکان پێیگەیشتوون لە دۆزینەوەی شوێنەوارە شارستانێتەکانی پێش ـ مێژوو ( پێش دۆزینەوەی نوسین) کە لە ڕاستیدا پیشانمان نادەن کە خاوەنەکانیان چۆن بیریان کردۆتەوە یان چۆن بیروباوەڕە ئایینیەکانیان سەری هەڵداوە.٢

تێوری ناسراو بەمەزهەبی ڕۆحانیەت (ANIMISM) کە خاوەنەکەی زانای ئینگلیزی ئێدوارد تایلۆر ( TYLOR) ١٨٣٢-١٩١٧. وادەبینێت کە ونکردنی لاشە بۆ ژیان هۆیەکی ڕاستەوخۆیە لەدوای بڕوابوونی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە کەوا گیانێك ( ANIMA) یان ڕۆحێك لەناو لەشدا جێگیرە و لەکاتی مردندا لێی جیادەبێتەوە.

---

١. (میتۆلۆجیا)ئوستورەناسی : وشەیەکی یۆنانیە بە مانای زانستی ئوستورەکان دێت و لە دوو وشە پێکدێت: میپۆس بەمانای چیرۆك و لۆجی بەمانای زانست دێت.

٢. بڕوانە کتێبی گەڕانی توخمی مرۆڤ بەدوای خوادا

newyourk usa ١٩٩٠،brocklin

ئەو مرۆڤانە بەلای تایلۆرەوە بڕوایان وابووە کەوا ڕۆح دوای مردنیش بەردەوام دەبێت لەسەر ژیان و دەچێتە بونەوەرە سروشتییەکانەوە، وەك دار و درەخت و ڕووبارەکان و بەرد و شاخ و ...هتد.

بەم شێوەیە مردووەکان و بونەوەرەکانیش کە دەوترا ڕۆح تیایاندا جێگیرە بوونە خوداوەند و مرۆڤەکان دەستیانکرد بە پەرستنیان، بەم شێوەیە ئایین لەدایك بووە بەلای تایلۆرەوە.

لەکاتێکی دیکەدا زانای ئینترۆپۆلۆجی ئینگلیزی مارت(**R.R.MART**) ١٨٦٦- ١٩٤٣، ئەم تێوریيەی گەشەپێدا و ناوی لێنا تێوری زیندوێتی مادە( **ANIMITISM** ) و دەڵێت : مرۆڤە سەرەتاییەکان بڕوایان بەهێزێکی دەرەکی ( ناخودی) هەبووە یان هێزێکی بالآدەست لە سرووشت کە هەموو شتێك دەژێنێت. بەم شێوەیە ئایین گەشەی کرد لەلای مارت.

زانای نەمساویی بەناوبانگ فرۆید( **FREUD**) ١٨٥٦ لەبارەی ئەو مەسەلەیە ڕایگەیاند لە کتێبی " تەوتەم و حرام "دا دەڵێت:

ئایینی سەرەتایی هاتە بوون لە ئەنجامی نەخۆشییەکی دەرونییەوە کە پەیوەندیی هەیە بە کەسایەتی باوکی دەسەڵاتدارەوە لە خێزانی سەرەتاییدا، منداڵەکان ( بەلای فرۆیدەوە) کە هەڵگەڕانەوە لە دژی باوکیان، و کوشتیان لەپێناوی بەدەستهێنانی هێز و ئەزمونەکەی، لەدواتردا بە پاڵنەری لێخۆشبوون و پەشیمان بونەوەیان لەو تاوانە قێزەونەی کە ئەنجامیان داوە، چەند داب و نەریتێکی ئایینیان داهێناوە، لێرەدا باوك( بەلای فرۆیدەوە) بووە بە خواوەند.

تێوریەکی زانای ئۆسکرتلەندی جێمس فرایزەر ٣ هەیە ( **FRAYZER**١٨٥٤-١٩٤٠) کە دەڵێت :

ئایین هاتۆتە بوون لە ئەنجامی جادوگەرییەوە، بەلای فرایزەرەوە مرۆڤی کۆن هەوڵی دەستبەسەراگرتنی چواردەوری خۆی داوە بە دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە بینیویەتی لە بوونی سرووشتدا، بۆ نمونە بڕوای وابووە کە مرۆڤ دەتوانێت باران ببارێنێت بە نواندنی دەرکەوتێك لەسەر زەوی.

هەروەها فرایزەر وای دەبینێت، کە مرۆڤە کۆنەکان بڕوایان وابووە کەهێزێك لەسەرووی سروشتەوە هەیە کە پێویستە دڵی ڕازیبکات لە جیاتی ئەوەی هەوڵبدات کە دەستی بەسەردا بگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە( دابونەریتی ئایینی)ێکی دیاریکراو سەری هەڵدا کە لە توانایدایە ئەو هێزە ڕازیبکات.

بەلای فرایزەرەوە بەم شێوەیە ئایین گەشەی کرد و سەریهەڵدا.

لەبەرئەوەی کە ناتوانرێت تێورییەکی ڕاست دەستبخرێت، تەنها لە تێورییەکی ڕاستەوە نەبێت ئەوا بە ئاگابوون لەمەسەلەی

---

٣. کورتە مێژووی ئایینەکان: فیلیسان شیالی ،لاپەڕە ٣٨-٣٩ وەرگێڕانی، حافظ الجمالی.

سەرهەڵدانی ئایین ئامانجێکە کە تائێستا پەی پێنەبراوە. ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە نووسەرەکانی ئایینەکان لە مێژووی کۆندا و تاکو ئێستاش لە جیهاندا جەختی لەسەر دەکەنەوە کە دەڵێن :

( نوسەری نویٚ بۆ ئایینەکان وادەزانیٚت گەیشتن بە میٚژووی سەرهەلّدانی ئایین کاریٚکی سەخت و نەکردەیە).

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا کەمیٚك ویٚنای لەبارەی چۆنیٚتی سەرهەلّدانی ئوستورەناسیی سەرەتایی گۆڕدرا بە تایبەتیش لە دوای لیٚکۆلّینەوە و بەدوادا گەڕان کە ژمارەیی نوسراوە بزمارییەجیاوازەکانی گرتەوە کە پەیوەندیی هەیە بە ئوستورەناسی و ئەفسانە کۆنەکانەوە کە بنچینە و سەرچاوەی بیروباوەڕە ئایینیە کۆنەکانن لە رۆژهەلاّتی کۆندا.

ئەفسانەکان بەشیٚوازیٚکی پەسەندکراو هەوالّەکانمان پیٚدەگەیەنن لەبارەی خەونەکانی مرۆڤی کۆن و بیرکردنەوە و تیٚڕوانین و لیٚووردبونەوەکان و دانایی و بۆچوونەکانی بۆ تیٚگەیشتنی ڕووداوەکانی و دروستبون و گەردوون و ژیان و خواوەندەکان.

بەم مانایە ئەفسانە چەقی قورسایی داگیر دەکات لە بیروباوەڕە کوردییە کۆنەکاندا، سەرەڕای بونی ململانیٚ نەتەوەییە کاولکارییەکان لە کوردستان بەدریٚژایی هەزاران سالّ ، بەلاّم کاریگەری نەخستۆتە سەر یەکیٚتی بیری میتۆلۆجیی ئایینی کوردی کۆن نەشبۆتە بناغەی بیروباوەڕە ئایینیەکان لە ناوچەی میسۆپۆتامیا و ڕۆژئاوای ئاسیا بە تیٚکڕایی. خۆ ئەگەر لە ئیٚستادا پەیبردن بە ئوستورەناسیی کوردی و دانانی لە جیٚگەی خۆیدا لە چوارچیٚوە میٚژووییەکەیدا لەو کاتەی سەریهەلّداوە کاریٚکی گران بیٚت، بەلاّم دیاریکردنی بۆچوونەکانی مرۆڤی کوردی ئایینی سەرەتایی کاریٚکی سەخت نیە لە دەسپیٚکی

سەدەی بەردینی تازەوە ٤ بەو سیفەتەی کە سەدەی زێڕین بوو کە تیایدا هوشیاریی کوردی گشتی دەرکەوت و هوشیاریی ئوستورەناسی (دوای ئەوەی کە لە سەدەی ڕابووردوودا تەوتەمی ٥ بوو کە لەگەڵیدا کاردانەوەی خۆڕسکی هەبوو بەرامبەر کارتێکەرەکان و ئاگادارکەرەوە ناوخۆی و دەرەکییەکانەوە).بەشێوەیەك هەموو سەردەمێك لەسەردەمەکان وڵامی پرسیارە گەورەکان دەداتەوە کە پەیوەستە بەژیانی ڕۆحەکانەوە.

بیرمەندە کوردستانییەکانی کۆن وڵامەکانیان بە زمانێکی هونەری پێشکەشکردووە ٦ ، وێنەکان و پەیکەرەکان و شێوازی ناشتن و جێگای بەندایەتیەکان کە بریتیبوون لە گۆڕەپانی دابونەریتە ئایینیەکان گەواهین لەسەر ئەم ڕاستییە.

---

٤. بڕوانە کتێبی سەدەکانی پێش مێژوو،د.سوڵتان محیسن /دمشق.

٥. تەوتەم: زارەوەیەکی لاهوتییە بۆ بونەوەر و شتەکان بەکار دەهێنرێت کە مرۆڤە کۆنەکان دایانناون وەك خواوەند و پەرستراوەکان یان ڕۆحی شاراوەی خواکان.

٦. کتێبی هوشیاری و هونەر: گۆرگی گاتشیف، وەرگێڕانی نوفل نیوف، زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٤٦.

ئەو شتەی کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت ئەوەیە کە ئوستورەناسی پێشکەوتوە لەسەرخۆ بەرەوپێشچووە لە کوردستاندا ، و پەرستنی خواوەندی دایك و ڕۆحی باپیران و ئاژەڵە ماڵییەکان وەك گا و بزن،

بڕوابوون بە ژیانی دوای مردن بریتیبوون لە گەوهەری بیروباوەڕەکانی مرۆڤی کورد لەسەدەی بەردینی تازەدا ( ۹۰۰۰ساڵ پ.ز ).لەبەرئەوەی بەزۆری هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی پەیکەری خواوەندی دایك و ئێسکی سەری باو و باپیران و لێبوکی پیرۆز بۆ ئاژەڵە ماڵییەکان کە لە زۆر جێگە و نیشتەجێبووەکان هەن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناوبراو وەك :

- جێگەی نیشتەجێی نیڤالی تشوری ۷

( نوالای شوری) لە کوردستانی باکور( تورکیا) لەنزیك ئۆرفەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بەردینی تازە ۸۲۰۰ پ. ز. بەپێی بۆچوونی هەندێ لە زاناکان لە زانکۆی هایدلبێرگی ئەڵمانی نیشنگەی نوالا شوری لە کۆنترین جێگە نیشتەجێ مرۆییەکانە کە توانراوە بیدۆزنەوە تاکو ئێستا، کاتێك لەم نشینگەیەدا پەرستگایەك دەرکەوت کە چەند پایەیەکی تیادایە لەسەر شێوەی مرۆڤ و لەگەڵ پەیکەر لەسەر شێوەی هەیکەلی

---

۷. گۆڤاری بیرو هونەری ئەڵمانی : ژمارە ٦١ ساڵی ۱۹۹۵، بابەتێکی نوسەر میشێل شتیهاوزن.

کەللەسەری ئاسایی کە دوو لێوی ئەستوور یان دەمێکی نوکتیژیان هەبوو.

ئەم هەیکەلی کەللەسەرانە لە چاڵێکی ژێرزەویدا دۆزرانەوە کە ئەمەش بەلگەیە بۆ بلاوبونەوەی پەرستنی ڕۆحی باو باپیران لە ئایینی کوردیی کۆندا.

- نشینگەی زاوی شەمسی ٨

( ٨٠٠٠ ساڵ پ. ز) لەشاخی زاگرۆس ( کوردستانی عێراق) کە بازێکی شارستانی گەورەی لە مێژینەی تیادا بەدی دەکرێت، ئەویش بریتیە لەوەی کە مرۆڤی کوردی ژیانی نشینگەی ناو ئەشکەوتەکانی بەجێهێشتوە لە ژێر زەویدا و هاتۆتە ناو ماڵ لەسەر ڕووی زەوی، ئەم گۆڕانکارییەش بۆ خۆی دادەنرێت بە گواستنەوەیەك بۆ سەدەیەکی نوێ و هەنگاوێکی پێشکەوتوە بەرەو بەشاریبوون. لەگەڵیشیدا بازێکی دراماتیك لەڕووی ئوستورەناسی و کۆمەلایەتیشەوە نا بەشێوەیەك کۆمەڵگای کوردی مردووەکانی لەناو گۆڕدا ناشتوە کە لەگەڵ مردوەکاندا چەکە بەردینەکان و پێداویستییە ڕۆژانەکانی لەگەڵدا خستۆتە گۆڕەکەوە کە ئەمەش یەکەم بەلگەیە لەسەر بوونی بیروباوەڕی ڕۆحیی وەستاو لەسەر بڕوابوون بە بەردەوامیی ژیان دوای مردن

---

٨.شارە یەکەمینەکان: گۆلاییف –وەرگێڕانی گارق معصرانی،دار التقدم، مۆسکۆ ١٩٨٩

یان بڕوابوون بە بوونی ژیانێكی نوێ ٩ . ئەم قۆناغەش نزیكەی ٢ هەزار ساڵی خایاندوە كە كاریگەرییەكانی گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات هەتا كەنارەكانی دەریای قەزوێن.

- نشینگەی كەریم شاهیر

( ٨٠٠٠ پ.ز) دەكەوێتە باشوری نشینگەی شەمسی زاوی، كە تیایدا پەیكەری بچووكی سك ئاوساو و سنگی ئافرەتان كە دروستكراون لە بەردی مەڕمەڕ دەركەوتن، سەرەڕای بوونی بازنگ و مۆر و خشڵ مووروی دوستكراو لە ئێسك و گوێچكە ماسی . هەروەك دوو ئێسكی كەللەسەری بزنی كێوی دۆزراونەتەوە كە لە درزێكی دیواردا دانرابوون لە سەر یەكتری. هەروەك بووكەڵەیەكی قوڕین دۆزرایەوە كە شێوەی ئاژەڵی وەك مەڕ و بزنی ڕیشداریان دەنواند.

بوونی ئەو پەیكەر و بوكەڵە ژنانەیە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتداری پەرستنی خواوەندی دایك، ئاوساوی سك و سنگ بەڵگەن لەسەر بەپیتی، هەروەك چۆن بوونی كاپۆڵی كەللەسەری بزن بەو شێوازە بەڵگەیە لەسەر داب و نەریتێكی ئایینی، بەڵگەشە لەسەر پیرۆزی بزنی كێوی كە سامانێكی ئابووریی كاریگەر بووە لەو قۆناغەدا١٠.

كوردستان لەو سەردەمەدا لە قۆناغێكی سەقامگیری ڕێژەیی كۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆحیدا ژیاوە، هاوشان لەگەڵ پیشەی

---

٩. سەدەكانی پێش مێژوو: د. سلگان محیسن.

١٠. سەرچاوەی پێشوو.

کشتوکاڵکردن و دروستکردنی گڵێنە و بەکارهێنانی لە بوارێکی فراواندا.

- نشینگەی گردی چەرموو و مەغزەلیە شمشمارا

لە ( کوردستانی باشور )( عێراق ) و نشینگەی تەپەکوڕە و تەپە ساراب لە کوردستانی رۆژهەڵات( ئێران).

لەگردی چەرموو کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی هەزارەی حەوتەمی پ.ز، زانای ئەمریکی بیرودوود لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا چەند خانویەکی دۆزییەوە کە لە قوڕ و بەرد دروستکرابوون و سەربانەکانیشی بە قامیش و قوڕ سواغدرابوون کە دەروازەیەکی چوونە ژوورەوەو حەوشەیەك و ژوورێکی نوستن و یەکێکی تر بۆ هەڵگرتنی کەلو پەلەکان هەبوون. خانوەکان تەنور و ئاگردانیان تیادا بوو. هەروەها **بیرودوود** زۆر لە بازنە و خەپلە و شەش پاڵوی قوڕینی دۆزییەوە کە بەکارهاتوون لە ژماردن و کاری ژمێریاریدا لە پەرستگاکاندا.

لەگردی مەغزەلیە ( ٧٥٠٠ پ. ز) کە دەکەوێتە سەر لوتکەی چیای شەنگار، زانا شوێنەوارناسەکان دیوارێکی بەردینیان دۆزییەوە کە بەرزییەکەی دەگاتە زیاتر لە ١/٥ مەتر و دەرگایەکی لە بەشی خۆرئاوایدا هەیە و دادەنرێت بە کۆنترین دیواری بەرگری ناسراو لە ڕۆژئاوای ئاسیادا.

لەگردی شمشمارا ( ٧٥٠٠ پ.ز) كە دەكەوێتە سەر كەناری ڕووباری زێی بچووك بۆ لای باكوری نشینگەی گردی چەرموو زاناكان لێرەدا ئەو كەلوپەلانەیان دۆزییەوە كە لە بەردی ئۆبیسیدانی هێنراو لەكانە بەردەكانی شاخی نەمرووودەوە و دەریاچەی وانەوە لە كوردستانی باكوور( توركیا)وە هێنرابوون. كە ئەمەش بەڵگەیەكە لەسەر یەكێتی شارستانێتی لە نێوان هەموو ناوچە كوردییەكاندا.

گرنگترین شت لەم سەدەیەدا، دەركەوتنی هەزارەها پەیكەرۆچكەی قوڕینی ژنانە بوو كە ئاماژەیە بۆ پێشكەوتنی چەمكی باوەڕی خواوەندی دایك لە كوردستاندا، بەشێوەیەك كە هەر خێزانێك پەیكەرێكی تایبەت بە خواوەندی دایكی داناوە كە ئەمەش گەیشتنە بە ترۆپكی پیرۆزی.

ئەم سەدەیە نزیكەی ٥٠٠ ساڵی خایاند لە ٦٥٠٠ پ.ز تا ٦٠٠٠ پ.ز كە ئارامی تیادا سەقامگیر بوو، گوندەكان كە كاری كشتوكاڵ و بەخێوكردنی ئاژەڵیان دەكرد بە شێوەیەكی ڕێكوپێك دروستكران، شارستانێتیەكی ڕێكوپێكی وەكیەكی تیادابڵاوبۆوە كە زۆربەی ناوچەكانی كوردستانیان گرتەوە.

لەسەرەتای سەدەی شەشەمی پ.ز گوندە كشتوكاڵیەكان لە لوتكەی چیاكانی تۆرۆس(ئارارات)دا گەشەیان كرد. دەركەوت كە لێكچوونێك هەیە لە نێوان ئەو گوندانەدا لەگەڵ ئەو گوندانەی كە دۆزرانەوە لە پێدەشتی باشوری شاخی تۆرۆسدا. هەروەك چۆن لێكچوونێك هەیە لە شێوازی شاردنەوەی مردوودا لەدەرەوەی ماڵەكاندا ١١ و ناشتنی

کاپۆڵ(جمجمە) ی سەری مرۆڤەکان بە تەنها لە نزیك ئاگردانەکانەوە دەشاردرانەوە ( کە ئەمە یەکەم ئاماژەیە بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر لە کوردستاندا لەو سەردەمەدا).

شاردنەوەی مردووەکان لە دەرەوەی ماڵی نیشتەجێبونەکان بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر بیروباوەڕە ڕۆحییەکان، و ناشتنی کاپۆڵەکان بە تەنها و لە نزیك ئاگردانەکانەوە جیا لە لاشەکان بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر پەرستنی ڕۆحی باب و باپیران لەو سەردەمەدا.

لەگردی تاینۆ(TAYONU) لەسەر لوتکەی چیای تۆرۆس ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی بە ڕوونی بەدەرخست، زاناکان لەو جێگەیەدا پەیکەری قوڕینی بچوکیان دۆزییەوە لەگەڵ کەلوپەلی ژمێرە و ژمێریاریدا و دانیشتوانی گردی شاینۆ لەگەڵ مردوەکانیاندا خشڵەکانشیان دەناشت.

لەنیوەی هەزارەی شەشەمی پ.ز گوندە کشتوکاڵییەکان جێگیر بوون و جۆرێك لە سەربەخۆیی شارستانی سەریهەڵدا، کشتوکاڵ بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆوە و گۆڕانێکی دیکە ڕووی دا، ئەویش گواستنەوەی دانیشتوانی نشینگە کشتوکاڵییەکان بوو لە باکوری

---

١١. سەرچاوەی پێشوو.

وڵاتی دوو ڕووبارەوە بۆ باشووری ١٢ تا ئێستا ناوەڕۆكی ئەو گواستنەوەیە نازانین لەڕاستیدا دەبێت بەهۆی هێرشكردنێكی دەرەكییەوە ڕوویدا بێت یان بەهۆی كەش و هەوایەكی وشكی دوورو درێژەوە بووبێت، كولتوری ئەو سەردەمە دەركەوت لە كۆمەڵێك جێگەی شوێنەواری كوردیدا وەك **یارم تەپە** و گردی **تلیلات** و **سۆگر** و تەپە ( باكوری عێراق و ڕۆژئاوای ئێران)، ڕۆشنبیری گردی **دەباغیە** لەسەر چیای شەنگار دادەنرێت بە باشترین نمونە بۆ كولتوری ئەو سەردەمە.

دانیشتوانی گردی **دەباغیە** خانوەكانیان لە قوڕ دروستكردوە بە بەكارهێنانی ( گەچ) و كلس و خانوەكانیان لە دوو ژوور یان سێ ژوور بەیەك شێوە و بۆ یەكەمجاریش لەم سەدەیەدا كەوانەی قوڕی بەدەركەوت بەو سیفەتەی كە شێوازێكی بیناكاری پێشكەوتوە. هەروەك چۆن وێنە دیوارییەكان كە بەڕەنگی سوور كێشرابوون دەركەوتن لەسەر وێنای كەری كێوی. هەروەك چۆن پەیكەری ژنان بە شێوازی جیاوازەوە دەركەوتن كە بە تێكڕایان بوونە گرنگترین شوێنەواری ئەو سەردەمە.

لە دەسپێكی هەزارەی پێنجەمی پ.ز بەكارهێنانی مس بڵاوبۆوە بە شێوەیەكی فراوان لە كوردستاندا، و داهێنانی شارستانی زۆر

---

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گرنگ دەركەوتن لە باكوری عێراق، و شاخی تۆرۆسدا ١٣.
شێوەی بیناكان باشتر بوون و جۆراوجۆر بوون، پەرستگاكان بۆ یەكەمجار بڵاوبونەوە كە ئەمەش بەڵگەی پێشكەوتنی رێكخستن بوو لە بیروباوەڕ و ئاكارە ئایینیەكاندا، هەروەك چۆن چەمكی خێزان و خێڵ ڕەگی داكوتا.
كولتوری **حلف** ( ئاماژەیە بە **گردی حلف** لە باشوری ڕۆژئاوای سەرچاوەوە لە كەناری ڕووباری **خاپور)** بە یەكەم كولتوری گشتگیر دادەنرێت لەو سەردەمەدا كە نزیكەی ١٠٠٠ ساڵ بەردەوام بوو و تیایدا پێشكەوتن ڕووی دا لە بیروباوەڕی ئایینیدا كە نمونەكانی دەبینرێن لەسەر تابلۆ بەردینەكان( بناغەكانی **گردی حلف** ) و دەتوانین كە بە هەندێ دابو نەریتی تازیەباری ئاشنا ببین كە لەو سەردەمەدا باوبووە لە ڕێگەی گۆڕەكانەوە كە مردووەكانیان تیادا ناشتوون لەسەر تەنیشت و بە ئەژنۆ نوشتانەوە،كە كەلوپەل و پێداویستییەكانیشی لەگەڵدا بووە كە لە ژیانیدا بەكاری هێناون، هەروەك چۆن گۆڕی دیكە دەركەوتن كە تەنها كاپۆڵی كەللەسەریان تیادا بووە، هەروەها پەیكەری خواوەندی دایك دەركەوت لەسەر شێوەی ژنێك كە بە ملوانەكەی سوور ڕازێنراوەتەوە لەكاتی دانیشتندا یان وەستاویدا یان بەشێوەی سێكسیی وروژێنەر (شێوەی ١)، كە ئەمەش

---

١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەلگەیەکی پێشکەوتوە لەسەر بەردەوامبوونی پەرستنی خواوەندی دایك و بەپیتی لەو سەردەمەدا.

لەنیوەی هەزارەی پێنجەمی پ. ز کولتوری حلف ون بوو ( بەبێ ئەوەی تا ئێستا هۆکاری ئەو ونبوونەی بزانین) سیماکانی جارێکی دیکە دەرکەوتنەوە دوای نزیکەی ٥٠٠ ساڵ واتە لە نیوەی دووەم لە هەزارەی پێنجەمی پ. ز لە باشووری وڵاتی دوو ڕووباردا لە جێگەی شارستانی شاری ئەریدۆی سۆمەری. زۆرێك لە زانا شوێنەوارناسەکان و ئەنترۆپۆلۆجیا و مێژوو لەو بڕوایەدان کە سۆمەرییەکان گەلێکی ناسامین و لە باکووری وڵاتی دوو ڕووبارەوە هاتوون ( ناوچە کوردییەکان ) بۆ باشوری وڵاتی دوو ڕووبار لەسەر شێوەی چەند قۆناغێکی کۆچکردن و لەگەڵ خۆشیاندا کولتورڕێکی پێشکەوتوی کوردیی باکووریان هەلگرتوە، بۆ ئەو زانایانە دەرکەوتوە کە لێکچونێکی گەورە هەیە لەنێوان گڵێنە سۆمەری و گڵێنەکانی حلفی کۆندا، سەرەڕای بوونی وێنەی بزنی کێوی و ئاسکی شاخدار کە دۆزراونەتەوە لە هەندێ جێگای سۆمەریدا ئەمەش هەمان ئەو ئاژەڵانەن کە لە کوردستان و لە شاخەکاندا ژیاون، هەروەها وێنەی درەختەکان وەك سەرو و سنەوبەر کە درەختی چیاکانی کوردستانن.[١٤]

---

١٤. سۆمەریەکان: سامی سعید الاحمد،ل ٦.

دکتۆر فازڵ عەبدالواحد کە مامۆستای سۆمەرییەکانە لە زانکۆی بەغداد و دەستێکی باڵای هەیە لە لێکۆڵینەوە سۆمەرییەکاندا جەخت دەکاتەوە و هیچ بواری گومانێك ناهێڵێتەوە کە سۆمەرییەکان درێژکراوەی گەلانی پێش مێژوون لە وڵاتی دوو ڕووباردا. ئەوان لە باکووری عێراقەوە هاتوون، لەدوای گەڕان و وردبوونەوە هیچ گەلێکمان نەدۆزییەوە کە بە بەردەوامی نیشتەجێی باکوری وڵاتی دوو ڕووبار بووبن لە هەزاران ساڵەوە و تاکو ئێستا جگە لە گەلی کورد نەبێت.

وشەی بڕگەکراوی سۆمەری (**UMA-DA-RAR-DA**) کەللەسەر پێپلیکانەکانی پەرستگای سۆمەری دۆزراونەتەوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ پ.ز لەلایەن زانای شوێنەوارناس دانجن وە ڕاڤەکراوە ( **DANGEN**) بەمانای ناوێکی جوگرافی هاتوە.

هەروەها زانای شوێنەوارناس درایڤەر ( **H.K.DRIVER** ) والێکیداوەتەوە کە وڵاتی کاردۆی سۆمەرییە و جێگەکەشی دیاریکردوە کە لە باشوری دەریاچەی وانەوە بووە. ئەو ناوچەیەش بریتییە لە بەشێك لە وڵاتی کورد کە سترابۆن ناوی بردوون و دەڵێت : کە هەمان کاردۆخییە کۆنەکانن، جێگەی نیشتەجێبونەکەیانی دیاریکردوە لە رۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و **تۆرۆس** و **سترابۆن** دەڵێت: ( شاخەکانیان پێی دەوترێت شاخەکانی کوردستان).

سۆمەرییەکان بە پێی دەقە بزمارییەکان بە ڕەمزی سۆمەری ( **KE-IN-CI**) دەناسرێن ئەم وشەیەش سۆمەرییە و لە ٣ بڕگە پێکدێت

كە لە سۆمەریدا بەمانای خاوەنەكانی زەوی دێن. لەزمانی كوردیشدا هەر بەگەورەی شوێن یان گەورەكانی زەوی دێن(KEIN CI) بەداخەوە لێرەدا زاناكانی شوێنەوار و زمانەكان بە كۆمەڵە هۆكارێك كە نایزانین بەراوردیان نەكردووە لە نێوان زمانی سۆمەری و زمانی كوردیدا ئەگەر ئەو كارەیان بكردایە ئەوا ئاسۆیەكی فراوان لە بەردەمیاندا دەكرایەوە و گریمان و گفتوگۆكان كۆتاییان پێدەهات لەبارەی بنەچەی سۆمەرییەكان و زمانە پێوە لكێنراوەكانیش، بە بڕوای من( نوسەر ) هەردوو زمانی كوردی و سۆمەری لە بنەچەیەكن و لە یەك دەچن لە ئاخاوتن و مانا و ڕێزمانیشدا، لەزۆر وشەدا هاوجووتن، لە هەردوو زمانەكەدا وشە لە ڕەگ و گرێ پێكدێن و مانای وشە دەگۆڕێت بە زیادكردنی بڕگەیەك یان زیاتر بۆ یەك ڕەگ بۆ ئەوەی مانایەكی دیاریكراو بدات ١٥ وەك ڕەگی( DAR) كە بەمانای تەختە دێت گەر بڕگەی (ÎSTAN) ی بۆ زیادبكرێت دەبێتە (DARISTAN) كە لە زمانی كوردیدا بە مانای دارستان دێت،

---

١٥. بگەڕێوە بۆ گۆڤاری مەتین، ژمارەكانی ٧٣ و٧٤و٧٥و٧٦. لێكۆڵینەوەیەكە لەلایەن مامۆستا مسعود سعید یاسین ئامادەكراوە.

خۆ ئەگەر بۆ هەمان ڕەگ بڕگەی (BEST) زیادکرا دەبێتە (DARBEST) بەمانای داری مردوو دێت ئەو دارەی کە مردووی لەسەر هەڵدەگیرێت بۆ گۆڕستان، لەبەرکەمیی زاراوەی سۆمەری دۆزراوە و هەبوو لە بەردەستماندا ئەوا زۆربەی ئەو زاراوانەی کە هەن لە ڕووی ئاخاوتن وماناوە هاوجووت دەبن لەگەڵ زاراوە کوردییەکاندا، لەخوارەوە هەندێك نمونەی بەراوردکاری دێنینەوە لە نێوان وشەی سۆمەری و کوردیدا کە هاوجووتن تەنها وەك نموونە: ١٦

- وشەی اوتنابشیتم ( OTENE BIJÎTIM ) ناوی قارەمانێکی ئەفسانەی لافاوی سۆمەرییەکانە و ماناکەی بە سۆمەری بریتیە لە تاکە پیاوەکە بە نەمری دەمێنێتەوە کە لە ٣ بڕگە پێك هاتوە ( ئو ـ تنا ـ بشتیم ) لەڕووی ئاخاوتن و ماناوە هاوجووتە لەگەڵ وشەیەکی کوردیدا ئوتنابشیتم. کە هەمان مانا دەدات بەمانای بەتەنها بەنەمری دەژی.

- وشەی گاڵ ( GAL ) ی سۆمەری بەمانای گەورە دێت، لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە هاوجووتە لەگەڵ وشەی ( GAL) بەهەمان شێوە بەمانای گەورە دێت ( لەتەمەندا- گەورەی خێزان ـ گەورە لەڕووی گرنگیەوە).

---

١٦. سەرچاوەی پێشوو، کتێبی سۆمەر و ئەکەد،د.ودیع بشور . دمشق ١٩٩١.

– وشەی جیمی ( CIMÊ ) لە سۆمەریدا بەمانای ( دایکم ) دێت. کە هاوجووتە لە ئاخاوتن و مانادا لەگەڵ وشەی کوردی ( CAMI ) کە بەمانای دایکم دێت.

– وشەی چین ( GIN ) ی سۆمەری کە بەمانای دەڕوات دێت. لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە هاوجووتە لەگەڵ وشەی چوین (ÇWÎN ) ی کوردیدا کە بەمانای دەڕوات ـ ڕۆیشتن دێت.

– وشەی جە ( CEH ) ی سۆمەری کە بەمانای جۆ دێت (جۆرێکە لە دەغڵ و دان ) هاوجووتە لە مانا و ئاخاوتندا لەگەڵ وشەی کوردی جە ( CEH ) کە بەهەمان شێوە بە مانای جۆ دێت.

– وشەی خو ( XU ) ی سۆمەری کە مانای دەخوات دەگەیەنێت. هاوجووتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی خو ( XU ) کە مانای خواردن یان دەخوات یان بخۆ دەگەیەنێت.

– وشەی ننگر ( NIN GIR ) ی سۆمەری کە لە دوو بڕگە پێکدێت NIN-GIR کە بەسۆمەری مانای ( خانمی گرد – یان شاخ ) دێت کە هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردیدا لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە کە بەهەمان شێوە لە دوو بڕگە پێکدێت( NINIY = خانم + GIR= گرد یان شاخ ) واتا خانمی شاخ.

– وشەی لوجن جی ( LOGWIN CI) سۆمەری کە لە ٣ بڕگە پێکدێت( LO= پیاو + GIN = دەڕوات یان ڕۆیشتن +

**GI**=شوێن) .بەسەریەکەوە مانای پێغەمبەر لە زمانی سۆمەریدا دێت،کە هاوجووتە لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردی پێکەوە لکاوی لوجن جی کە بەسەر یەکەوە بەمانای پێغەمبەر دەگەیەنێت.

– وشەی ننداا( **NENDA**) ی سۆمەری کە بەمانای خواردن دێت هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردی نان( **NAN**) کە بەمانای نان یان خواردن دێت.

– وشەی کالو ( **KALO** ) ی سۆمەری کە مانای شاعر (هۆزانەوان) یان گۆرانیبێژ یان ڕیشسپی یان وتەبێژ بە زمانی سۆمەری دێت بە پێی وەرگێڕانی زانا داننجر(**DANGER**) کە هاوجووتە لە ڕووی گوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردی کالو( **KALO**) کە بەمانای ڕیش سپی یان گەورە دێت.

ئەم وشە گرنگە لە پارچەیەکی شکاوی تابلۆیەکی نوسراوی بزماری میپۆلۆجیدا هاتوە کە وەصفی قوربانیدان دەکات بە گا بۆ خواوەند لە دوایدا پێستەکەی وەردەگرن و دەیکەن بە تەپڵ کە لەگەڵ کالۆ (**KALO**) دا دەبێت لەکاتی گوتنی نزا و نوێژەکاندا. وشەی (وتەبێژ) (قەواڵ) کە بە پیاوی ئایینیی ئێزیدی دەوترێت کە نزاکان لە دابونەریتە ئایینیەکانی ئێزیدیدا دەڵێتەوە لە وشەی (**KALO**) ی سۆمەرییەوە وەرگیراوە.

- وشەی ( **LO**) ی سۆمەری کە بەمانای پیاو دێت کە هاوجووتە لەڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردیی لۆ (**LO**) کە

بەمانای پیاو دێت کە لە بەرامبەریدا وشەی لی ( LI) هەیە کە بەمانای ژن دێت.

- وشەی ڕا ( RA) ی سۆمەری کە بەمانای لەپێناو دێت. هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردی ( RA) وەك : لوکال بیرا (LOGAL-BI-RA)کە لە سۆمەریدا بەمانای لەپێناو **لۆکالدا** دێت. لەبەرامبەریشدا لە زمانی کوردیدا زۆر ڕستە هەن: لەپێناوتان ( JI-BOTAN-RA ).

- وشەی گو( GU) ی سۆمەری کە بەمانای گا دێت. هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردیی گۆلك ( GULIK) کە بەمانای گوێرەکە دێت.

- وشەی دومۆمی (DUMO-MI) سۆمەری کە لە دوو بڕگە دومۆ(DUMO)= منداڵ و مێ ( MÊ) = مێینە دێت کە مانای منداڵی مێینە =کچ دێت لە سۆمەریدا، هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردی کە بەهەمان شێوە پێکدێت لە دوو بڕگە بۆ ئەوەی مانای مێ بگەیەنێ وەك می کو ( MÊ KEW) =مێی کۆتر و (DUMMAM) بەمانای کچی مام دێت.

- وشەی ئادان (ADAN) ی سۆمەری کە بەمانای ژووان یان کات دێت. لەڕووی ئاخاوتن و ماناوە لە وشەی دان ( DAN) یان دانکیی کوردی دەچێت ( DANEK) کە بەهەمان شێوە مانای ژووان یان کات دێت.

نموونە: دانی ئیڤاری (DANÊ ÊVARÎ ) واتا کاتی ئێوارێ.

-وشەی ئارا ( ARA ) ی سۆمەری کە مانای کاری هارین دێت وەکو وشەی کوردی هیرا ( HÊRA) دێت کە بەمانای کاری هارین دێت.
- وشەی بار ( BAR) ی سۆمەری کە بەمانای پارچە دێت، لە ئاخاوتن و مانادا لە وشەی کوردیی بار (BAR) دەچێت کە بەمانای بەش یان پارچە دێت ( دابەشکردنی شتێك بۆ پارچەی وەکو یەك).
- وشەی دار ( DAR) ی سۆمەری کە بەمانای تەختە یان درەخت دێت هاوجووتە لە مانا و ئاخاوتندا لەگەڵ وشەی داری کوردی(DAR) بەهەمان شێوە بەمانای تەختە یان درەخت دێت.
- وشەی کیشی ( KÊSÎ) ی سۆمەری کە بەمانای ئەندامی نێرینە دێت وەکو وشەی کوردی وایە کە هەمان مانا دەبەخشێت وەك هەسپی کیشی ( HESPÊ KÊSÎ) لە زمانی کوردیدا بەمانای ئەسپی لەبەرگرتنەوە ( کاری جووتبوون لەلای ئەسپ ).
- وشەی اریصتا تاری [١٧] ( ARÎSTA TARRÎ) کە بەسۆمەری مانای زەویی تاریك دێت. هاوجوتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی ئەردی تاری(ARDIY TARIY ) واتە زەویی تاریك.

---

١٧. لەدەقی سۆمەریدا هاتوە،ل ٢٥٨ لەکتێبی سەرکێشی ژیری یەکەمین، فراس سواح.

- وشەی ئودون (UDUN)ی سۆمەری بەمانای جێگەی ئاگرکردنەوە ، لەڕووی ئاخاوتن و ماناوە هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردیی ئاتون ( ATON) کە بەمانای جێگەی ئاگرکردنەوە دێت.
- وشەی نامیر ١٨ ( NEMIR ) ی سۆمەری کە بەمانای (خەسێنراو) دێت، هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردیی نمیر( NEMÊR) کە بەهەمان شێوە بەمانای ( خەسێنراو ) دێت لە ڕووی ماناو ئاخاوتنەوە.
- وشەی شارکشاتی ( SAR KISATÎ ) سۆمەری کە بەمانای پاشای دونیا دێت، پاشای هەمووان، هاوجووتە لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردی **سەرگشاتی**(SER GISATÎ) کە بەمانای سەرۆکی هەموان دێت، لێرەدا پیتی ( س ) گۆڕاوە بۆ پیتی (ش) کە ئەمەش کارێکی کردەیە لە زمانەکاندا.
- وشەی گۆڕ ( GUR) ی سۆمەری کە بەمانای دنیای ژێرەوە (گۆڕ) دێت لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە هاوجووتە لەگەڵ وشەی گۆڕ ( GUR) ی کوردیدا کە بەمانای گۆڕ دێت.

تابلۆکانی سۆمەر باسی چیرۆکی ڕێوییەك دەکەن کە ڕۆژێك ویستویەتی لەبەردەم ژنەکەیدا خۆی دەربخات و بە ژنەکەی وتوە:
با شاری ئۆرۆك تێکبشکێنین بەدانەکانمان وەك کەوەر.
با شاری سەگەکانیش توند بکەینەوە وەکو ئەوەی پێلاّوبێت.

---

١٨. سەرچاوەی پێشوو.

کاتێ گەیشتنە ماوەی ۲ میل لە نزیك شارەکەوە، سەگەکان دەستیان کرد بە وەڕین پێیانەوە، ڕێوییەکە هاواری لە ژنەکەی کرد:
چمیت تمال –جمیت مال( ÇIMÊT MAL ) کە بە سۆمەری بەمانای بابڕۆینەوە بۆ ماڵە ، ئەم ڕستەیە هاوجووتە لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ ڕستە کوردییەکەدا چمیت مال( ÇIMÊT MAL) کە بەهەمان شێوە بەمانای بابڕۆینەوە بۆ ماڵ دێت[۱۹].
- وشەی ئەما تنا ( EME TENE ) ی سۆمەری کە بەمانای بێوێنەیە کە هیچ کەس لە شێوەی نیە دێت، هاوجووتە لەگەڵ وشەی کوردی تنا ( TENE) کە بەمانای تەنها دێت کە کەس لە شێوەی نیە.
- وشەی ئالام ( ALAM) کە بەسۆمەری بە مانای پەیکەر دێت هاوجووتە لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردی ئالامات( ALAMAT) کە بەهەمان شێوە بەمانای پەیکەر دێت.
بۆ نمونە: **شکفتا ئەلاماتا** کە بەمانای ئەشکەوتی وێنەکان و پەیکەرە هەڵکۆڵراوەکان لە بەرد دێت.
- وشەی نومیشۆ ( NU-MÊSU ) لە سۆمەریدا بەمانای بێوەژن دێت لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە هاوجووتە لەگەڵ ئەم بڕگە کوردیانەدا نا ( NA = نا ) ، می ( MÊ ) =مێ ، ( JU) = جنۆکە = ژن ( JIN) هەمووی بەسەر یەکەوە بەمانای بێ ژنی دێت.

---

۱۹. سۆمەر و ئەکەد: د.ودیع بشور،ل ۱۵۵.

- وشەی ئەنشی ( INSÊ) سۆمەری بەمانای کەر دێت وەکو وشەی کوردی هۆشی (HO S Ê)یە. کە مانای ناوی کەر دەگەیەنێت یان وشەیەکە بەسەر ئاژەڵاندا دەگوترێت وەك کەر و ئێستر بەشێوەیەکی گشتی.
- وشەی ئا (A) بەمانای ئاو دێت لە سۆمەریدا هەر وەکو وشەی کوردی ئاڤ (AV = A- AV) کە بەمانای ئاو دێت.
- وشەی هەگار ( A-GAR) ی سۆمەری کە بەمانای چاڵی ئاو دێت لەبەرامبەریدا لە کوردیدا دەگوترێت **ئاڤگێر**( AV-GÊR ) بەهەمان شێوە بەمانای چاڵی ئاو دێت.
- وشەی ئابانا(ABANNA ) ی سۆمەری کە بەمانای هاوەنی دروستکراو دێت لە بەرد لەبەرامبەریدا لە کوردیدا دەگوترێت هاوەن (HAWIN ) بەمانای هاوەن دێت دروستکراو لەبەرد یان لە کانزا.
- وشەی **ئۆخلو** (UHULU ) بەمانای خۆڵەمێش دێت لە سۆمەریدا لە بەرامبەریدا لەکوردیدا خولی (XWELÎ ) هەیە هەر بەمانای خۆڵەمێش دێت.
- وشەی ئاراهور ( ARA HÛR ) ی سۆمەری کە بەمانای هاڕینی دانەوێڵە دێت لەبەرامبەریدا لەکوردیدا وشەی هاوجووتی هەیە وەك ئاراهور(ARA HÛR ) بەمانای دەنکی ورد( هاڕاو بەشێوەیەکی ورد)، یان ئاری هور( ARI HÛR) ئاردی ورد.
- وشەی هار ئاش (HAR AS ) ی سۆمەری کە بەمانای بەردی هاڕین دێت لەبەرامبەریدا لەکوردیدا ئاش هاڕین ( AS HÊRÎN)

هەیە کە بەمانای بەردی هاڕین یان ئاشی هاڕینی بەردین دێت بۆ هاڕینی دانەوێڵە.

- وشەی ماخال ( MAHAL ) ی سۆمەری کە بەمانای بێژنگ دێت کە بۆ پاککردنەوەی دانەوێڵە و ئارد بەکاردێت لەبەرامبەریدا بەکوردی پێیدەگوترێت موخل(MOXIL).

- وشەی دومو بیسان ( DUMU-BISAN) ی سۆمەری کە بەمانای مامۆستا دێت لەبەرامبەریدا لە کوردیدا وشەی دەبستان ( DIBÎSTAN ) دێت بەمانای قوتابخانە کە لە ئاخاوتن و ئەرکدا وەك یەکن.

- وشەی دوب ( DOB) ی سۆمەری کە بەمانای پارچە دێت لەبەرامبەریدا لەکوردیدا وشەی (DEP) یان (DEB ) هەیە بەهەمان شێوە بە مانای پارچە تەختە یان وەکو ئەو دێت.

- وشەی ماك ( MAK) بەمانای دایکی گەورە دێت لە سۆمەریدا هاوجووتە لە ئاخاوتن و مانادا لەگەڵ وشەی کوردی ماك (MAK) کە مانای دایکی گەورە( نەنك) دێت.

- وشەی کیسك [٢٠] ( KÊSIK ) ی سۆمەری کە بەمانای کچ دێت کە هاوجووتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی قیزك

---

٢٠. فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان:د.ادزارد م.ھ بۆب و ف. دۆلینخ، ل ١١٦-١١٧

(QÎZIK ) كە بەهەمان شێوە مانای كچ دەدات(پیتی ك گۆڕدراوە بە پیتی ق ).

- وشەی ( زك ) ی سۆمەری كە بەمانای سك دێت هاوجووتە لەڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی كوردیدا ( زك ) كە بەهەمان شێوە بەمانای سك دێت.

- وشەی ( كار ) ی سۆمەری كە بەمانای ناوەڕاستی بازرگانی شار دێت ( جێگەی كاركردن) هاوجووتە لە ڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی كوردیدا ( كار ) كە بەمانای ئیشكردن دێت. ( مصطفى الموسوی ، لە كتێبەكەیدا بەناونیشانی : العوامل التاریخیة لنشاءة المدن العربیة والاسلامیة،دار الرشید بغداد ١٩٨٢ صفحة ٣٥٥).

– وشەی دورو ( دور ) ی سۆمەری كە بەمانای دیوار دێت، هاوجووتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی كوردیدا دور بۆ نمونە( دورا خینی ) بەمانای دیواری درێژبۆوە .

– وشەی ( زەكورە) ی سۆمەری كە بەمانای شاخی سپی دێت هاوجووتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لە برِگەی دووەمدا(كورە) لەگەڵ وشەی كوردی ( كورە) كە بەمانای سپی دێت، سۆمەرییەكان زۆرێك لە گۆرانییە پیرۆزەكانیان بۆ بەجێهێشتووین كە ئاماژەن بۆ شاخ وەك سیمبولێكی ئایینی كە پەیوەندیی هەیە بە خودی كۆمەڵەی سۆمەرییەوە كە دابەزیونەتە خوارەوە لە شاخی زاگرۆس بۆ ئەوەی نیشتەجێ بن لە باشووری عێراقدا.

- وشەی ( ڕاست )ی سۆمەری کە بەمانای سەرڕاستی دێت هاوجووتە لەڕووی مانا و ئاخاوتنەوە لەگەڵ وشەی کوردیی(ڕاست) کە بەهەمان شێوە بەمانای سەرڕاستی دێت.
- وشەی ( نو وار) ی سۆمەری کە بەمانای جێگەی نوێ دێت هاوجووتە لەڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی (نو وار) کە بەهەمان شێوە بەمانای جێگەی نوێ دێت.
- وشەی ( ئابزو ) ی لێکدراوی سۆمەری کە پێکهاتوە لە بڕگەی (ئاب ) کە بەمانای ئاو دێت وبڕگەی ( زو ) کە بەمانای ئەو ئاوە دێت کە لە زەوییەوە هەڵدەقووڵێت، هاوجوتە لە ڕووی ئاخاوتن و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی ( **ئابزیك یان ئافزیك)**.

لەنیوەی هەزارەی چوارەمی پ.ز ناوەندی شارستانیەتی پێشەنگ گوازرایەوە بۆ وڵاتی نێوان نێوچۆمان و بۆ سۆمەری کوردی بەشێوەیەکی یەکجارەکی کە بووە ناوەندی تیشکدانەوەی ڕۆشنبیری لە سایەی داهێنانی نوسینەوە و ئەو پێشکەوتنانەی کە ڕوویاندا لەهەموو بوارەکاندا و بە تایبەتیش کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بیروباوەڕە ئایینیەکان کە ئەمەش بەڵگەی قووڵی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردیی سۆمەری بوو بۆ هێزەکانی سروشت و پیتاندن.

ئەفسانەی دانایی و دروستبوون و گەردوون لە کوردستانی سۆمەریدا دەچنەوە سەر کۆمەڵێك ئەفسانەی ئاوی سۆمەری [٢١] دۆخی پێشووی

---

٢١. سەرکێشی ژێری یەکەمین: فراس سواح.

دروستبوونی گەردوون بریتییە لە دۆخی تاریکی ئاویی هەمیشە وەستاو، لە ساتێکی نادیاریکراودا خواوەند هەستا لە خەو و دەستیکرد بەدروستکردنی گەردوون و جیهان و ژیان بە پشتبەستن لەسەر ئەو ئاوە وئیدی ئەم کاتە دەستیپێکرد کە تائێستا ئێمەی تیادا دەژین.
بەپێی ئەفسانە کوردییە سۆمەرییەکان هێزە خواوەندە دروستکەرەکان بریتین لە هێزگەلێکی کارا و بالاًدەست، دروستکردنی گەردوون و ژیان تەنها بریتین لە دەربڕین لە ویست و هێز و سەرکەوتنەکانی بەسەر هێزەکانی تاریکی و ڕاوەستاوە هەمیشەییەکان لەتاریکیدا و ناڕێکخراوە بێکۆتاکاندا. بەپێی ئەو ئەفسانانە کاری دروستکردن بە یەك جار تەواو نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغ بووە ئەمەش بە دووبارەکردنەوەی کاری دروستکردنی یەکەم کە لەهەموو ساڵێکی زەمیندا ڕوو دەدات. لەهەموو ساڵێکی نوێدا سەرلەنوێ ژیان دەژێتەوە، ئەم تازەبونەوەیەش لە دروستکردندا بەیارمەتی مرۆڤ دەبێت لە ڕێگەی پیادەکردنی هەندێ دابو نەریتی ئایینی و بەندایەتیەوە کە دەکرێت یارمەتی خواوەندی دروستکردن و ژیان بدات دژی خواوەندی مردن و لەناوچوون.
لێرەوە ئاماژە گەورەکانی ئاهەنگە ئایینیە ساڵانەییەکان دەردەکەوێت کە لە سۆمەردا ساز دەکران لەسەرەتای ساڵی کوردیی نوێوە. بەشێوەیەك بەدرێژایی ڕۆژەکانی جەژن دووبارەکردنەوەی نواندنی کاری دروستکردنی یەکەم دەکرێتەوە. جەژنەکانی نەورۆز و

چوارشەممەی سوور( جەژنی سەری ساڵ ) بەتەنها بەردەوامبوونی یادکردنەوەی ئەو جەژن و بۆنانەن.

بەم شێوەیە ئەفسانەی دروستبوونی کوردیی سۆمەری پەیوەستییەکی قووڵی هەیە بە ژیانی سروشتیەوە لە کوردستان، کەش و هەوای گونجاو و ئاوی شیرین و ڕۆژی درەوشاوە و گەرم و مانگی پەخشان و ئاسمانی بێگەرد و ئەستێرەی درەوشاوە وازیەکی زیندوویان کردوە لە سەرهەڵدان و جێگیربوونی ژیانی کوردی کۆن و کوردستان بەهۆی ئابوورییە جێگیرەکەیەوە بۆتە شانۆیەك بۆ جوانترین ڕۆشنبیری و کاریگەرترینیان لەناو سەرجەم ڕۆشنبیری گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا.٢٢

زانا تۆفیل لەبارەی گرنگی شارستانیەتی سۆمەری دەڵێت:-

(هیچ گەلێك هێندەی گەلی سۆمەری بەشداری لە فراوانکردنی ئاسۆی زانیاریدا نەکردوە ).

ئەگەر بڕوانینە لیستی خواوەندەکانی سۆمەر کە دۆزراونەتەوە لەشاری فارای سۆمەریدا، ئەوا خواوەندی ئاسمان ( ئان ) لەسەرووی کۆمەڵی خواوەندەکانی سۆمەرەوە دێت دوای ئەویش خواوەند (ئەنلیل) خواوەندی هەوا و زەوی دێت. ئەفسانەیەکی سۆمەری ئاماژە دەدات بەو دوو خواوەندە گەورەیە و دەڵێت ٢٣ :-

---

٢٢. تابلۆکانی سۆمەر: د.صامۆئیل کرامەر،وەرگێڕانی تەها باقر.

٢٣. sumarian mythologey s.nk، harper and row، newyork ، ١٩٦١

دوای ئەوەی ئاسمان لەزەوی دوورکەوتەوە

زەویش لە ئاسمان جیابۆوە

مرۆڤ دروستکرا

ئان ئاسمانی برد

انلیلیش زەوی بۆخۆی برد

خواوەندی گۆڕیش ٢٤ خواوەندە ئارشیکیکالی وەك دەسکەوت برد.

دواتر خواوەند ئانکی کە خواوەندی ئاوی شیرین و خوای داناییشە

بەپێی ئەفسانەیەکی تر:-

ئانکی گەورەی قووڵاییەکانە و چارەنووسیان دیاری دەکات

ئەی ئەو شارانەی کە خواوەند ئانکی چارەنووسیانی دیاریکردوە

هەروەها ناوی خواوەند ئانکی لە ئەفسانەیەکی تریشدا هاتوە ٢٥

دوای ئەوەی کە ئاوی دروستبوون جیابۆوە

خێر و بەرەکەت هەموو ئاسمانی گرتەوە

ڕووی زەویش بە گژ و گیا داپۆشرا

ئانکی خواوەندی تێربوونە ئانکی پادشایە

ئانکی ئەو خوایەیە کە چارەنووس دیاری دەکات

---

٢٤. سەرکێشی ژیری یەکەمین،فراس سواح،ل ٣٦( خواوەندی گۆڕ خواوەندی دونیای ژێرەوەیە،دونیای مردووان،خواوەند ئارشیکیکال خواوەندی مێینەی دونیای ژێرەوەیە).

٢٥. سەرچاوەی پێشوو ،ل ٤٩.

خانوەکەی خۆی لە زیو و زومورڕود دروستکردوە
زیو و زومورڕود وەك ڕوناکییەکی زۆر خێران
کە لە قوولاییەکاندا جێگیر بووە.
سەرەڕای نەوەی دووەمی خواوەندەکان وەك خواوەند ئانانا و خواوەند دومۆزی و خواوەندی ڕۆژ( ئۆتۆ) و خواوەندی مانگ (سن ) و خواوەند ( نمو) کە ئاوی سەرەتاییە و هەموو شتێکی لێوە پەیدا بووە. و خواوەند( کی ) خواوەندی مێینەی زەوی کە مندالی یەکەمی بوو (انلیل) و بەهەمان شێوە خواوەندی تریش هەن.
لە هەزارەی سێیەمی پ.ز کوردەکان بارودۆخی لێکدابڕاویان وەلانا کە تیایدا دەژیان لەنێوان خواوەندە جیاوازەکاندا و بڕوایان هێنا بە نزیکترین خواوەند لە هەست و سۆزیانەوە و نزیکترینیان لە کێشە وگرفتەکانیانەوە. خواوەندێك کە لەناویاندا بژی و وەکو ئەوانیش بمرێت، هەروەها لە دونیای مردووەکانیشەوە بەرز ببێتەوە. لێونبووەکەیان دۆزییەوە کە ئەویش خواوەندی مرۆڤ بوو " دومۆزی"[٢٦] کە ئەنالێنێ و ئازار دەکێشێت و دەشمرێت و دواتر بەرز دەبێتەوە لەمردن بەزیندوویی و لەگەلێشیدا بەندە چاکەکانی کە هەمیشە هاوەلی بوون و یەکگرتووش بوون لەگەلێدا بەرز دەبنەوە

---

٢٦. دومۆزی: لەزمانی سۆمەریدا بەمانای کوڕی شەرعی دێت،بڕوانە فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان ل ٩٦

بەوەی كە ڕزگاركردنی ڕۆحی بەخشیبوو بە شوێنكەوتوانی، ئەوانەی كە هەڵبژاردبوون بەمەبەست و ویستەوە.

گەر ئەو ژمارە زۆرەی وێنە و گرتە و بابەتە نەمرە كوردییە سۆمەریانەمان هێنایە بەرچاوی خۆمان كەللەسەرە مۆرە لولەكیەكان و تابلۆ بەردینەكان و هەڵكۆڵراو و گڵینە ڕەنگاوڕەنگەكان و پەیكەرەكان و قاپ و قاچاغەكان كێشرابوون كە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز.وەك گرتەیەكی درەختی ژیان ٢٧ لەگەڵ دوو مەڕی بەرامبەر بەیەكدا، هەروەها دوو مۆری لولەكی هەن كە گرتەیەكی وەك ئەمە پیشان دەدەن، یەكێكیان لەمۆزەخانەی بەریتانی. شێوەی ژمارە (٢) و دووەمیشیان لە مۆزەخانەی بەغدادە وێنەی شێوەی (٣):

لەسەر ئەو مۆرەی كە لە مۆزەخانەی بەریتانیادایە دەبینین دوو شەكەبەرانی وەكیەك بە تەواوی لەسەر و سیمادا و پیاوێك چلێك گوڵی هەشت پەڕەیی هەیە دەیخاتە بەردەم هەر یەكێك لە دوو شەكە بەرانەكە و ئەو پیاوە جلێكی لەبەردایە كە لە تۆڕ دەچێت و قژێكی بەردراوەی هەیە كە سەرپێچێكی پێوەیە، قژی بەردراوە و شانەكراوە

---

٢٧. مۆرێكی لولەكی لە كۆمەڵی H·H·VORDEOSTEM NOVELL NO.٦٩٠

و سەربەستەکە دوو نیشانەی پادشایین. (ئەو پیاوە شوانی شاهانەیە کە دوو شەکە بەرانەکە دەلەوەڕێنێت)٢٨.

لەوێدا و لەدوای دوو شەکەکەوە دوو ئالاّ هەیە کە بریتین لە دوو گورزە لە قامیش کە لای سەرەوەیان پێچراونەتەوە، بەپێی مامۆستا ئەنتوان مۆرتکارت ئەوە سمبولی خواوەندی دایکە واتا ئانانا لە ئۆرۆك، لەبەرئەوەی ئەو سومبولە گوازراوەتەوە بۆ نوسینە بزمارییەکان لە دواتردا،( گرتەکەش پێکەوە ئەوەمان پێشاندەدات پادشایەك وەکو شوانی مەڕ خواوەندی ئانانا کاردەکات).

هەمان ئەم وێنە نەمرە دووبارە دەبێتەوە لەسەر مۆرێکی لولەکی بەشێوەیەك پادشا شوانەکە دەبینین لەگەڵ مانگایەکدا کە چڵە جۆیەکی پێشکەش دەکات، لێرەدا خزمەتکارێك لەگەڵ شوانەکەدایە کە تەنورەیەکی کورتی لەبەردایە.٢٩

هەمان بیرۆکە دەردەکەوێت لەسەر مۆرێکی لولەکی لە کۆمەڵەی بەرلین ٣٠ شێوەی ژمارە (٤) کە تیایدا شوانە شاهانەکە دەردەکەوێت کە درەختی ژیانی لە باوەشدایە کە گوڵی کردوە و هەشت پەڕەی گوڵی

---

٢٨.تەموز باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون: د.ئەنتوان مۆرتکارت،وەرگێڕانی د.تۆفیق سلێمان.

٢٩. سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٠

٣٠. ژمارە ١٠٥٣٧٧A ٢٩ A.MORTGRT

پێوەیە کە سومبولی خواوەند دوموٚزی و سومبولی ژیانێکی تازەبووەوەیە، پیاوەکە لەهەمان کاتدا خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان دەبێت (انین)، کە بەرخ و دوو کوپ بە بنەکانیانەوەیە کە سومبولی خواوەند( ئانانا) چواردەوری داون لەگەڵ پادشا شوانەکەدا.

بەلای ماموٚستا ئەنتوان موٚرتکارتەوە هیچ گومانێك نەماوە لەبارەی شوناسی ئەو شوانە شاهانەیە کە ئەم بازنە ئایدیا میتوٚلوٚجیە نەمرەی داگیرکردوە، بەتایبەتیش گەر زانیمان کە گوٚرانییە سوٚمەرییەکانی ئەم دواییانە لە سەدەی **ئیسن-لارسا** بەسەر شوانە شاهانەکەیاندا هەڵدەدا کە ئەو گەورەی ماڵە شوانەکانە، ئەو گەورەی ئاژەڵەکانە و ئاژەڵە ماڵیەکانە، مروٚڤی خواوەند پادشای ئوٚروٚك دوموٚزی کە دەردەکەوێت لە داستانی گلگامێشدا وەك خوٚشەویستی خواوەندە ئانانا کە بریتییە لە نموونەی یەکەم بوٚ هەموو خواوەندی ڕووەك لە ڕوٚژئاوای ئاسیادا کە لە کەسێتی و خودی خوٚیدا نموونەی ژیانی سروشتی دەدات کە لە هاویندا دەمرێت و لە بەهاردا جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.[31]

لەموٚزەخانەی درسدن لە ئەڵمانیا موٚرێکی لولەکی پارێزراو هەیە شێوەی ژمارە ( ٥). هەروەها ڤاپێك لەبەردی مەڕمەڕی سپی لە شاری ئوٚروٚك هەیە کە بە هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن شێوەی ژمارە ( ٦). لەسەر موٚرەکە سیمبولی پەرستگای ئاناناەرکەوتوە لەگەڵ سیمبولێکی تایبەتی بەخوٚی لەگەڵ پیاوێکدا بە تەنورەیەکی توٚڕئاسا -

---

٣١. تەموز: باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون:ل١٠٢.

كە خزمەتكارێكی لەگەڵدایە كە تەنورەیەكی كورتی لەبەردایە كە یارمەتی دەدات لە ئالیك پێدانی مانگایەكدا و تەشتێكی گەورەی بەدەستەوەیە لەسەر شێوەی ئاژەڵ لەسەر تەشتەكە كە لە ٣ تولّ پێكهاتوە بابەتی جەژن دەردەكەوێت كە دابو نەریتێكی گرنگە كە شازادەی پادشای شوان دەردەكەوێت كە تەنها بەشێكی ماوە لە تەنورە تۆڕپەكەی خواوەندیش لەبەردەم سیمبولەكەیدا وەستاوە كە لێرەدا پێكهاتوە لە دوو ئالاّ. لەسەر سەریشی تاجێكی خواوەندی شاخداری هەلگرتوە. پێشوازی لەشازادە دەكات كە دیاری هەلگرتوە و خزمەتكارێكی جەستە دانەپۆشراو لە پێشیەتی لەگەڵ ژمارەیەك پیاوی تر، (توولّی دووەم) كە ئەمانیش جەستەیان ڕووتە كە تێدەپەڕن و لەگەڵ خۆیاندا قاپی پڕ میوە و بەروبوومیان هەلگرتوە، توولّی سێیەمیش بریتیە لە ڕیزێك لەمەڕ بەسەر ڕیزێك گوڵە گەنمەوە. هەموو ئەم گرتانە لەسەر كێڵگەیەكی ئاو دروستكراون كە بریتیە لە توخمی یەكەمی ژیان (خواوەند ئایا) باوكی شازادە و پادشای شوان دومۆزی.

خواوەند دومۆزی بۆخۆی ڕاكشاوە لەناو ئاودا لە تەمەنی منداڵیدا، هەروەك لە یەكێك لە ئەفسانە تایبەتەكان بەخواوەندی شوان دومۆزی هاتوە كە خۆی داپۆشیوە بەدەغڵ و دان كاتێ بووەتە هەرزەكار. هەموو ئەو بابەتە نەمرانەی كە وێنا كێشراون لەسەر قاپەكە پێكەوە لەوە دەچێت ببنە وێناكردنێك بۆ جەژنی سەری ساڵ كە باسی هاتوە لە دەقە كوردییە سۆمەریەكاندا ٣٢.

بەبێ گومان ئەوە وێناکردنێکی ئاهەنگی شووکردنی خواوەندە ئانانایە لەگەڵ خواوەند دومۆزیدا کە گەڕاوەتەوە لە دونیای مردوانەوە، شانشینی دونیای ژێرەوە درەختی ژیان لە گرتەکانی تردا دەردەکەوێت لەدواتردا کە پەیوەستە بە دوو بابەتی نەمری دیکەوە:-

- قارەمانی تێکشکێنی ئاژەڵان.
- ململانێ لە نێوان گاو شێردا.

قاپێکی دابونەریتی ئایینی هەیە لەسەدەی جمدە- نصر پارێزراوە لە مۆزەخانەی بەریتانی لە ژێر ژمارە / ١١/ تابلۆی /٢/ژمارە /٣/ و شێوەی ژمارە ( ٧ ) . کە تیایدا کەللەسەری قارەمانێکی ڕووت دەردەکەوێت کە پشتێنێکی بەستوە، قژی سەری و ڕیشی زۆر پڕن، بەهەردوو باڵی مانگایەك دەپێچێتەوە بەمەستی پاراستنی. لەبەرامبەردا پارچەیەکی شکاوی گڵێنە هەیە لە هەڵکەنراوەکانی گردی دووپشکن کە بابەتێکی نەمر لەخۆ دەگرێت، کە قارەمانێکە و شێرێك تێکدەشکێنێت. شێوەی ژمارە (٨).

لەسەر مۆرێك لە کۆمەڵەی ( NEWEL) ژمارە ٦٩٥ دا

---

٣٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٥

گرتەیەکی چیرۆکی هەیە کە بۆ سەدەی سەرەتای مێژووی سۆمەری کوردی دەگەڕێتەوە کە واتای بیرۆکەی تێکشکاندنی ئاژەڵ دەگەیەنێت. بریتیە لە پیشاندانی مانگایەکی لاواز کە بێچوویەکی دەبێت و شێرێکی دڕندەش هێرشی دەکاتە سەر و شوانێکی جەستە ڕووتیش هەڵدەکوتێتە سەر شێرەکە بە ڕمێکەوە بەمەبەستی لێدانی دڵی شێرە، کە.شێوەی ژمارە ( ٩).

مۆرێکی لولەکی پارێزراو هەیە لە مۆزەخانەی بەریتانی کە گرتەیەکی ئوستورەناسی نەمری لەسەرە، کە پێکهاتووە لە دوو پیاوی جەستە ڕووت کە گایەك تێکدەشکێنن بە شێوەیەك یەکێکیان خۆی هەڵواسیوە بە ملی گاکەدا و هەردوو شاخی گرتوە، لەولاشەوە پیاوەکەی دی گوریسێکی لە ناوچەوانی گاکە توندکردوە بەمەبەستی خستنی بە زەویدا.

مۆرێك هەیە لە مۆزەخانەی بەڕلین ژمارە VA /٣٦٠٥ / شێوەی ژمارە ( ١٠ ) کە گرتەیەکی تیادایە و بریتیە لە قارەمانێکی جەستە ڕووت کە ململانێ دەکات لەگەڵ شێرێکدا بە تەورێکەوە، قارەمانەکە لەم گرتەیەدا هێزە شەڕانیەکان تێکدەشکێنێت لە پێناو پاراستنی ژیاندا، خواوەندە ئاناناش دەردەکەوێت کە کلکی شێرەکەی گرتوە.

پاڵپشت بەو گرتە نەمرانە هیچ بوارێك بۆ گومانکردن نەماوەتەوە لەبارەی ئەو پیاوەی کە دەردەکەوێت لەو گرتانەدا بە شێوازی جیاواز کە بریتیە لە مرۆڤ خواوەند دوموزی پادشای ئۆرۆك و مێردی

خواوەندە ئانانا کە ناوەندی پێشەوەی داگیر دەکرد لە پەرستن و خواوەندێتیدا لە سەرەتای مێژووی کوردی سۆمەریدا.

لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز دا گۆڕانکاری هات بەسەر پاشخانی ئایدیای ئوستورەناسی  بۆ بابەتی هونەری وێنەکێشان لە کوردستان. دوای ئەوەی بەدرێژایی سەدەی دەسپێکی مێژووی سۆمەری هەموو بیرۆکەکان بە چواردەوری شێوەی ئەفسانەی مرۆڤ خواوەند دومۆزیدا دەسوڕایەوە بە چەمکی دوانەی شوانی مرۆڤ " سومبولی ژیان " و قارەمانی تێکشکێنەری ئاژەڵە دڕندەکان ( ململانێی خێر و شەڕ) لە سەدەی میزیلیم ( ٢٥٠٠ پ.ز ) دا گۆڕاو بەچواردەوری جەنگاوەرێکدا ٣٣ کە لە ڕەوڕەوە دوو تایەدا وەستاوە و بەدەستی ڕاستییەوە ڕمێکی هەڵگرتوە و لەدواشیەوە شۆفێری ڕەوڕەوەکە وەستاوە کە قەوارەی بچووکترە لەبەرئەوەی کەمێك نزمترە، لەژێر ڕەوەڕەوەکەدا بەشێکی دواوەی ئاژەڵێکی چوارپێ هەیە کە کلکی دەخشێنێت لە درەختێك. کە ئەم وێنایە هیچ لێکچوونێکی نیە لە سەدەی سەرەتای مێژووی سۆمەریدا و توانرا دڵنیا ببینەوە ( بەپێی ئەنتوان مۆرتکارت) کە پەیوەندییەك و پێکگەیشتنێکی دڵنیایی هەیە لەگەڵ بازنەی بیرۆکە وێناکراوەکانی خواوەند دومۆزی.

---

٣٣. بگەڕێوە بۆ تەموز: باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون: د.ئەنتوان مۆرتکارت،ل ١١١-١١٣.

پارچەیەکی شکاوی تابلۆیەکی بەردین هەیە لە خەفاجی بەهەمان شێوە وێنای پیاوێکی دانیشتووی کێشاوە کە بەدەستی ڕاستیەوە پەرداخێك هەیە و لە بەردەمیشیدا مەیگێڕێك و قیسارە ژەنێك هەیە، لەڕیزی ناوەڕاستدا بزنێك لەبەردەم درەختێکدا وەستاوە و لەڕیزی خوارەوە و سێهەمیشدا ڕەوڕەوەیەك هەیە کە دوو ئێستر ڕایدەکێشن، لە پێش ڕەوڕەوەکەشەوە پیاوێك دەڕوات کە گۆچانێکی پێیە. شێوەی ژمارە ( ١١ ).

پارچەیەکی شکاوی دیکەیش هەیە لە پەرستگای خواوەند ( سن ) خواوەندی مانگی سۆمەری لە خەفاجی کە بەشێك لە دوو ڕیزەکەی خوارەوەی تیادایە.لە ڕیزی خوارەوە و لای چەپی لێخوڕی ڕەوڕەوەکە دەبینین وەستاوە لەسەر زەوی و لەسەر ڕەوڕەوەکەش گایەکی پاڵکەوتوو هەیە.

بەپێی بۆچوونی مامۆستا ئەنتوان مۆرتکارت ئەم گرتانە بریتین لە ئاهەنگێکی دابونەریتی ئایینی و گوڵدان و تابلۆ بەردینەییەکان کە بریتی بوون لە کەلوپەلی دابونەریتی ئایینی کە بە بەردەوامی لە پەرستگاکاندا دەبینرێن، ئەم ئاهەنگە بریتیە لە ڕووداوی سەرەکی لە دابو نەریتەکانی ساڵدا ( سەری ساڵ و جەژنی بەهار کە تیایدا خواوەند دوموزی زیندوو دەبێتەوە لە نێوان مردواندا بۆ ئەوەی ژیان تازە بکاتەوە لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی ڕەمزیی لە خواوەندە ئانانا) جێگەی سەرسوڕمان نیە لە نوسراوە بزمارییەکاندا باسکردنی ڕەوڕەوە گەورەکەی دابونەریتەکان دووبارە ببێتەوە کە بەکاردەهات لە

نیشاندانی ساڵی نوێدا کە ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی شیکردنەوەی ئەو گرتەیە کە بریتییە لە جەژنی سەری ساڵ.٣٤
دەتوانین بگەینە ئەو بەرەنجامەی کە بەشی گەورەی هونەری نیگار کێشراو لە میانەی سەدەی میزیلیم بۆتە بابەتێك لە ڕووداوی دابونەریتی تایبەت بە دابونەریتی خواوەندە ئانانا –دومۆزی (بووکی سەری ساڵ ) و لە گرنگترین دۆزراوەکانی سەدەی میلیزیم بریتییە لە گۆڕستانی کیش کە تیایدا گۆڕی **ئەحنوت** دۆزرایەوە، سەرەڕای تەرمی هاوەڵەکەی تەرمی ژمارەیەك لە شوێنکەوتوانیشی لەو گۆڕستانەدا بەهەمان شێوەی ناوەڕۆکی جێگای ناشتنە تونێلیەکانە کە پێیان دەوترێت گۆڕستانی شاهانە لە ئور کە دادەنرێت بە گەورەترین دۆزراوەکانی زانا شوێنەوارناسە ئینگلیزی و ئەمریکیەکان. تێکڕای ئەو گۆڕانە لەو گۆڕستانەدا گەیشتنە ١٨٥٠ گۆڕ و ژمارەی گۆڕە تونێلیەکانیش کە لە قووڵایی جیاوازدا هەن گەیشتنە ١٦ گۆڕ. گرنگی ئەم گۆڕانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە سەر بە جیهانی باوەڕی خواوەند دومۆزین و باوەڕی مردنی پەیوەست پێوەی.
خاوەن گۆڕەکە ڕووپۆشکراوە لە ژوورێکی ناوخۆیی سەرەکیدا و شوێنکەوتوانیشی لە هەمان ژوور یان لە ژووری پێشەوەدا یان لە ڕاڕەوەکاندا بوون.

---

٣٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٩.

گرنگترین گۆڕ لەناو ئەو گۆڕانەدا بریتیە لە گۆڕی ژمارە PU ۸۰۰/۷۹۸ کە ناودەبرێت بە گۆڕی پادشا کە دروستکراوە لە قووڵایی ۱۰ مەتر لە تونێلێکی ژێر زەویدا بە ڕووبەری ۱۰×۵ م شێوەی ژمارە ( ۱۲) کە دیوارەکانی لە بەردی قسڵ دروستکراون کە بە قوڕ بەیەکەوە لکێنراون، لە گۆشەی باشووری خۆرئاوای گۆڕەکەدا بۆشاییەك دۆزرایەوە کە زیاتر پێدەچێت شوێنی ناشتنی ئەو مردووە بێت کە تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

بەڵام لەلای ڕاستی شوێنی ناشتنەکەوە توانرا نموونەیەك لەسەر شێوەی بەلەمێك بدۆزرێتەوە لە زیو کە لە دۆخێکی باشدا بوو کە جێگەی دانیشتن و ژوورێك و دوو سەوڵی تیادابوو ۳۵ درێژی بەلەمەکە دەگاتە ٦٥ سم و پانیەکەشی ۲۰ سم،هەروەها بەلەمێکی تریش کە لەمس دروستکرابوو دۆزرایەوە.

تابلۆیەکی زیوینی زۆر گرانبەها دۆزرایەوە بە تەنیشت بەلەمە زیوینەکەوە کە وێنە و شێوە و جوانکاری لەسەرە لە گوێچکە ماسی و لاژەورد (لاجورد) کە نەخشکێشانەکەی لە ۲۰ گرتەی چوارگۆشە پێکهاتووە.شێوەی ژمارە ( ۱۳).

نەخش و ڕازاندنەوەکان هەمان ئەو گوڵە هەشت پەڕەیان دیار

---

۳۵. سەرچاوەی پێشوو ل ۱٤۳.

دەخست کە وەکو ئەو گوڵە بوو کە خواوەند دوموزی وەکو ئالیك دەیدایە ئاژەڵەکان لە سەدەی جمدە-نصر ، هەروەها وێنەیەکی درەختی ژیانیش هەیە لە نێوان دوو بزن یان دوو مانگادا.

هەروەها وێنای ململانێی شێر یان دوو شێریش و لەنێوان مانگا یان کەڵەکێوی  هەیە کە ئەم وێنانە وەك دەزانین بریتین لە سیمبۆل بۆ شوانی خواوەند دوموزی کە ژیان دەداتە ئاژەڵان، لەبەر ئەوە وا تێدەگەین کە سیمبۆلە بۆ ژیانێکی تازە بۆوە،

ململانێی نێوان شێر و مانگا یان کەڵەکێوی دادەنرێت بە سیمبۆلی ململانێی نێوان ژیان و مردن  کە خواوەند دوموزی دەستێوەردەدات بە هەمیشەیی لە بەرژەوەندیی ئاژەڵەماڵیەکاندا .

بەلەمە زیوینەکە لە بنەچەدا پەیوەستە بە بیرۆکەی بوونی ئاو لە ژێر زەویدا کە پێویستە لەسەر مردوو کە بیبڕێت بۆ ئەوەی بگات بە دونیاکەی دی.

تەرمی شوێنکەوتوان کە خۆیان بە ئارەزوی خۆیان ڕۆیشتوون بۆ مردن تا ئێستاش هەن کە ٥٧ تەرمیان لەسەر زەوی تونێلەکە بوون و ٦ جەنگاوەریش لەگەڵ کڵاوی گەورەدا کە لە مس دروستکراون و هەریەکەیان دوو ڕمیان پێبووە لەناو دەروازەی تونێلەکەدا بوونیان هەبووە، لە دواشیانەوە لە تونێلی گۆڕەکەدا دوو ڕەوڕەوەی چوار تایە هەبوون کە هەریەکەیان ٣ گا ڕایکێشاون (شێوەی ژمارە ١٤ )، پەیکەرە ئێسکەگەورەکانیان دۆزراونەتەوە کە لەسەر زەوی درێژبوون لە بەردەم دوو رەوڕەوەدا لە ڕووکاری دەروازەکەوە بۆ تەنیشت دیواری ڕۆژئاوای

ژووری ناشتنەكەوە پەیكەری گەورەی ٩ ژن دۆزراونەتەوە لەسەر سەری هەر یەكێكیان خشلێكی زێڕ و پلێڵەی زێڕین و تاجێك لە لاژەورد و ئەقیق و چەند پەڕەیەك لە زێڕ و تۆڕێكی قژ لە زیو و خشڵێك لەسەر شێوەی شانە لە دوای سەریانەوە هەبووە، سەرەڕای خشڵ و زێڕی مل و گەردن و كەلوپەلی ڕیشاڵی و سەری گایەكیش لە زێڕ.

پاڵپشت بە ڕای مامۆستا ئەنتوان مۆرتكارت، ئەو ژنانە بریتیبوون لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای یاوەری شازادە.

لەهەموو ئەو دۆزراوانە گرنگتر بریتیبوو لە قیسارەیەكی گەورەی ڕازاوە بە نەخش و نیگار لە ڕووی پێشەوەی كە پێكهاتوە لە چوار كێڵگەی لەسەر یەكتری كە كێڵگەی سەرەوە پڕ بووە لە وێنەی شوانی مانگاكە قارەمانی ڕووتی خاوەن قژ و ڕیشی چڕ و پڕ و پشتێن بەستوون، دوو گای لەبن باڵی ڕاست و چەپیدا هەلگرتووە، ئەم وێنانە لەو وێنانە دەچن كە دۆزراونەتەوە لە سەدەی ئوری یەكەم و سەدەی جمدە-نصردا.( شێوەی ژمارە ١٥).

وێنەكان لە هەرسێ كێڵگەكەی دیكەدا دەچنەوە سەر بازنەی باوەڕی خواوەند دومۆزی كە بەهەمان شێوە بریتین لە وێنای ئەنجومەنێكی خواردنەوە كە پاڵەوانەكانی ئاژەڵی سەماكار و مۆسیقا ژەنن، لە كێڵگەی دووەمیشدا ئاژەڵێك دەردەكەوێت لەسەر شێوەی سەگ لەسەر هەردوو قاچی دواوەی دانیشتوە یان پێدەچێت ڕێوی بێت.

شێرێکی وەستاو هەیە کە ڕێوییەك هەردوو قاچی پێشەوەی گرتوە کە پاڵپشتکراوە بە هەردوو دەستی مرۆڤ. سفرەیەکی خواردنیش هەیە کە سەری بەراز و سەروڕانی مەڕێکی لەسەرە و شێرێکیش قاپێك خواردنی هەڵگرتوە.

لەکێڵگەی سێیەم و کۆتاییشدا کەرێك دانیشتوە لەسەر شێوازی مرۆڤ کە قیسارەیەکی هەشت ژێی دەژەنێت، لە گەڵیشیدا ورچێك یارمەتی دەدات لەکاری ژەنینەکەدا لەنێوانیشیاندا ڕێوییەك هەیە یارمەتی قیسارەژەنینیان دەدات. لەبەشی خوارەوەی ئەم کێڵگەیەدا مرۆڤی دووپشك دەبینرێت بەکلکی سەما دەکات و شتێکیشی بەدەستی هەڵگرتوە و لەدواوەشی چەقەڵێك وەستاوە وەکو مرۆڤ لەهەردوو دەستیدا پەرداخ هەیە و لەدواوەشی مەرکانەیەك مەی هەیە.

ئەم وێنانە ئەنجومەنی مەیخواردنەوەمان بیردەخەنەوە کە لە پێشەوە باسمانکرد. بەپێی ئەنتوان مۆرتکارت ئەم وێنانە بریتین لە وێنای خۆشاردنەوە یان ئاماژەدانە بۆ دەرخستنی ئاهەنگەکانی سەری ساڵ کە لە سۆمەردا ڕێکدەخران لە سەدە کۆنەکاندا.

ئەم وێنانە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی کوردیمان بیر دەخاتەوە کە لە گوندەکاندا سازدەکران تا ئەم ساڵانەی دواییش بە شێوەیەك کوڕ و کچێکی گەنج دەم وچاوی خۆیان دەشاردەوە و ڕۆڵی بووك و زاوایان دەبینی و لەگەڵیشیاندا ژمارەیەك کوڕ و کچی گەنجتریشیان لەگەڵبوو کە ئەوانیش بە ڕووپۆش و جلوبەرگ کەسایەتیی خۆیان دەشاردەوە. لێرەدا بووك و زاوا بە ئاماژە ڕۆڵی خواوەند و خواوەندەیان دەبینی

لەكاتی گواستنەوەی خواوەندی پیرۆز لەسەری ساڵی كوردیی سۆمەریدا.
ئەوەی لەو وێنانەوە دەیبینین ئەوە دەردەخەن، كە شێرێك قاپێك دێنێت لەگەڵ كوپەیەك مەیدا و دەستی مرۆڤی هەیە، هەروەها شێوازی مرۆڤی دووپشك، كە وەك مرۆڤێكی ڕاستەقینە وایە و جلی دوپشكی لەبەركردوە , بەم شێوەیە تیپە ئاژەڵیەكە بریتیە لە ئاهەنگێكی مرۆیی ڕووداپۆشراو لە جەژنی سەری ساڵی نوێدا، لێرەدا هەموو گرتەكە دەبەسرێتەوە بە بوونی خواوەند دومۆزی لە جیهانی مردووەندا، وایدەبینم كە قیسارەكە قیسارەی خواوەند دومۆزیە و ئەو كەسانەشی كە مردوون بە ئارەزووی خۆیان ڕۆیشتوون بە هاوڕێیەتی شازادەی خواوەند دومۆزی بۆ مردن.
ئەگەر بە وریایی و ئاگاییەكی زۆرەوە هەموو ئەم توخمانەی وێنەكەمان كۆكردەوە لەبارەی ئەو گرتە نەمرانە بە درێژایی چاخە كۆنەكان، ئەوا ئێمە تێگەیشتنێكی ڕاستەقینەمان دەست دەكەوێت بە بوونی هێڵێكی تایبەت بە بیروباوەڕی خواوەندی مرۆڤ دومۆزی (پارێزەری ئاژەڵانی ماڵی و تێكشكێنەری شێر ) وەك بیرۆكەیەكی سەرەكی تیایدا.
خواوەندی پاڵەوان دومۆزی بریتیە لە خوای ڕزگاركەر و مژدەبەخش بە پەیامێكی نوێ، ئازار دەچێژێ و دەمرێت و لەدوایدا بەسەر مردندا زاڵ دەبێت و جارێكی دی سەردەكەوێتەوە بۆ سەرەوە بەسەركەوتوویی لە دونیای مردوانەوە. بەپێی ئوستورەناسیی كوردیی سۆمەری

دابەزینی خواوەند دومۆزی بۆ جیهانی مردووان پێش هەموو شتێك ئامانجی ئەوەیە کە مرۆڤ بپارێزێت لە شوێنکەوتوانی زیندووی بەدرێژی ئەو کاتەی دەمێنێتەوە لەو دونیایەدا و گەڕانەوەشی نەمرییە بۆ ژیانی باوەڕداران پێی، بەبێ ئەو گەڕانەوەیە ژیان لە تێڕوانینی بەندەکانیدا بەبێنرخ و بێمانا دەمێنێتەوە، ئەوەی بەسەر خواوەند دومۆزیدا هاتوە بەسەر هەموو بەندە دڵسۆزەکانیشیدا دێت.

مەسیحی پێغەمبەر دەفەرموێت: ( کێ باوەڕی بەمن هێنا ئەگەر مردیش ئەوا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە).٣٦

ئێمەش بانگەشەی ئەوە ناکەین کە تەنها باوەڕی خواوەند دومۆزی هەژموونی هەبووە بەسەر ژیانی ڕۆحی کوردی سۆمەرییەوە.

بەڵکو لەو کاتانەدا لە کوردستاندا ئاڕاستەی فکری تریش هەبوون، بەڵام بیروباوەڕی خواوەند دومۆزی زۆرترین جەماوەری هەبووە و

---

٣٦. لەوباوەڕەدام کە مەسیح پێغەمبەر شێوازێکی مەسیحی یە بۆ خواوەند دومۆزی.

زۆرترین بڵاوبونەوەی هەبووە و توندترین پەیوەندیشی هەبووە لەگەڵ مرۆڤی کوردی سۆمەریدا، لەبەرئەوەی خواوەند دومۆزی بەرجەستەکەری ڕاستەقینە بووە بۆ ژیانی زیندوویەتی و ژیانی لەناوچوونیش پێکەوە. بەهۆی پاراستنی بۆ ئاژەڵەماڵییەکان دەبێتە بەخشەری ژیان، بەهۆی ململانێشی لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکانیشدا دەبێتە تێکشکێنەری مردن و کاتێك لەگەڵ خواوەندە ئانانادا ئاهەنگ دەگێڕێت لەسەری ساڵی کوردیدا لەدوای زیندووبونەوەی لە مردن ئەوا بەم کارەی ژیانی زەوی و مرۆڤ تازەدەکاتەوە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات خواوەند دومۆزی زەوی و ژیانی دەگۆڕێت بۆ ڕزگارکەرێکی ڕۆحی،سەرپەرشتیکردن و دەسەڵاتی فراوان دەکات بەسەر جیهانی ژیان و جیهانی مردنیشدا،و بەتێپەڕبوونی کات و سەردەم خواوەندێکی تر سیفەتەکانی لەخۆ دەگرێت.

چەمکەکانی بیروباوەڕی خواوەند دومۆزی گوازرایەوە بۆ خواوەند ننجیزیدا ٣٧ لە چاخی جودیا ( چاخی سەلامەتی ئوری سێیەم نزیکەی ٢٣٥٠ پ.ز) و هیچکام لە خواوەند مەردۆخ خواوەندی بابلیەکان و خواوەند ئاشور خواوەندی ئاشورییەکان و خواوەند

---

٣٧. ناوی نینجیزیدا لەگەڵ دومۆزی هاتوە وەك دوو پاسەوانی دەرگای خواوەندی ئاسمان ئان لە ئەفسانەی ئادابای سۆمەریدا( بگەڕێوە بۆ فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان ل ٢٨ و٩٨ و١٣٧).

یەهوە خواوەندی عیبرانیەکان و خواوەند تیشۆب خواوەندی هۆڕییەکان و مەسیحی پێغەمبەریش لەکاریگەریی باوەڕی خواوەند دومۆزی دەرنەچوون.

کاتێك مەسەلەی مردن و زیندووبونەوە گەیاندنی هیوایەکی نادیار دەگەیەنێت لە توانینی ڕزگاربوون لە دەسەلاتی مردن، ئەوا پەیوەستبوون بە خواوەندێکی ڕزگارکەر دومۆزی ٣٨ نیشانەی لایەنگریی مرۆڤی کوردی سۆمەری بەرەو نەمری بووە.

لە گەرمەی ئاهەنگەکان بە جەژنی هەستانەوەی خواوەند دومۆزی گایەك دێنن کە خواوەند دومۆزی دەنوێنێت ( گا شێوەیەکە لە شێوەکانی دەرکەوتنی) دواتر باوەڕداران هەڵدەستن بە سەربڕینی گاکە و خواردنی گۆشتەکەی کە ئەمەش بریتییە لە دەربڕینێکی ئاماژەیی بۆ خواستەکانیان بۆ یەکگرتن لە گەڵیدا.

لە چەرخی زنجیرەی ئوری سێیەم ( هەزارەی دووەم پ.ز) باوەڕی خواوەند دومۆزی لە بەرامبەر ڕۆژدابەکارهاتوە لەبەر لێدانی بۆ هێزە تاریك و شەڕەنگێزەکان، شێوەی ژمارە(١٦) جودیا دەڵێت:

( شازادە لە زنجیرەی ئوری سێیەم) لەبارەی خواوەندی ڕۆژ ئۆتۆ خۆشگوزەرانی دەدات و شەڕ بە قاچەکانی تێکدەشکێنێت) لە شەریعەتی ئۆرنامۆدا هاتوە. شێوەی ژمارە(١٧) دامەزرێنەری زنجیرەی ئوری کوردی سۆمەری سێیەم: ( وامکرد کە شەریعەتی

---

٣٨. سەرکێشی ژیری یەکەمین، فراس سواح.

خواوەندی ڕۆژ هەموو وڵات بگرێتەوە)، خواوەندی ڕۆژ ( ئۆتۆ) ی ئاسمانی چەمکە مرۆییەکانی خواوەند دومۆزی وەرگرت و بەتایبەتیش چەمکی دیارنەمانی لە چاو گواستنەوەی چەمکەکانی خواوەند دومۆزی بۆ خواوەندی ڕۆژ مانای گواستنەوەی سیفەتی نەمریشە لەگەڵیدا بۆی.

لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی چەندجارەی دەرکەوتنەوەکانی خواوەند دومۆزی بووە هۆی لەدەستدانی پێشەوایەتی لە پەرستن و خواوەندێتیدا و خواوەندی ڕۆژ جێگەی گرتەوە( پاپار**PAPAR**) [٣٩]. کە ناوەندی پەرستنەکەی لە سیبار( زێبار) بووە کە جێگەیەکە لە کوردستانی باشور ( عێراق ) باکووری وڵاتی دوو ڕووبارەکە.

جێگرتنەوەی خوایەك بۆ خوایەکی دی بە بەردەوامی ڕوویداوە لە کۆمەڵگەی خواوەندە کوردە سۆمەرییەکاندا. لە پێش ئەمەشدا خواوەند **ئانلیل** جێگەی خواوەند ئان (خواوەندی ئاسمانی کوردی سۆمەری هەرەگەورە)ی گرتۆتەوە، هەروەها خواوەند مەردۆخ (خواوەندی بابلی) جێگەی خواوەندی بابلی هەرەگەورەی ئانۆ (خواوەندی ئاسمان)ی گرتۆتەوە، سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییەش خواوەند دومۆزی پێگەی فریشتەی هەرە گەورە و

---

٣٩. ناوی خواوەندی ڕۆژ لە زمانی سۆمەریدا و لەوێشەوە ناوی باپیر کە گەورەی کاهینەکانە لە ئایینی ئێزیدیدا هاتوە.

شەرەفی پیرۆزی نەپساوەی وەرگرت لە کوردستان بەدرێژایی هەزاران ساڵ و تا ئەمرۆش.

بیروباوەڕەکەی بەشێوەیەك لە شێوەکان ماوەتەوە لە هەموو چاخەکانی دواتردا[٤٠] و لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمیشدا، شێوازی دەربڕین لە بیروباوەڕی دوموزی پێشکەوت لە وێنەیەکی بەرجەستەوە بۆ وێنەیەکی ئاماژەیی تەنها و لە وێنەیەکی ئاماژەیی تەنهاوە بۆ بیروباوەڕێکی شاراوەیی کە تەنها هەڵگرەکانی بیروباوەڕەکە تێیدەگەن(بیروباوەڕی ئێزیدی کوردی).

دەتوانین بڵێین کە لە سەردەمی هەزارەی دووەمی پ.ز فکری ئایینی کوردی گۆڕدرا، تێکەڵ بوونی بیروباوەڕی خواوەند دوموزی زەوی لەگەڵ پەرستنی خواوەندی ڕۆژ (پاپاری ئاسمانی) ڕوویدا و وێنای درەختی ژیان بەدەرکەوت (سومبولی خواوەند دوموزی) کە لە سەریەوە خەپلەی ڕۆژی باڵدار هەیە، کە دوو مرۆڤ دەوریان داوە بەسەری باڵندە یان سەری شێرەوە، یان دوو دروستکراو لە مرۆڤ.

لە وێنای دیکەدا دوو پیاوی ڕووت یان مرۆڤێکی باڵندە کە بە هەردوو دەستیان ڕۆژێکی باڵداریان هەڵگرتوە دەبینین، ئەو بوونەوەرەی لە مرۆڤ و گا وەك هەڵگری ڕۆژ ( مۆری پادشای میتانی کوردی شاوشتار) دەردەکەوێت.

---

٤٠. تەمووز: باوەڕی نەمری و بەرجەستە بوون، ئەنتوان مۆرتکارت.

دەتوانین بڵێین کە بابەتە نەمرەکان، وەك ڕۆژی باڵدار وەك وێنە دروشمیەکانی تەنها دابونەریتەکان نەماوەتەوە، بەڵکو لە سەردەمی کوردی هۆریی یەکەمدا ١٥٠٠پ.ز -١٠٠٠ پ.ز بووە بەشێك لە بازنەیەکی فراوانی ئوستورەناسیی پیرۆز و زۆرینەی گرتە وێنەییە نەمرەکان مانایەکی ڕوونیان هەبوو، دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت لە میانەی هونەری کوردی هۆرییەوە٤١ کە وێنە کێشراون لەسەر مۆرە لولەکیەکان کە دەناسرێت بە شێوازی کەرکوك، واتە بە شێوازی چاپکراو کە دەچێتەوە سەر ژمارەی قوڕینی سەدەی پانزەهەمی پ.ز، کە لە شاری کەرکوك ( باکوری عێراق) دۆزراونەتەوە لەگەڵ دوو جێگەی تریشدا، یەکێکیان نۆزی ( گرد یان خانێکە لە رۆژهەلاتی هۆری) لە خوار دۆلێکی شاخێکی کوردستان لە رۆژهەلاتەوە، دووەمیشیان لە ئالاخ (گردی تینوو لە ڕۆژئاوای هۆری نزیك ئەنتاکیە).

زۆرترین گرتە کە ئاماژە بەو گۆڕانکارییە دەدەن بریتین لە سیمبۆلێك کە درەختی ژیان دەنوێنێت یان بەسەر ئاژەڵی ماڵیدا دەفڕێت یان ئاژەڵی ئەفسوناوی تێکەڵ وەك هەڵۆیەك بەسەری شێر۔ گای مرۆڤ ۔ شێری باڵدار ۔ شێر بەسەری مرۆڤ.

ئەم گرتە نەمرە دژ بەیەکانە وێناکێشراون لەسەر یەك تابلۆ لە ژێر وێنەی ڕۆژێکی باڵدار کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی خوای ڕۆژ لەو

---

٤١. سەرچاوەی پێشوو ل ٢١٧ و دواتر.

سەردەمەدا بە سیفەتی خوای گەردوون و دروستکردن و زەوی و ئاسمان و خوای هەموو بونەوەرە چاکەکان ( درەختی ژیان ـ ئاژەڵە ماڵیەکان ـ مرۆڤی گاو خراپەکان، هەڵۆ بەسەری شێر۔ شێری باڵدار ...هتد). بەو هۆیەوە دەبێتە گەورەترین خواوەند لە کوردستان.

گۆرانی پیرۆز[٤٢] تایبەت بە خواوەندی ڕۆژ ( پاپار) کە نوسراوەتەوە لەسەر چوار پایە لە نوسراوێکی بزماریدا دادەنرێت بە جوانترین و ڕۆشنترین دەقەکان و گۆرانییەکان کە خواوەندی ڕۆژ بەرز ڕادەگرێت، سوپاسی دەکات بەو سیفەتەی شوانی گەردونە و بەخشەری ڕووناکی و دادپەروەری و هەقە. چەند بەشێك لەو گۆرانیانە دۆزراونەتەوە لە شاری خواوەندی ڕۆژدا ـ سێبار( زێبار ـ باکوری عێراق ) لە ڕاستیدا لەوانەیە سەردەمی ئەو گۆرانییە پیرۆزە بریتی بێت لە سەدەی کوردیی کاشی یان هۆری بەنزیکەی ١٥٠٠ پ.ز:

**گۆرانی خواوەندی ڕۆژ**

ئەی ئەو کەسەی ڕوناك دەکەیتەوە( ... ) ئاسمانەکان

ئەی ئەو کەسەی کە تاریکی ڕۆشن دەکەیتەوە( ...) لەناوچە بەرزەکان و نزمەکاندا

ئەی ڕۆژی ڕوناککەرەوە ( ...) ئاسمانەکان

---

٤٢.ڕیشەی چەوساندنەوە خوێندنەوەیەك لە ئەدەبی کۆن: د.عبدالغفار مکاوی،زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٩٢،ل ٢٧٤ و دواتر.

تۆ دەتوانی بە ڕوناکییەکەت ( کە پەرشوبلاوی دەکاتەوە) تاریکیی شاخە بەرزەکان

کاتێك کە هەڵدێ کۆمەڵگای خواوەندەکان دڵخۆش دەبێت

( و) هەموو خواوەندەکانی زەوی

(ئیجیجی) ٤٣ پێت دڵخۆش دەبن

تیشکەکانت بە بەردەوامی نهێنییەکان دەگرن

وە بە ڕووناکیە درەوشاوەکەت ڕێگاکەی دەدۆزیتەوە

ڕوناکییە پاکەکەت هەمیشە دەڕوانێتە( ...).

( تۆش ...) چوار ئاراستەی دونیا وەك خوای ئار

دەرگاکانی هەموو دەکەیتەوە ( ...) بەوپەڕی فراوانی

خواردنە پێشکەشکراوەکان بۆ هەموو خواوەندەکانی زەوی پیرۆز دەکەیت جگە لە ( ئیجیجی)

لەکاتی ڕۆژ هەڵهاتندا مرۆڤ چۆکدادەدات ( ...)

( ...) هەموو وڵات

ئەی ڕۆشنکەرەوە ئەی ڕەوێنەرەوەی تاریکایی گومەزی ئاسمان

ئەی ئەو کەسەی گڕ دادەگیرسێنێت لە ( ڕیشی) گا و کێڵگەی گەنم و ژیانی وڵات جوانیەکەت دەکشێتە سەر چیا بەرزەکان،

---

٤٣. خوای زەوی جیهانی ژێرزەوی سۆمەری: فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان لە وڵاتی دوو ڕووباردا ، د.ادزارد ، م.ه.بۆپ، ف.رۆلینغ.ت،و محمد وحید خیاگە.

ڕوناكییە بەهێزەكەت وڵات پڕ دەكات بۆ ئەو پەڕی
تۆ سەردەكەویت بەسەر شاخەكاندا و لەدووی"ماڵی"زەوی دەگەڕێیت
لە ئاسمانەوە بازنەی وڵات دەدەیت
هەموو گەلانی وڵات چاودێری دەكەیت
هەموو ئەوەی كە ئایا بەجێی هێشتوە، پادشای كۆمەڵگەی خواوەندەكان، بەتۆ سپێردراوە
هەموو ئەوەی كەم دەكات دەیپارێزیت بەبێ جیاوازی،
هەرتۆی لەناوچە بەرز و نزمەكاندا دەیانپارێزیت
تۆ ئاسمانەكان دەبڕیت بەڕێكوپێكی و بەبێ وەستان
لەهەموو ڕۆژێكدا بە چوار دەوری زەوی فراواندا دەسوڕێیتەوە
زۆری دەریا و شاخەكان، زەوی، و ئاسمانەكان
بەسەریدا دەپەڕیتەوە وەك (...) هەموو ڕۆژێك بەبێ وەستان
لە جیهانی ژێرەوەدا گرنگی دەدەیتە هەموو خواوەندەكان كوزۆ، ئانۆكی
لەزۆر بەرزەوە هەموو كاروباری مرۆڤ بەڕێوە دەبەیت
ئەی شوانی( زیندوەكان) لە ( ناوچەكانی) دونیادا
پارێزەری( زیندوەكان) لە بەرزاییەكانەوە
تۆ بەڕێوەبەری ئەی ڕۆژ  و هەر تۆ ڕوناكیی هەموو شتێكی.
تۆ هەرگیز بێتوانا نابیت لە پەڕینەوەی دەریا فراوان و گەورەكاندا
ئەوەی كە ئیجیجی (خوای زەوی) قووڵاییەكەی نازانێت
ئەی ڕۆژ، بریسكە درەوشاوەكەت دەچێتە قووڵایی قووڵاییەكانەوە

بەشێوەیەك كە دڕندەكانی دۆڵەكانیش ڕوناكییەكەت دەبینن،
لەبەرئەوەی تۆ ئەی ڕۆژ وەك دەزوو گرژ دەبیت ( تۆڕ).
وەك تەم بڵاودەبیتەوە.
پارێزگارییەكەت وڵات دەگرێتەوە.
تۆ لەكاتی ڕۆژدا بەرت ناگیرێت، ڕۆشناییەكەت تاریكی دایناپۆشێت
لە شەویشدا ئاگرەكەت بەردەوام گڕداره(...).
بۆ ناوچە نەزانراو و دوورەكان و بۆ دوورایيە نەژمێردراوەكان،
ئەی ڕۆژ ( لە ڕێگەتدا) پاڵ بە ڕۆژەوە دەنێیت و شەویش دەهێنیت
هیچكەس لە ( ئینجیجی) هەموویان بە هێندەی تۆ تێناكۆشن،
هیچكەس لە كۆمەڵگەی خواوەندەكان بەهێندەی بەرزی تۆ بەرزنابنەوە،
لەكاتی هەڵهاتندا خواوەندەكانی وڵات كۆدەبنەوە
بریسكە بەهێزەكەت وڵات دادەپۆشێت.
هەموو( دانیشتوان) ی وڵات كە لەناویاندا زمانی قسەكردن جیاواز دەبێت،
پلانەكانیان دەزانیت، ڕێگا شاراوەكانیان دەزانیت،
هەموو مرۆڤ لە بەردەمدا چۆكدادەدەن،
ئەی ڕۆژ، دونیاش، مەیلی ڕوناكییەكەت دەكات.
( لە ) تەشتی ناسینەوەدا كە دروستكراوە بە تەختەی ئورز.
ڕوناكی دەكەیتەوە( تۆ) چاوی دڵی كاهینەكانی خەو و خەوەكان شیدەكەیتەوە.

( ......) لە ڕێکخستنەکان کڕنۆشت بۆ دەبەن،
( هەروەك ) چۆن خراپەکاران و دادپەروەرەکانیش کڕنۆشت بۆ دەبەن.
( هیچ کەسێك نیە ) جگە لە تۆ دابەزێتە قووڵاییەکانەوە،
( ...) ئاگری بڕیارەکانت دەگریتە تاوانبار و دەسدرێژیکارەکان بۆ سەر یاسا.
ئەوی مێ( ئەوی نێر) لێدان دوای لێدان تێیدەکەوێت...(...)
تۆ دوای ئەو نەگریسە دەکەویت کە پارێزگاری لێدەکات ( ...) بۆ دونیای ژێرەوە
و دەیهێنیەوە لە ڕووباری دونیای ژێرەوە کە بە تاوانەکەیەوە گرتوتە(...)
ئەوەی بڕیاری لێدەدەیت بڕیارێکی دادپەروەرانەیە ئەی ڕۆژ(...)
بڕیارە ئاشکراکەت گۆڕانی بەسەردا نایەت و ناکرێت(...)
تۆ پاڵپشتی ڕێبواریت لەسەر ڕێگا سەختەکەی
دەریاوانە ترساوەکان لە شەپۆلەکان و دەیدەیتێ(...)
تۆ ڕێگا شاراوەکان دەپارێزیت،
هەر تۆی کە بە بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێگایانە دەڕۆی کە تووشی(شەمش بە تەنها).
تۆ ئەو بازرگانە ڕزگار دەکەیت لە گەردەلوول کە لەگەڵ خۆیدا سامانەکەی هەڵگرتووە،
ئەوەی (...) دەچێتە قووڵایی زەریاکانەوە تۆ باڵی پێدەبەخشیت.

هەر تۆی ڕێگە بە پەنابەر و هەڵهاتوەکان نیشاندەدەیت بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆی دەچن،
ڕێگاش پیشانی دیلێك دەدەی کە کەس نایزانێت جگە لە شەمش،
پیاو لە (...)
ئەو بەندکراوەی (...) لە بەندیخانە(...)
ئەوەی کە( لێی تووڕە بووە)(...)
تۆ پاڵپشتی نەخۆشەکان دەکەیت(...)
چارەسەری دەکەیت(...)
هەڵیدەگریت(...)
تۆ لە زەویەکدای کە گەڕانەوە لێی نیە(...)
خواوەندە تورەکان(...)
بەرز ڕادەگریت(...)
ئەی شەمش،لە تۆڕەکەتدا(...)
لە چاوی ( شەکتەك)... دەرناچیت.
ئەوەی کە بەشەکان دابەش دەکات(...)
ئەوەی کە ناترسێ ( ...)
تۆڕەکەت فراوان و بڵاوبۆتەوە(...)
ئەو پیاوەی کە حەزی دەچێتە ژنی دراوسێکەیەوە.
لەوانەیە( ...) پێش ڕۆژی دیاریکراو
بۆی ئامادەکردوە شەڕێکی خراپ(...)
باوکی بەلایەوە ناوەستێت بۆ بەرگریکردن لێی.

براكانیشی وڵامی دادوەر نادەنەوە بۆ ئەوەی وازی لێبێنێت
دەكەوێتە كەمینێكی مسییەوە كە چاوەڕوانی نەدەكرد،
تۆ شاخی ئەو خراپەكارە دەشكێنیت كە فێڵ و تەڵەكە ڕێكدەخات.
ئەو ...خاوەن گڕ و تینەی كە بنەماكان لێك هەڵدەوەشێنیت( كە دایناوە).
دادەوەرە خراپەكە وا لێدەكات كە كۆت و بەند تاقیبكاتەوە،
ئەوەی كە دیاری وەردەگرێت لەگەڵ ئەوەشدا دادەوەری پیادە ناكات كە سزا دەیخوازێت.
بەڵام ئەوەی دیاری ڕەتدەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕیزی بێدەسەڵاتاندا دەوەستێت،
ئەوا شەمش دڵی پێیخۆشە و تەمەنی درێژ دەكاتەوە.
ئەو دادەوەرە دەستپاكەی كە بڕیاری دادپەروەرانە دەردەكات.
كۆشك داگیر دەكات و لەگەڵ شازادەكاندا دەژی.
چ سوودێك دەبینێت ئەو كە سەروەت و سامانەكەی لە نێردەیەكی بازرگانیی نزیكدا وەگەڕ دەخات
ئەوە ئومێدی ناهێڵێت لە دەسكەوت و سامانەكەشی لە دەستدەدات.
بەڵام ئەو كەسەی سامانەكەی وەگەڕ دەخات لە نێردەیەكی بازرگانی دووردا یەك شاقل دەدات لە بەرامبەر...
ئەوە شەمش دڵخۆش دەكات و تەمەنیشی درێژ دەكات.
ئەو بازرگانەی پەنا دەباتە بەر فێڵ لە تەرازوودا.
دوو جۆر لە تەرازوو بەكار دێنێت و نزمی دەكاتەوە لە ( ...)

ئومێدی بە دەسکەوت لە کیس دەدات و ( سامانەکەشی ) ون دەکات.
بازرگانی دەستپاکیش کە بە ڕاستی و داد پەروەرانە دەکێشێت.
هەموو شتێکی پێشکەش دەکرێت بە حەق( ...).
ئەو بازرگانەی لە کێشانی گەنمدا فێڵ دەکات
( گەنم) بە قەرز دەدات و کێشەکەی سووک دەکات تاڕادەیەك لەگەڵ ئەوەشدا
داوای نرخێکی گران دەکات.
نەفرەتی گەلی بەردەکەوێت پێش ئەوەی بمرێت.
ئەگەر لە پێش وادەی دیاریکراو بۆ دانەوەی قەرزەکە داوای نرخەکەی بکات ئەوا
گوناهی دەگاتێ.
میراتگرەکەی مافی بەکارهێنانی سەروەتەکەی نابێت،
و براکانیشی ناتوانن دەست بەسەر موڵکەکانیدا بگرن.
بازرگانی دەستپاك کە دادپەروەرە لە کێشانی ( گەنم)دا تا دواڕادە
ئەوا چاکەکانی زیاد دەکات،
شەمش دەیپارێزێت و تەمەنی درێژ دەکات.
(تاکەکانی) خێزانەکەی زیاد دەکات، سامانێکی زۆریشی دەستدەکەوێت
وەکو ئاوی بەهار ناگۆڕێت و نەوەکانیشی شکست ناهێنن.
لەبەر ئەوە ئەو کەسەی چاکە لەگەڵ خەڵکدا دەکات و فێڵ نازانێت،
ئەو پیاوەی هەمیشە نیازەکانی دەشارێتەوە بە دووڕوویی ـ حاڵی خۆیت ( پێشان دەدات).

ئەوا وەچەی خراپەکاران گەورە دەبن( بە شکستی)
ئەوانەی بە دەمیان دەڵێن ( نا ) ـ کێشەکەیانت پێدەڵێن ـ
لەچرکە ساتێکدا تێدەگەیت کەچی دەڵێن.
دەیانبینی و تاقیاندەکەیتەوە، لەداواکاری زوڵملێکراوانیشدا بڕیار دەدەیت.
هەموو تاکێك( چارەنووسی ) یت لەناو دەستدا دادەنێت،
هەرتۆی کە پێشبینی دەکەیت لە چارەنووسیاندا و ئەوەی کە نادیارە بۆیان ڕووندەکەیتەوە
ئەی شەمش تۆ چاودێری نوێژ،کڕنۆش،نزا
ملکەچی،چەماندنەوە،دابو نەریتی ئایینی و کڕنۆشبردن دەکەیت.
بێدەسەڵات لە قووڵایی گەروویەوە داوات لێدەکات،
بێنەوا، ژێرکەوتوو و ئالوودە، هەژار ،
ئەوەی کوڕەکەی دیلکراوە بە بەردەوامی ڕووت تێدەکات بەبێ وەستان.
ئەوەی کە خێزانەکەی لێی دوورە و شارەکەشی دوورترە
ئەو شوانەی کە (چوار دەورە دراوە) بە ترسی دەشتەکان ڕووت تێدەکات.
شوانی ڕانەکان لە شەڕدا، پاسەوانی مەڕەکان لە ناوەڕاستی دوژمندا لێرەدا، ئەی شەمش، کاروانێك ڕووت تێدەکات، ئەو کاروانچیانە کە ترس گەمارۆیان دەدات.
بازرگانی ڕێبوار، نوێنەری هەڵگری سەروەت و سامان.

لێرەدا ئەی شەمش، ڕاوچی ماسی پێتدەگات( ئەوەی بڵاویدەکاتەوە) تۆڕەکەی.
ڕاوچی، تێگری کەوان کە نێچیرەکان ڕاو دەکات،
ڕاوچی باڵندەکان پێت دەگات کە تۆڕەکەی هەڵگرتوە،
دزی خۆ حەشارداو، دوژمنی ڕۆژ،
گەڕۆك بە دوای نێچیردا لەدۆڵەکان و دەشتەکاندا ڕووت تێدەکەن.
مردووی گەڕۆك، ڕۆحی ئاوارە،
بەرەو ڕووت دێن ئەی شەمش گوێ لە هەمووشیان دەگریت.
تۆ هەوڵی هیچکەس بە فیڕۆ نادەیت کە ئەتگاتێ...
ئەی شەمش نەفرەتیان لێناکەیت،لەبەر دڵی من.
ئەی شەمش تۆ ڕوناکییەکانت دەبەخشیتەوە بەسەر خێزانی خەڵکاندا.
لە بەختیان دەڕوانیت و سەرپەرشتی قوربانییەکانیان دەکەیت.
بەدرێژی هەر چوار ئاراستەکەدا کاروباریان بەڕێوە دەبەیت.
تا ئەو جێگایەی (کە دەیگاتێ) شوێنی مرۆڤ بە ڕوناکییەکەت دایاندەپۆشیت.
ئاسمانەکان بەشی ئەوە ناکەن ببنە قاپێك کە سەیری بکەیت،
هەموو وڵاتەکانیش شایەنی ئەوە نین ببنە تاسێکی جادوگەران.
لەڕۆژی بیستەمدا دڵخۆشی و ئارامی دەستپێدەکات.
پێخۆرە ڕووتەکەیان دەخۆین، خواردنەوەی مەیفرۆشەکە لە بازاڕ دەخۆیتەوە .

ئەوان مەیەکەی مەیفرۆشەکەت بۆ تێدەکەن و پەسندی دەکەیت.
تۆ ئەوانە ڕزگار دەکەیت کە شەپۆلە سەرکێشەکان پەلاماریان دەدات.
لە بەرامبەردا پەرداخە ڕووتەکانیان پەسند دەکەیت.
تۆ مەیە ساردەکەیان نۆش دەکەیت لەگەڵ پێخۆرەکەدا،
دوایی ئاواتەکانیان دێنیتە دی کە دەیخوازن.
کۆتی ئەوانە دەکەیتەوە... کە چۆکت بۆ دادەدەن،
ئەوانەی کە بە بەردەوامی نزا دەکەن نوێژەکانیان لێوەردەگریت،
ئەوان سوپاسگوزاری تۆ دەکەن بە ملکەچی،
کڕنۆش دەبەن بە بەردەوامی بۆ گەورەیی تۆ تا هەتا هەتایە.
( بەڵام) سووك و ڕیسواکان ئەوانەی کە دووزمانی دەکەن بەسەر خەڵکەوە،
ئەوانەی وەکو هەور وان نە ڕوویان هەیە و نە...
ئەوانەی کە بەسەر( ڕووی) زەوی فراواندا تێدەپەڕن،
و بەسەر شاخی بەرزدا هەڵدەگەڕێن،
دڕندەکانی دەریا کە ترس دایاندەگرێت ( پەشێوی)،
قوربانیەکانی دەریاکە لە قووڵاییەکاندا دەجوڵێن،
ئەی شەمش دانبنێ بەو ڕووبارەی کە تێدەپەڕێت بە بەردەمتا.
لە کوێن ئەو شاخانەی کە تیشکەکانت دایانناپۆشێ( بە بەرگەکەی)؟
ئەی ڕووناککەرەوەی تاریکایی و ئەی ڕۆشنکەرەوەی تاریکی،
ئەی ئەو کەسەی کەوا لە زەوی دەکەیت بدرەوشێتەوە بە ڕووناکی و گەرمیی لێوە دەنێریت بۆ زەوی لە ( کاتی) نیوەڕۆدا.

وا لە زەوی فراوان دەکەیت کە بدرەوشێتەوە وەك ڕۆشنکەرەوەیەکی گرڕدار،
ڕۆژەکان کورتدەکەیتەوە و شەوەکانیش درێژ،
( دەبیتە هۆی) سەرما و شەختە و بەفر و سەهۆڵ،
( ...) هەژێنەری ئاسمان، کە دەرگاکانی زەوی دەکەیتەوە لەسەر پشت،
ڕۆیشتنی خاپور، سەوڵەکان، دەسکی دەرگاکان
ئەی بەخشەری ژیان(...)لەوەی کە ڕەحمەتت لێسەندۆتەوە،
( ...) بەندی لە جەنگدا ململانێی مردنە.
شاردنەوە، ڕاوێژکردن، گفتوگۆ، ئامۆژگاری،
(...) بۆ گەلانی بڵاوبۆوە لە ئاسۆکاندا،
... عەرش، دیوانی پاشایەتی...
... هێز ... دەسکەوت...
درەوشاوە،( لە) پێگەی درەوشاوەتدا،
( ...) سفرەیەك لە ناوچەکانی دونیا،
( ...) دەسەڵاتدار،کاهن، ئانۆ، شازادە،
مافت دەدەنەوە لە گەورەییدا.
( ...) سامانی وڵات لە قوربانیدا،
(...) بۆ نوێکردنەوەی سەکۆی عەرشت.
( ...) ئەی ئەو کەسەی کە گوتەکانی ناگۆڕێت،
بۆ ئەوەی پێتبڵێت( ژنەکەت ئایا) لە جێگەدا( بۆ ئەوەی دەروونت ئاسودە بێت) ٤٤

٤٤. ڕیشەی چەوساندنەوە: د.عبدالقادر مەکاوی، زنجیرەی جیهانی زانست،ژمارە ١٩٢ ل ٢٧٩.

بەبڕوای من ئەم دەقە هەموو شەریعەتی ئێزیدی لەخۆ دەگرێت و دەشێت ببێتە بەشی ( سیفری) دووەم، لەدوای بەشی ( سیفری) چارەنووسی خواوەند دومۆزی لە کتێبی ئیزیدایەتی پیرۆز کە تائێستا نەنوسراوەتەوە.

لەچەرخی کوردی کاشی یەکەم( ١٥٧٠ پ. ز) بیروباوەڕی خواوەندی ڕۆژ ( پاپار ) پەیوەست بوو بە گشتگیرییەوە بە تایبەتمەندیی بوون و هێز و دەسەڵاتی گشتی و دانایی و دادپەروەرییەوە.

خواوەند پاپار( خۆر) کە خواوەندی هەق و دادپەروەری و یەکسانیە بە پاپۆڕە خۆرییەکەیەوە هەموو ڕۆژێك بە دەوری دونیادا دەسووڕێتەوە بۆ بینینی بارودۆخی مرۆڤەکان و ئیشوکارەکانیان لەنزیکەوە، خێر و ڕووناکی دەبەخشێتە باشەکان و تاوانبار و خراپەکارانیش سزا دەدات، هەتا کەسایەتی خواوەند دومۆزی تەواو ببێت لە کەسایەتیی خواوەند پاپاردا، دانای کوردی کاشی ڕەنگی چەمکی خواوەندی مرۆڤی بەسەر خواوەند پاپاری بەرزدا بووە، لەبەرئەوە خواوەند پاپار دەرکەوتوە لەسەر شێوازی مرۆڤ کە لێیەوە گورزەیەك لە تیشك و ڕووناکی دەرچووە، بە پێی ئەو دەسکەوتە شوێنەوارییانەوە لە سەدەی کاشی یەکەمدا خواوەند پاپار چوارمشقی بەشێوەیەکی ڕەها دانیشتوە لەسەر لوتکەی کۆمەڵگەی کوردی کاشی.

زانیارییەکانمان لەسەر مێژووی کوردی کاشی کەمە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لە بواری میتۆلۆجیدا، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە لەسەدەی کاشی کوردیدا سیستمی خێڵەکیی کوردی سەریهەڵداوە کە پێدەچێت ژمارەیەك هۆزی یەکخستبێت لەیەك ئاتووندا، لەسەروو هەمووشیانەوە دەسەڵاتی خاوەندارێتی.

دەسکەوتە لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئاماژە دەدەن بەوەی کە کاشییەکان تاڕادەیەك لەسەر ئاستێکی پەسەندکراوبوون لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و میتۆلۆجیدا.
خواوەندی کاشییەکان جلوبەرگی بە شکۆی لەبەرکردووە وەکو خواوەند بروباش کە ناودەبرێت بە خودخا و خواوەند شیخۆ (سن) و سوریاش ( شاماش) و میری زیر ٤٥، هەروەها بۆچوونە ڕەوشتییەکانیش پێشکەوت کە چاکەی لە خراپە جیاکردەوە و ڕۆڵی خواوەندی پارێزەری ( خودانی مالی) کە خاوەنەکەی دەپارێزێت لە ئازاری هێزە خراپەکارەکان لە بەرامبەر پێشکەشکردنی ملکەچی و خزمەتکاری و قوربانیدان و نوێژکردن بۆی، لەگەڵ ئەوەی ئەم خودایە کە پێویستبوو خودایەکی لاواز و ساکار بێت، لەتوانایدا بوو کە ویست و نارەزایی و دادویستی خاوەنەکەی بگەیەنێتە خواوەندی هەرە گەورە پاپار و بۆی بپارێتەوە.
خەڵکی لەسەردەمی کاشیی کوردیدا بڕوایەکی تەواویان بەدادپەروەریی خواوەندی هەرەگەورە و دانایيەکەی هەبووە بەسەریانەوە بە خراپە یان بە باشە، هەروا خەڵکی بڕوایان وابوو کە ئەو بەلاو نەهامەتیانەی بەسەریاندا دێت ئەوا سزایەکە بۆیان

---

٤٥. بگەڕێوە بۆ فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان لەبارەی خواوەندی کاشی ل ٤٩-٥٠.

لە خواوەندەوە لەبەر کەمتەرخەمی لە بەجێگەیاندنی ملکەچی و ئەرکە پەرستاریەکاندا.وایلێهات بە تەنها بیرۆکە لەچواردەوری خواوەندی هەرەگەورە پاپار بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەژی لەگەڵ خواوەندی هەرەبچووکدا. وەك بنەمایەکی گشتیی بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردیی کاشی سەرەتایی تێکچڕژاوە لە دژایەتی و بەریەککەوتن لەگەڵ کۆمەڵگای چینایەتی لە کوردستانی کاشیدا خەڵکی دابەشبوون بۆ دوو چین، چینی کۆیلەکان، چینی ئازادەکان کە دەستی گرتبوو بەسەر هەموو شتێکدا لەناویشیاندا دەسەڵات، بەکاریهێناوە بۆ چەوساندنەوەی کۆیلەکان کە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیی کاشی پێکدەهێنا.

لەکاتێکدا کە گرەنتی ئاسایشی تاك و کۆمەڵگا لەسەدەی کاشی هۆزی یەکەمدا بریتیبوو لە هۆز کە تاکەکانی دەپاراست، ئەوا لەو قۆناغەدا پاراستنی تاك بووە ئەرك و لێپرسراوێتی دەوڵەت، ئا لێرەوە ڕۆڵی پادشای دادپەروەر بەدەرکەوت وەك هێزێکی ڕێکخەری بەرز لە سەروو هەموانەوە( خواوەندی مرۆڤ پاپار) کە بەشێوەی کردارەکی خەڵکی یەکدەخات کە خاوەن بەرژەوەندی و ئاراستەی جیاوازن.

لە کۆتایی چەرخی کاشیدا ئەو بیروباوەڕە گەشەی کرد کە دەڵێت:

خواوەند لە سەرەتاوە چارەنووسی خەڵکی دیاریدەکات، بڕوای خۆشباوەڕی تایبەت بە توانستی کارتێکردن لەسەر ئاییندە و دوورکەوتنەوە لە بەڵا و نەهامەتی بڵاوبۆوە ئەمەش بە بەزەییهاتنەوە و پاڕانەوە لە خواوەند بە نوێژ و نزاکان و

قوربانیدانەکان گرنگی ڕۆڵی کاهینەکان کە خەڵکی پێیدەدات زیادیکرد( پیرە و کوچك)، و پێغەمبەرانیش.

ئاشکرایە پێویستبوو لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەو ئەرکە دەبینن جیابکرێنەوە بەسیفاتی لەش و لار و دەرونی تایبەت و لە توانابەدەر.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیش پیرۆزیی ئەو کاهینانە زیادی کرد و بەخێرایی گۆڕدرا بۆ مافێکی تایبەتی کە کاهینەکان بەدەستیانهێنا یان پێغەمبەر وەك شتێکی پەیوەست بەپێگەی ئایینیەوە کە ئیشی تیادا دەکات.

لەگەڵ ئەزموون و بەدەستهێنانی زانیاریی ئایینی و پاشخانێکی گەورە لە ڕۆشنبیری ڕۆحی بەرز لە توانایاندا هەبوو کە خوێندنەوە بۆ ئایندە بکەن. بۆ ئەوەی ئەوانە پارێزگاری لە دەسەڵاتیان بکەن کۆمەڵێك دابونەریتی ئایینیی ئاڵۆزیان داهێنا، خۆشیان تایبەت کرد بەلەبەرکردنی جلو بەرگ و سیمای پەیوەست بەو پێگە پیرۆزەوە.

ڕۆشنبیریی ئایینی تەنها بۆ ئەوان قۆرخکرابوو، بوونە پارێزەری کولتوری ئایینی و ئەرکی دەرگاوان و کلیل بەدەستی پەرستگایان دامەزراند، ئیشوکارەکانیان بەئاگایی ورد و قووڵ و گشتگیر جیادەکرایەوە کە لەلایەنی ئایینیەوە بڕوابوونی ڕەهایان ئاشکرا دەکات بەدەسەڵات و بڕیاری خواوەند بەسەر دونیادا، بەمەش گەیشتن بە پلەی دانایی و پێغەمبەرێتی.

کۆمەڵێك لە پەند و ئامۆژگاری ڕەوشتی هەن کە ئەو دانایانە پێشکەشی خەڵکیان دەکرد کە پێکدێت لە نزیکەی ١٦٠ دێڕ کە

دابەشکراوە بۆ ئامۆژگاری و بڕیاری چڕ کە هەر ئامۆژگارییەك لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوە، زۆربەیان گوازراونەتەوە بۆ کەلتوری پێشینانی کوردیی زارەکی بەدرێژایی هەزاران ساڵ تاکو ئێستا. مامۆستا لامبرت وای بەڕاست دەزانێت کە سەردەمی ئەو ئامۆژگارییانە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کاشی لە نێوان ١٥٠٠-١٢٠٠ پ.ز ئەمەش بە پاڵپشت بە ڕۆحی باوەڕی قووڵ کە لەناو ئەو ئامۆژگاریانەدا هەن کە لەناو کوردە کاشیەکاندا لەو سەردەمەدا بلاوبوون.لەخوارەوە گرنگترین ئامۆژگاری دەنوسینەوە کە لەسەر زاری ئەو دانایانەوە هاتوون ٤٦:-

**دەمە دەمە مەکە لەگەڵ ئەو کەسەی کە هەواڵی خراپ دەگوازێتەوە**

**ڕاوێژ بە کەسێکی بێکار مەکە**

**( چاکەکانت) دەتکاتە عەقڵی پێشەوا بۆ ئەوان**

**دوورکەوە لە هاوڕێی خراپ**

**زاراوەی پیس بەکار مەهێنە**

**هەواڵی درۆ مەگەیەنە**

**خواردن بدە بە برسی و خواردنەوەش بە تینوو**

**ببەخشە بەسواڵکەر، بە بەزەیی بە لەگەڵ نەخۆشدا و ڕێزی لێبگرە**

---

٤٦. ڕیشەی چەوساندنەوە: د. عبد الغفار المكاوى ل ٢٥٦-٢٦٦.

**قسە بۆ کەس هەڵمەبەستە و تەنها بە چاکە بدوێ**

قوربانیدان تەمەن درێژ دەكات

نوێژ دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی گوناه.

لە چەرخی هۆری ـ میتانی نزیکەی ١٠٠٠ پ.ز هونەرێك دەركەوت كە پێی دەوترا هیلانی ٤٧ لە **گردی حلف** كە بریتیبوو لە دڵی مەملەكەتی هۆری ـ میتانی و لەسەر دوو جۆر بوو:

یەكەم : بریتیبوو لە پەیكەری زۆر گەورە( لە دەروازەی كۆشكی گردی حلف) كە بریتیبوو لە دوو ئەبولهەول و سیانی دیكە كە نوێتەرایەتیی خواوەندیان دەكرد كە وەستا بوون لەسەر شێر و گا.

دووەم: بریتیبوو لە تولێك لە پلێتی بەردی هەڵكۆڵراو كە ڕووی پێشەوەی كۆشكەكەی پێكدەهێنا لەگەڵ سێ لاكەی دیكەیدا لەسەر شێوەی كۆڕنیشی بەرز دروستكراو لە بەردی **یازڵتی** ڕەش و بەردی قسڵی سپی.

بەپێی ڕای مامۆستا ئەنتوان مۆرتكارت ٤٨ سێ پەیكەرە باڵدارەكە سیانەیەكی خواوەندی پێك دەهێنن لە خواوەندەكانی دەوڵەتی هۆری،خواوەند تیشۆب و خواوەندە شیبان و خواوەندی ڕۆژ. لەوێدا و لەسەر ڕووكاری پەرستگای ( **گردی حلف** ) ڕاست و

٤٧. شێوازێكی هونەری تەلارسازی ڕۆژهەڵاتی كۆن دەركەوت لە ڕۆژئاوای ئاسیادا لە چەرخە كۆنەكاندا.

٤٨. تەموز: باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون: ئەنتوان مۆرتكارت ل ٢٣١

چەپ حەوت تابلۆی بەردین هەیە، سیانیان لەسەر لای ڕاستی دەروازەكە و سیانیان لەسەر لای چەپە. كە بەرامبەر یەكتر بوون بەڵام

تابلۆی حەوتەم کە لە گۆشەیەکی وەستاودا دانراوە لەگەڵ تابلۆکانی دیکەدا.لە تابلۆی بەرامبەریدا تەنها پاشماوەیەکی وێنەیەك ماوە کە وێنای دوو شێرن کە بەرەو دەروازەکە هەنگاو دەنێن، ڕمەکانیشیان لەبەرامبەر ڕاکێشراوە، وێنەی ڕمەکان لەسەر دوو تابلۆ کێشراوە، جارێك لەگەڵ گا و جارێکیش لەگەڵ وەعل، تابلۆی سێیەمیش هەردوو تابلۆی دوو شێرەکە لە یەك جیا دەکاتەوە، تابلۆی چوارەمیش لەنێوان دوو تابلۆی ڕمەکاندا هەیە. لەسەر یەکێ لە تابلۆکان خواوەندێکی چەکدار دەردەکەوێت بەگۆپاڵێکەوە( داری دەستی پادشاوە)، بەڵام لەسەر تابلۆی دووەم وێنەی خۆرێکی باڵدار دەردەکەوێت کە پیاوێکی باڵا کورت هەڵیگرتوە کە لەسەر یەك ئەژنۆ دەڕوات، لە کاتێکدا هەردوو باڵی هەریەکە لە مرۆڤ ـ گا ڕایانگرتووە.( شێوەی ژمارە ١٨).

لەسەر تابلۆی بەردینی حەوتەم شێرێکی باڵدار بەسەری مرۆڤێکی ڕیشدار و شاخدارەوە دەردەکەوێت ( شێوەی ژمارە ١٩-٢٠).

ئەگەر لەو وێنا نەمرانە وردببینەوە و لە چوارچێوەی فکری ئایینی خۆیاندا دایانبنێین هیچ سەختیەك نابینین کە بێتەڕێمان تایبەت بەو تابلۆیەی کە وێنای خواوەندی ڕیشدار و خاوەن گۆپاڵ( داری دەستی پادشا) دەکات.

بەڵام وێناکانی دی کە وێنای ڕاوچی و گا و ڕاوچی و وەعل و دوو شێر و شێری باڵدار بەسەری مرۆڤ و ڕۆژی باڵدار کە هەڵگیراوە لەسەر شێوەی پیاوێك کە سیمای خواوەندی دومۆزی هەیە و لەسەر شێوەی دوو وێنەی مرۆڤ و گا دایە. ئەمانە هەمووی لەسەر مۆرە لولەکیەکانی

هۆرییەکان پێیان ئاشنا دەبین وەك کۆمەڵە بابەتێك بۆ دابونەریتی خواوەندی ڕۆژ بە سروشتی زەوی.

بیرۆکەی سەرەکی لێرەدا بەتەواوی پشت دەبەستێت بە ئەو بیرۆکەیەی کە دۆزیمانەتەوە لەسەر مۆرەکانی کەرکوك کە بریتییە لە بیرۆکەی ململانێ لەگەڵ خواوەندی ڕۆژ دژی هێزە شەڕەنگێزەکان، هەڵدەری ڕمەکان کە کەوانەکەی دەگرێتە شێرەکەی کە دەیەوێت گاکە و وەعلەکە بپارێزێت لە خراپەکاری. بریتییە لە هەمان بیرۆکە، هەروەها ڕۆژە باڵدارەکە لەگەڵ خواوەند دوموزی و مرۆڤی گا بریتیە لە تێکەڵکردنی پەرستنی خواوەندی ڕۆژ لەگەڵ بیروباوەڕی خواوەند دوموزی کە لەدواتردا هاتە بوون و دەرکەوتن لە **تیشۆبدا** خواوەندی کوردە هۆرییەکانە.

سەرەڕای ئەوەی کە تووڵی ئەفرێز کە پێکهاتووە لە ١٧٨ تابلۆی بەردین کە لە چوارچێوەی پلانێکی ورددا جێبەجێکراوە لەلایەن هۆرییەکانەوە بەڵام ئەو ڕاستکردنەوانەی کە جێبەجێکرا لە شێوازی دانانی تابلۆکاندا لە چەرخێکی دواتردا پەیوەندیی دواتری ئەو گرتانەی وێنە کێشراوبوون لەسەر ئەو تابلۆیانەی تێکدا.

بەلای ئۆێنهایمەوە ئەو تابلۆیەی کە هەڵکۆڵینێکی لەسەرە لەسەر شێوەی دارخورمایەك تەنها لەنێوان دوو ئاژەڵدا ( دوو مانگا ) کە لەسەر هەردوو قاچی دواوەیان وەستاون و لە درەختەکە دەخۆن ئەوە بەبێ گومان سیمبولی خواوەند دوموزییە( هەروەها دارخورما لە نێوان

دوو ئاژەڵدا جێگەیەکی دیاری داگیر کردووە لەسەر دیوارەکانی هیلانی لە **گردی حلف)**.

هەروەها تابلۆیەك هەیە کە هەڵکۆڵراوێکی لەسەرە کە وێنەی ئاژەڵێك و ڕوەکێکی لەسەرە. لە هەڵکۆڵراوێکی تردا وێنەی مرۆڤێکی لەسەرە کە پاڵتۆیەکی لەبەردایە و لەسەر کورسیەکی بێ دەسك دانیشتوە و گوڵێکی بەدەستەوەیە لە بەرامبەر دەم و لوتیدا بەمەبەستی بۆنکردنی و لە پێشیشەوەیدا دروشمی ڕۆژی باڵدار هەیە کە دوو کەس هەڵیانگرتوە لە مرۆڤی گا، ئەو وێنانەش لەو وێنانەی پێشوو دەچێت کە بینیمان لەسەر مۆرێکی پادشای میتانیی کوردی **شاوشتار** و هەمان وێناشمان بینی لەسەر مۆرە کەرکوکیەکان.

ژمارەیەکی زۆرتر لە تابلۆکان وێنای تێکەڵاوبوونی بیروباوەڕی خواوەندی ڕۆژی ئاسمانی لەگەڵ بیروباوەڕی خواوەند دومۆزی زەوییان بەبیرداهاتوە. وەك ئاژەڵە ماڵییەکان و ئاژەڵە دڕندەکان و بوونەوەرە تێکەڵەکان.

هەر لەوێدا ۱۱ تابلۆ هەیە کە وێنەی شێریان لەسەرە، ۸ تابلۆیان وێنەی شێر و گایان لەسەرە، تابلۆیەکیش پاڵەوانێك پیشان دەدات کە بە شمشێر سکی شێرێك هەڵدەدڕێت لەکاتێکدا شێرەکە هەوڵی لێکردنەوە و قەپالگرتن دەدات لە دەستی پاڵەوانەکە. هەروەها تابلۆی تر هەن کە وێنای ئاژەڵ یان دێوەزمە و بەتایبەتیش مرۆڤی گا پێشان دەدەن کە سیمبولی هێزە. هەروەها ژمارەیەك تابلۆی دیکە هەن کە بونەوەری تێکەڵ پێشان دەدەن کە لەسەدەی هۆری یەکەمدا بینیمانن وەك گا و

شێری باڵدار و مرۆڤی بە دوو دەستی باڵندە و بەسەری باڵندە و بەسەری شێر و بەباڵ و بەبێ باڵ، هەروەها مرۆڤی دووپشك و مرۆڤی ماسی. هەروەها دوو تابلۆ هەن كە وێنای ئاهەنگێكی سەری ساڵی نوێ دەنوێنن كە پاڵەوانەكانی ئاژەڵن و سەما دەكەن كە وەك ئەو وێنە نەمرانە وان كە دۆزیمانەوە لەسەر قیسارەی گۆڕەكانی ئوری پادشایی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز ئەو لێكچوونە بەڵگەیە لەسەر بوونی پەیوەندیی ئاشكرا لەنێوان دوو سەدەی كوردیی دوور لە یەكتری. هەروەها تابلۆ هەن كە وێنای جەنگی یان وێنای ڕاوكردنیان لەسەرە، هەروەها تابلۆش هەن كە تەنها یەك ئاژەڵی لەسەر وێنە كێشراوە وەك بەرازی كێوی یان فیل و باڵندەی ئاویی وەك قاز و مراوی و لێرەدا بۆ یەكەمجار وێنەیەكیش دەردەكەوێت كە وێنەی باڵندەی تاووسە لەسەر تابلۆیەك بەشێوەیەكی تەنهایی وەك یەكێك لە ئاژەڵەماڵییەكانی دیكە.

❁ ❁ ❁

# بەشی دووەم

# ئایینی کوردیی ئێزیدی

کوردە سۆمەرییەکان وشەی **دینکر** یان (**DINGER**) [٤٩] بەو بوونەوەرانە گوتوە کە نەمرن و نابینرێن کە هاوشێوەی مرۆڤن، برِوایان وابووە کە هەریەکێ لەو بوونەوەرە خواییانە بەرپرسیارن لە بەرێوەبردنی بەشێك لە گەردوون بە پێی یاساکان و سیستمە پێشتر دارێژراوەکان و لەبەر ئەوەی هیچکام لەو بونەوەرە خواییانەیان نەدەبینی بە چاوی خۆیان لەبەر ئەوە وێنەکانیان لە کۆمەڵگەی مرۆییەوە وەردەگرتنەوە، لە بینراوەوە نەبینراویان دەبینی ( وەك یەکێ لە زانا ئایینیەکان دەڵێ ).

بۆ نموونە تێبینیی ئەوەیان کردووە، کە کاروباری رِۆژانەی ژیان وەك کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئاودان و کاری بیناکردن و دروستکردنی پەرستگا و چاودێریکردنی، ئەمانە هەموو بە چاودێری و بەرێوەبردنی مرۆڤ دەبن، بەبێ بوونی مرۆڤ ئەوا ژیان دەبووە بیابانێکی چۆڵ لە رِوانگەی ئەمانەوە. ئالێرەوە گومانیان کردوە کە هەموو ئەو شتانەی لە گەردوندان لە سیما جیاوازەکان لەلایەن بوونەوەرە خواوەندییەکانەوە دەبرێن بەرێوە کە لەسەر وێنای مرۆڤن. لەکاتێکدا ئیشوکاری سیستمی گەردوونی زۆر گەورەترە لە کاروباری رِۆژانەی ژیان کە مرۆڤ رایدەپەرێنێت.

---

٤٩. بەمانای خوا دێت لە زمانی سۆمەریدا( تێبینی مانای دینکر بکەن لە زمانی کوردیدا کە بەمانای ئەو کەسە دێت کە لەبواری ئایین و باوەرِدا کاردەکات).

ئەوا کوردە سۆمەرییەکان بڕوایان وابوو کە ئەو بوونەوەرانە بەهێزترن لە مرۆڤی سادە وە بۆئەوەی وابن پێویستە نەمر بن، خۆ ئەگەر بە نەمری نەمێننەوە ئەوا سیستمی گەردوون و ژیان تێکدەچێت و دەگۆڕێت بەبێ سەروبەرەیی و ونبوون.
لەکاتێکدا ئەو کارانەی کە سپێردراون بەو خواوەندە جیاوازانە ئەوا لە گرنگیاندا و هێز و ڕۆڵیاندا لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری گەردوندا جیاوازن، لەسەر لوتکەی هەرەمی بانتیۆن( کۆمەڵگەی) کوردیی سۆمەری خوای هەرە گەورە حەوت لە خواوەندە گەورەکان یارمەتی دەدەن هەر ئەوانن کە چارەنووسی خەڵکی و ژیان دیاریدەکەن، لەدوای ئەوان کۆمەڵێکی دیکە دێن کە پەنجا خواوەندن، ئەفسانەکانی کوردی سۆمەری کە ئەو خوایانەیان وێنا کردوە بۆیان ڕونبۆتەوە کە لەسەر شێوەی مرۆڤن لەڕووی بیرۆکە و کاروکردار و ئازارەکانیانەوە، بەهەمان شێوەی مرۆڤ دەخۆن و دەخۆنەوە و ژن دێنن و دەشترسێن، هەروەها سۆز و هەستی مرۆڤیان هەیە و لەنێوان بەهێزی و لاوازیشدان.
خواوەندی پاشای مرۆڤ دومۆزی لە هەرەگەورەترین ئەو خوایانەیە لەتێڕوانینی باوەڕداران پێی، کە چوارمشقی لە سەر لوتکەی کۆمەڵگەی خواوەندە کوردییە سۆمەرییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز و دانیشتوە وەك لە پێشتردا باسمان کردووە.

ئەو، نوێتەرایەتیی هێزی بەپیتی و ژیانی کارای گەردوونی کردوە لە بەرامبەر هێزی وشکە ساڵی و کاولکاری و مردندا، ئەو خوایەکی زەمینیی و ژیانیی و ڕزگارکەری مرۆڤە، ژیانی و مردنی و زیندووبونەوەشی بە بەردەوامی مانای توانستی ڕزگارکردنی مردنی مرۆڤیشە. کاتێك خواوەند دومۆزی خوایەکی زەمینی نەمرە و نزیکە لە خەڵکەوە و لە کێشە و ئازارەکان تێدەگات، ئەوا خەڵکیش پێیەوە پەیوەست بوون وەك لایەنگرییان بۆ نەمری و مانەوەی هەتاهەتایی، ئەوەی کە بەسەر خواوەندی بەپیتدا دومۆزی دێت لە مردن و زیندووبونەوە و ژیان ئەوا بەسەر هەموو بەندە باوەڕدارەکانیشدا دێت، وتەکەی پێغەمبەر مەسیح کە دەڵێت: ( ئەوەی باوەڕی بەمنە ئەگەر مردیش هەر زیندووە). جەخت لە گرنگیی ئەو باوەڕە دەکاتەوە لەلای خەڵکی کۆن و ڕادەی ڕۆچوونی لە تانوپۆی بیری ئایینی رۆژهەڵاتی تا ئەم ڕۆژگارەی ئێستاش.

فەلسەفەی مانەوەی خواوەند دومۆزی لە بوونەوەری مرۆڤدا کە وەك خوای لێدێت لەسەر زەوی گریمان دەکرێت کە ئەو بونەوەرە مرۆییە لە قۆناغی لاویدا بمرێت. واتە لەکاتێکدا کە هێزی گەنجێتی خۆی لەدەست نەداوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ژیان لە خولێکی دیکەدا، خواوەند دومۆزی بە بەردەوام دەردەکەوێت لە یەکێك لە نەوەکانی مرۆڤدا لەکاتێك بۆ کاتێکی تر، ئەم باوەڕە هەست پێدەکەین لەلای زۆرێك لە ئایینەکانی ناوچەکە لەکاتی ئێستادا و بەتایبەتیش لە باوەڕی ئایینی **عەلی ئیلاهی** کوردیدا " کاکەییەکان".

سیفەتی ڕزگارکەر و قوربانیدانی مرۆڤ دوو سیفەتن کە دەبێت لە مرۆڤدا هەبن ئەوانیش بریتین لەوەی کە ڕزگارکەر دەبێت هەر لە توخمی مرۆڤ بێت (گوناهەکانی مرۆڤ کەس هەڵیناگرێت جگە لە بوونەوەرێکی مرۆڤی خودایی لەهەمان توخمی مرۆڤ)، و وەك مرۆڤیش دەمرێت و لە گوناهەکانیشیان خۆش دەبێت، بەتایبەتیش کە خواوەندی ئاسمانی دوور لە مرۆڤ( ئیل ) لە گوناهەکانی مرۆڤ خۆش نابێ. خۆ ئەگەر ئەوەی بوێت بەبێ لێپێچینەوە و سزا ئەوا بریتییە لە دەرچوون لە ویست و یاساکانی خۆی کە ئەو سیفەتە قبوڵ ناکات.

باوەڕی خواوەندی کوردیی دوموزی لە پلەبەندیی گەشەکردنی بیری ئایینیدا ئەم حاڵەتەی خوارەوەی دروستکردوە، باری ناوەندێتی زۆرێك لە سروشتی عەقلانیەت لەخۆدەگرێت و شتێك زیاتر لەوەش لە ئایدیالیبوونی(نموونەیی) ڕۆحانییەت، سەرکەوتنەکانی و جەماوەرێتی و دەسکەوتنەکانی لەبەرامبەر باوەڕی خوای نێرینەی ئاسمانی( ئیل ) هەنگاوێکی پێشکەوتوە لەسەر ئاستی لاهوتی لە سەرتاپای ڕۆژئاوای ئاسیادا و دەشبێتە گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری فەلسەفی لە مێژووی ئاییندا لەهەموو جیهاندا و کاریگەریی قووڵیشی دەبێت لەسەر بیری ئایینی رۆژهەڵاتی کۆن و لەسەر فەلسەفەکانی ئایینە گەورەکانی یەهودییەت و مەسیحییەت و زەردەشتی و ئیسلامیشدا.

وشەی سەرکەوتن دەربڕی ڕاستەقینە نیە لەوەی کە ڕوویداوە لە نێوان ئایینی خواوەند دوموزی و ئایینی خواوەند **ئیل** لە ململانێیان

لە قۆناغەکانی سەرەتادا، وشەی سەرکەوتن لە چرکەساتی یەکەمدا ئەوە دەگەیەنێت کە جەنگێکی قورس ڕوویداوە لە نێوان ئەو دوو ئاییینەدا کە ئەوەش ڕووینەداوە، لەدەقە میتۆلۆجیە سۆمەرییەکاندا ئەوەمان نەبینیوە کە ئاماژە بە ڕوودانی ئەو جەنگە بکەن لەنێوان ئەو دوولایەنەدا، هەمیشە چەکی باوەڕی خواوەندی کوڕی دومۆزی چەکی باوەڕ و ژیری و قوربانیدان بووە بەخودا، خواوەندی کوڕی دومۆزی (مەلەك تاووس) نمونەی هەرە باڵا بووە لە گیانفیدایی و قوربانیداندا، هەڵگری ئازار و بێبەشی و سزادان بووە لەلایەن بەندەکانی بەوپەڕی دڵفراوانییەوە و بووە بە گیانفیدای هەموان بەڕۆحی پاکی.

سەرەڕای دروستبوونی پێکەوەژیان لەنێوان ئایینی خوای بەپیتی زۆردار و ئایینی خواوەندی ئاسمانی **ئیل** ئەوا ململانێ شاراوەکان هەمیشە بوونیان هەبووە، هەرلایەك لاکەی دیکەی بەر ڕەخنە داوە بەخراپترین سیفەتەکان و زۆرترین و خراپترین سیفەت کە لایەنگرانی ئایینی ئیلیەت داویانە بە خواوەند دومۆزی بریتی بووە لە: ئەو خوای شەڕ و شەیتانی گەورەیە و گەورەی دۆزەخ و تاریکی و دونیای ژێرەوەیە، دەنگدانەوەی ئەو تۆمەتە بێبنەمایانە دەبیسینەوە لە خولێکی دواتردا کاتێك خواوەندی سوری ( **بەعل**) سیفەتەکانی خواوەند دومۆزی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات ئا لەوکاتەدا لایەنگرانی ئایینی **ئیلی** ناوی خواوەندی سوری **بەعل** دەبەستنەوە بە شەیتان و ناوی دەنێن بە بەعزەبول یان بەعلزەبوب (خوای زبڵ و مێش ).

هەروەها زایەڵەی ئەم بێویژدانیە دەبیسینەوە بە حەقی خواوەند بەعل لە تەوراتدا و بەحەقی گەورەمان مەسیحیش لە ئینجیلی مەتیدا ئەصحاحی ٢٣:١٢-٢٧ .

کاتێك خواوەندی دومۆزی سیفەتی کوڕی بۆ خۆی هەڵگرت بەم کارەی ویستی ئەوە بچەسپێنێت کە ئەو وێنەیەکە لە خواوەندی باوکیی هەرەگەورەی ئاسمانی ئیل بەرەچاوکردنی پیرۆزیی ناوی دومۆزی(مەلەك تاووس) بە پادشا ئەوا بەندەکان نەیانوێراوە ناوی بێنن بۆ ئەوەی نەکەونە گوناهەوە بە حەقی ئەو بەبێ مەبەست.

نازناوی خواوەند دومۆزی(مەلەك تاووس) بە پادشا ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی کاتی لەسەر زەوی، ئەو خوایە و پادشایشە لە یەك کاتدا و دەنگدانەوەی ئەم سیفەتەش دەبیسینەوە لە کەسایەتیی گەورەمان مەسیحدا کە بە پادشاش ناودەبرا، ئینجلی مەتی ٢:١-٢.ناوی خواوەند دومۆزی ناوێکی کوردییە کە پێکدێت لە دوو بڕگە:-

بڕگەی یەکەم **DUMO** = منداڵ یان کوڕ یان منداڵی مێ یان کچ لە زمانی سۆمەریدا کە لەڕووی زاراوە و ماناشەوە تەواو هاوجووتە لەگەڵ بڕگەی کوردیدا **DUM** کە بەمانای کچ دێت وەك: **DUM MAM** کە بەمانای کچی مام دێت لە زمانی کوردیدا و پیتی ( **O** ) پاشگری ناوی کوردییە وەك ( **MEMO**).

وە بڕگەی دووەم **JIY=ZIY** = زیندوو یان ژیان.

وە پێکەوە = **DUMOZIY** یان **DUMOJIY** کە بەمانای کوڕی زیندوو یان کوڕی نەمر دێت. دەتوانرێت تێبینی بڕگەی **ZIY**

له وشەی كوردیی BIRAZIY كه له ئێستادا به مانای كوڕی برا و بڕگەی BIRA بەمانای برا دێت و بڕگەی ZIY بەمانای زیندوو دێت و هەردوو بڕگەكه پێكەوه بەمانای برای زیندوو دێت، لەو بڕوایەدام كه وشەی BIRAZIY لەسەردەمانی كۆندا به كوڕی برا دەوترا له دوای مردنی باوكی نەك له پێش مردنیدا ئەمەش وەك دەربڕینێك بۆ بەردەوامی ژیانی باوكی كۆچكردوو له كوڕەكەیدا. لەسەر ئەم بنەمایه ناوی خواوەند دومۆزی بەمانای كوڕی زیندوو (نەمر) دێت نەك كوڕی شەرعی وەك ئەوەی كه زانا شوێنەوارناسەكان لێكیانداوەتەوه له ئەوروپی و ئەمریكیەكان.٥٠

ئەگەر زانیمان كه گەورەمان مەسیح ئەویش بەهەمان شێوه كوڕی زیندوە( نەمره) و خواوەندی ڕزگاركەره بەپێی بیروباوەڕی

---

٥٠. بگەڕێوه بۆ مانای ناوی دومۆزی له فەرهەنگی خواوەندەكان و ئەفسانەكان ل ٩٦.

مەسیحیەت ئەوا شیکردنەوەمان بۆ ناوی خواوەند دومۆزی دەبێتە ڕاستییەکی بەرجەستەکراو، لەو بڕوایەدام کە گەورەمان مەسیح بریتییە لە شێوەیەك لە شێوەکانی خواوەند دومۆزی. یان یەکێك لە بەرجەستەبوونەکانی کە بریتییە لە شێوە مەسیحیەتیەکەی خواوەند دومۆزی، بەتایبەتیش کە دەرکەوتنی خواوەند دومۆزی زۆر دێرینترە لە دەرکەوتنی گەورەمان مەسیح کە سێ هەزار ساڵ لەنێوان دوو دەرکەوتنەکانیاندایە.

دەتوانرێت بە شێوەیەکی تریش ناوی خواوەند دومۆزی لێکبدرێتەوە :

بڕگەی یەکەم **DUMO = TUM=TUMO** بەمانای هەمیشە دێت لە زمانی کوردیدا بۆ نمونە : **TUM BIJIY** واتە بژی بۆ هەتاهەتایە.

وبڕگەی دووەم **ZIY = JIY** بەمانای زیندوو **ZINDIY** یان نەمر دێت لە زمانی کوردیدا. کۆی ناوەکە **TUMOZIY** یان **TUMOJIY** مانای زیندووی هەمیشەیی یان نەمر دێت، سیفەتی نەمری یەکێکە لە سیفەتە بنچینەییەکانی خواوەند دومۆزی. ئەگەر بڕگەی دووەم **ZIY** یان**JIY** وەربگرین کە هەردووکیان مانای ژیان دەبەخشن.

بۆ نموونە: JIYAN و ZIYAN لەسەر ئەو بنەمایانەوە هەردوو ڕاڤەکردنەکە هەمان مانا دەگەیەنن کە بریتین لە ژیان و نەمری.

شێوازی کوردی ئێزیدی بۆ ناوی خواوەند دومۆزی بریتییە لە مەلەك تاووس( دومۆزی =تاموزی =تاووزی=مەلەك تاووس).

TAWUSI =TAWUSIY=TAMZIY= DUMOZIY) (MELIK ٥١.شێوازی بابلی و عیبری بۆ ناوی خواوەند دومۆزی (مەلەك تاووس) بریتییە لە تەمووز و شێوازی لاتینیش بریتییە لە تیئۆس کە بەمانای خوا دێت. شێوازی کوردیی کورتکراوەش کە بەکار دەهێنرێت لەناو کوردەکاندا لەسەردەمی ئێستادا بۆ ناوی خواوەند دومۆزی ( مەلەك تاووس ) بریتیە لە (TEMO).

خواوەند پاشا دومۆزی بەهۆی قوربانیدانە یەك لەدوایەکەکانی توانی کە ببێتە خاوەنی خۆشەویستی و جەماوەرێتی و داناییەکی گەورە و پیرۆزیی هەتاهەتایی بەشێوەیەك کە لەگەڵیدا ویژدانی دادپەروەری لە ژیاندا و لەسەر دەستی ئەو زیندوو بۆوە لە میانەی بیروباوەڕەکەیەوە. لەکاتێکدا مردن و لەناوچوون و نەگەڕانەوە لە گەورەترین کێشەی سەرنجڕاکێش بوون لە کوردستاندا و لە ڕۆژئاوای ئاسیاشدا بەشێوەیەکی گشتی، خواوەند پاشا دومۆزی ڕووبەڕووی مردن بووەوە بەهەموو شێوەکانیەوە لە سروشتدا و لە ژیانی مرۆڤایەتیدا

٥١. پیتەکان دەگۆڕێن لە زمانەکانی هیندو ـ ئۆروپیدا و بەتایبەتیش لە زمانی کوردیدا پیتی D دەبێتە T و پیتەکانی U و M و B و V دەگۆڕێن، هەروەها پیتەکانی D و G دەگۆڕێن، بەهەمان شێوە پیتەکانی J و S و بەم شێوەیە.

لە ڕێگەی قوربانیدانەکانی و ئازارەکانی و گینگڵدانەکانیەوە لە دونیای ژێرەوەدا و لەکاتی گەڕانەوەیدا لە جیهانی مردوانەوە.

بیرۆکەی سەرەکی کە بیروباوەڕی خواوەند پاشا دومۆزی لەسەر بیناکراوە زەمین و زەمان تێپەڕ دەکات لە لایەنی ململانێی هەبوو لە نێوان ژیان و مردندا و لە نێوان هێزی باشە و خراپەدا، ئەم شێوەیە لە ململانێ هەستپێدەکەین لە بەشی( سیفر = بەشێك لە تەورات ) چارەنووسی خواوەند دومۆزیدا کە دابەشکراوەتە سەر ٢٨ تابلۆ و لە تابلۆیەکی بزماری کە دابەشبوون لەناو ژمارەیەك مۆزەخانەی جیهاندا،سەرەڕای بڵاوبونەوەی نوسینی یەکەم لە ساڵی ١٩١٥دا بەڵام مانای بەشەکە ڕوون نەبۆوە بەشێوەیەکی تەواو هەتا ساڵی ١٩٥٢ لەسەر دەستی زانای شوێنەوارناس (THORKILD JACOBSON) کە بەشی گەورەی وەرگێڕاوە و بڵاوکردەوە لە (سیفر= بەشێکی تەورات) لە گۆڤاری: THE JORNAL OF CUNEJFORM STADIES دا.

مامۆستا سامۆئێل کرامەر بەردەوامبوو لەسەر وەرگێڕان و کردنەوەی پاشماوەی بەشەکانی تەورات و شیکارییەکی ڕۆحانی و لاهوتی تەواوی لەبارەوە پێشکەشکرد لە کتێبەکەیدا: MYTHOLOGY OF

**THE ANCINT WORLD ANCHOR BOKS NEW YORK.**

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییە شوێنەوارناسییە بەراوردکارییەکان ئەوا مێژووی نوسینی دەق دەگەڕێتەوە بۆ ١٧٥٠ پ.ز.

خوێندنەوەی بەشی تەورات بەگیانی تێگەیشتنەوە باشترین هۆکارە بۆ زانینی ئاماژەکان و وشەکان و مانا دێرینەکان کە تیایدا هەڵقوڵاوە و شیکردنەوەی سروشەکان کە لەنێو ناواخنەکانیدا دەردەچن.

بەشێوەیەکی گشتی بەشی تەورات ڕوونکردنەوەی دەروونی لەبارەی قەبارەی گینگڵدان و قوربانیدان و ئازار و ترس پێشکەش دەکات کە تووشی خواوەند پاشا دومۆزی بۆتەوە لە بەرامبەر هێزی مردن و تاریکی و خراپەکاریدا لە جیهانی ژێرەوەدا. ئەو قوربانیدانانەش کەس بەسەریدا زاڵ نابێت لەنەوەی مرۆڤ. پەند لەو بەشەدا فراوان دەبێت بۆ ماناکانی ڕەوشتی بەرز و تێفکرینە گەردونییە زۆر گەورەکان و کێشە ژیرییەکان کە تێڕوانینی ورد لە خۆ دەگرێت بۆ بوون و ژیان و باش و خراپ و دادپەروەری و بەزەیی و چارەنووس. ئەو بەشە لە کۆتاییدا بریتییە لە ئاوێنەی ڕاستییەکان لە کوتانی شەڕ کە بۆ مرۆڤ لەکەمیندایە، بەش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دابەشدەبێتە سەر ژمارەیەك بەشی دی :

پێشەکییەکەی تایبەتە بە خواوەند دومۆزیی شوان، دەستپاکبووە بەسەر بەندەکانیەوە، پارێزەری زەمینی دایك بووە کە بە پیتی و ژیان و گەشەکردنی تیادابووە. خوایەکی گەورە بووە کە دڵ و دەروونی

پڕبووە لە غەم و پەژارە و ئازار و فرمێسك و گینگڵدان و قوربانیدان لەپێناو مانەوەی بەندەكانیدا بە ئاشتی و ئارامی دوور لە خراپەی هێزە تاریكەكان و مردن كە بۆیان لە كەمیندان:

**دڵی پڕبوو لە ( غەم و پەژارە) و فرمێسك**

**بەرەو دەشتایی ( فراوان) بەڕێكەوت**

**دڵی شوان پڕبوو لە ( غەم و پەژارە) و فرمێسك**

**بەرەو دەشتایی ( فراوان) بەڕێكەوت**

**دڵی دوموٚزی پڕ بوو لە ( غەم و پەژارە) و فرمێسك**

**بەرەو دەشتایی ( فراوان) بەڕێكەوت**

**بلوێرەكەی بەملیدا هەڵواسی**

**و دەستی كرد بە گریان و لاواندنەوە**

بەشی خواوەند دوموٚزی- بڕگەی یەكەم

بەش ڕۆدەچێتە ناو تراژیدیای غەم و پەژارە و ئێش و ئازارەكانەوە كە چاوەڕوانی خواوەند دوموٚزی دەكات لە هەناوی بەرجەستەبوودا كە پڕە لە قوربانیدان لە ناوەڕاستی فشارەكاندا كە بەسەریدا دەبارێت بۆ پاڵپێوەنانی بۆ دوور لە ئارامی و جێگیربوون:

**بیلێرەوە ، بیلێرەوە گریانم**

**ئەی دەشتەكان دەوەرن لەگەڵمدا بگرین**

**ئەی دەشتەكان لەگەڵمدا بگرین و بەسەرمدا بلاوێننەوە**

**گریانم ببیستن قرژاڵەكانی ڕووبار**

**هاوارەكانم ببیستن بۆقەكانی جۆگەلە**

**لەدایکم گەڕێ پەشیمان ببێتەوە بۆ ونبونم**
**ئەو دایکەی ٥ نانی نیە بابگری بەسەرمدا**
**ئەو دایکەی ١٠ نانی نیە بابگری بەسەرمدا**
**لەبەرئەوەی ئەو کەس شك نابات کە گرنگی پێبدات ڕۆژی مردنم**

بەشی خواوەند دومۆزی —بڕگەی دووەم

دایك لێرەدا سیمبولی بەپیتیە کە زەوییە، ئەو پێچەوانەی وشکە ساڵی و مردنە کە کشتوکاڵ و سەوزایی لەناو دەبات بەمەش مرۆڤ توانای ژیان و گوزەران لەدەست دەدات. باوەڕی دومۆزی(مەلەك تاووس) باوەڕێکی بێوەیە و چەکەکەی هەمیشە قوربانیدان و گیانفیدایی و فرمێسك و ئامۆژگاری و تێگەیاندن و بەرچاوڕونکردنەوەی خەڵکە بەڕاستی ژیان و حاڵیان:

**دەتۆش ئەی چاوم کە وێڵی لە دەشتەکاندا فرمێسك بڕێژە لەگەڵم وەك چاوی دایکم.**
**دەتۆش ئەی چاوم کە وێڵی لە دەشتەکاندا فرمێسك بڕێژە لەگەڵم وەك چاوی خوشکم.**

بەشی خواوەند دومۆزی —بڕگەی سێیەم

پەندی ئایینی ڕۆژهەڵاتی و ڕەوشتی هەمیشە ئاراستەیە بە تێکڕایی بەرەو ڕزگاربوون و پاکبونەوەو هاوسەنگبوون لەگەڵ خوددا و لەگەڵ سروشتدا نەك دەستگرتن بەسەریدا کە لە کۆنەوە و تاکو ئێستاش زاڵە بەسەر سەرتاپای بیری ڕۆژهەڵاتیدا، ئەمە سەرەڕای چەوساندنەوە کە بۆتە سیفەتێکی رۆژهەلات بە سروشتی خۆی بە درێژایی هەزاران

ساڵی ڕابووردوو و تاکو ئێستاش، هەموو شتێك لە ڕۆژهەلاتدا گەر قەدەغە بێ پێویستە لێی دوور بکەویتەوە تەنانەت باسکردن لە شێوەی زۆرداریش قەدەغەیە، تەنها باسکردن لە خەونەکان یان لەسەر زمانی ئاژەلانەوە پەسندە تاڕادەیەك (کلیلە و دمنە):

**لەنێو گوڵاندا ڕاکشا لە نێو گوڵاندا ڕاکشا**

**لەنێو گوڵاندا ڕاکشا خواوەند دومۆزی**

**کاتێك ئەو لەنێو گوڵاندا خەوی لێکەوت خەوی بینی**

**لەخەوەکەی ڕاپەڕی و ترسابوو لەوەی کە دیبووی**

**چاوەکانی بەدەستی هەڵگلۆفی و سەری گێژی دەخوارد**

**خوشکەکەم: ئەوەی دیم بۆت دەگێڕمەوە**

**ئەو خەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە دیم**

**لەچواردەورم سمار( جۆرێکە لە ڕووەك) گەورەبوون و بەخێرایی بەرزدەبونەوە لەناو زەوییەوە**

**یەك سمارە( جۆرێکە لە ڕووەك) بەتەنها لە پێشمدا سەری دانەواند**

**هەموو سمارەکان بە جووتە وەستان تەنها یەك سمارە نەبێت لەجێگەکەی دەرکێشرا**

**لە ئاو و سەوزایی چواردەورم درەختی زۆر درێژ بەرزبونەوە لە زەوی و ڕاوەستان**

**ئاوێکی سارد بەسەر ئاگردانەکەمدا ڕژێنرا**

**تاسی شیرەکەم یان (ماستەکەم) بەتاڵە و ئەوەی تیایدا بوو فڕێدرا**

**پەرداخە پیرۆزەکەم کەوتە خوارەوە لە جێگەی هەڵواسینەکەی**

**گۆچانی شوانەکە نەما و باکە بردی**
**لەوێدا کوندەپەپویەك هەبوو**
**هەڵۆیەك گوێرکێکی لەناو چنگدا بوو**
**بزنە گەنجەکەم ڕیشە لاژەوردییەکەی**( لاژەورد= کانزایەکە بۆ خشڵ بەکاردێت و باشترینیان شینە ئاسمانیەکەیەتی)( وەرگێڕ) **دەخشاند لەخۆڵ**
**بەڵام مەڕەکانی ناو دالآنەکەم قاچە نوشتاوەکانیان بەر زەوی دەکەوت**
**( بەڵێ) تاسی شیرەکەم شکا و شیری تیا نەما**
**پەرداخەکەم شکا و دومۆزیش لەناو زینداندا نەما**
**ژوورەکەشی کەوتە بەردەم ڕەشەباوە**

بەشی خواوەند دومۆزی-بڕگەی چوارەم

بەڵێ ئەوە خراپە و چەوساندنەوەیە لە رۆژهەڵاتی کۆندا، پێی ڕاکێشا تا گەیشتە پیرۆزترین پیرۆزییەکان گەیشتە خواوەند دومۆزی.

هەستکردنی هەمیشەیی بە ترس و مەترسی و هەستکردن بە هەڕەشە و کاولکردن کە هاوڕا بووە لەگەڵ مرۆڤی کوردی کۆندا لە ئەنجامی شەڕ و داگیرکارییەکانی هاتوو لە رۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بەدرێژایی مێژووەکەی، سەرەڕای سەختی کەشوهەواکەی و لافاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتی کاولکار، حاڵەتێکی لەلا دروستکردوە کە هەمیشە هەستی بە زوڵم کردوە لە ژیان و لە مردنیشدا:

ئاه ئەی برام ئەو خەوەی گێڕامەوە خەوێکی باش نەبوو
**ئاه یا دومۆزی ئەو خەوەی گێڕامەوە خەوێکی باش نەبوو**

لە چواردەورت ڕووەکەکان گەشەیان دەکرد و بەخێرایی بەرزدەبونەوە لەناخی زەویەوە
( ئەوە مانای) ئەوەیە کە کۆمەڵێك لە خوێنڕێژان پەلامارت دەدەن
( بەڵام لەبارەی) ڕوەکە تەنهاکەوە
( کە) وەستاو سەری دانەواند لە بەردەمتدا
( ئەوە مانای ئەوەیە) کە ئەو دایکەی تۆی لێبویت سەری دادەنوێنێت لە پێناوتدا
( لەبارەی) هەموو ڕووەکەکان کە بەجووتە وەستاون
تەنها یەکێك نەبێ هەڵکەنرا لە جێگاکەی
( ئەوە مانای وایە) ئەو پێت دەڵێت: یەکێکمان دەبێت بزربین

بەشی خواوەند دوموٚزی-برگەی پێنجەم

سەرەڕای ئەوەی کە ترس و هەستکردن بە زوڵم هەمیشە و بە بەردەوامی لە چارەنووسی مرۆڤی کورد بوون، بەهەمان شێوەش قوربانیدان بە بەنرخترین شت سیفەتێکی هەمیشەیی کورد بووە، زۆر جارانیش لەپێناوی کەسانی تریشدا بووە، ئەم سیفەتەش سیفەتێکی مرۆڤایەتییە و پێویستە پارێزگاری لێبکرێت، بەڵام خیانەت و درکاندنی نهێنییەکان و کارکردن لەگەڵ دوژمندا بە گوناهە گەورەکان دەژمێردرێت پێویستە مرۆڤی کورد خۆی لێ دووربخاتەوە، خواوەند دومۆزیش باشترین قوربانیدەرە لەو چوارچێوەیەدا و خۆشاردنەوەی لە ناخی زەویی بەبەزەییدا لایەنگیریەتی بۆ بەپیتی و گەشەکردنی و دروستکردنی ژیانێکی تازەشە:

**ئەی خوشکم خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیادا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیای کورتە باڵادا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیای درێژدا**

**شوێنی خۆ شاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

**خۆم دەشارمەوە لە نێوان جۆگەلە وسەوزاییدا**

**شوێنی خۆشاردنەوەم بەکەس مەڵێ**

خوشکەکە وڵام دەداتەوە:-

**با سەگە هارەکان بمخۆن**

**گەر شوێنی خۆشاردنەوەت ئاشکرا بکەم**

**سەگە ڕەشەکان و سەگەکانی پارێزگاری ڕانەکەت**

**سەگە دڕندەکان سیمبولی دەسەڵاتتە**

**بەڵێ با سەگەکانت بمخۆن**

بەشی خواوەند دوموزی-بڕگەی شەشەم

هێزە خراپەکار و تاریکەکان مانای جوانی ژیان تێناگەن ،باشەکانی ژیان نازانن و ڕقیان لەهەموو شتێکی باش و جوان و شیرین دەبێتەوە و لێی نزیك نابنەوە. هەمیشە شەڕ و کاولکاری پیشەیانە، دێوڕەفتارەکانی دونیای ژێرەوە کە ڕاوەدووی خواوەند دوموزی دەنێن:-

**خواردن ناخوات و خواردنەوەش نازانێت**

**نزیك نابێتەوە لە ئاوی قوربانییەکان**
**بەخششەکان وەرناگرێت کە دەروون ئارام دەکەنەوە**
**لەباوەشی ژنەکەیدا دانانیشێت**
**منداڵی جوانیش پەسند ناکات**

بەشی خواوەند دومۆزی-بڕگەی حەوتەم

ئەو سیفەتانە هەموویان سیفەتی نامرۆڤانەن کە هێزە شەڕانییەکان لە هەموو سەردەمێکدا دەینوێنن. پێشتر باسمانکرد کە خواوەند دومۆزی خوایەتیی خۆی لەدەستداوە بەهۆی دەرکەوتنەوەی دووبارە بۆ نەوەکانی و قوربانیدانەکانیی. هەروەها وتمان کە ئەو پێگەیەکی بەرزی گرتوە وەك فریشتەیەکی پاك تا هەتاهەتایە. لەجێگەی ئەو خواوەند ئۆتۆ( خواوەندی ڕۆژ) جێگەی گرتۆتەوە. لەکاتێکدا خواوەند ئۆتۆ زۆر نزیك بووە لێیەوە خواوەند دومۆزی هانای بۆ بردووە بۆ ئەوەی لەدەستی دێوڕەفتارەکانی دونیای ژێرەوە ڕزگاری بکات:

**ئەی ئۆتۆ تۆ برای ژنەکەمی و منیش مێردی خوشکەکەتم**
**منم ئەو کەسەی خواردن بۆ ئایانا هەڵدەگرم**
**لە ( ئێرێك) ژنهێنانم تەواوکرد**
**من لەلایەنی لێوە پاکەکانمەوە**
**ماچی جەستەی پیرۆز جەستەی ئانانام کردوە**
**دەستەکانم بگۆڕە بۆ دەستی ئاسك**
**قاچەکانیشم بگۆڕە بۆ قاچی ئاسك**

**بۆ ئەوەی دەستی دێوڕەفتارەکانی جالام نەگاتێ**
**ڕزگارم کە بۆ شۆبیریلا**

بەشی خواوەند دومۆزی-بڕگەی هەشتەم

لەکاتێکدا خواوەند ئۆتۆ (خواوەندی ڕۆژ) خواوەندی بەزەیی و دادپەروەری و بەخشندەیی و ڕووناکی و ژیانە بۆ گەردوون، بەو سیفەتەی خواوەندێکە کە چاودێرییەکەی هەموو بوونەوەر و هەژارەکان دەگرێتەوە، بە ڕووناکییە ئاگرینەکەی شەڕ و خراپەکاران تێك دەشکێنێت بەبێ بەزەیی و دڵنەرمی، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە وڵامی داواکارییەکەی خواوەند دومۆزی دایەوە :

**ئۆتۆ فرمێسکێکی وەرگرت وەك قوربانییەك**
**وەکو خواوەندی بەزەیی فراوان لێیەوە بەزەیی دەبینم**
**دەستەکانی بگۆڕە بۆ دەستی ئاسك**
**قاچەکانیشی بگۆڕە بۆ قاچی ئاسك**
**دەستی دێوڕەفتارەکانی جالا نەیگاتێ**
**و خۆی ڕزگارکرد بۆ شۆبیریلا**

بەشی خواوەند دومۆزی-بڕگەی نۆیەم

جارێکی تر خواوەند دومۆزی جەخت دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤ نیە بەڵکو مێردی خواوەندێکە بەمانا مێردی خواوەندە ئانانایە،ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕۆڵی خواوەندی دایك بوونی هەبووە لە کۆمەڵگای کوردی سۆمەریدا هەتا هەزارەی سێیەمی پ.ز:

**ئەی خانمە پیرە داناکە من مرۆڤ نیم بەڵکو مێردی خواوەندێکم**
**لێمگەڕێ با کەمێك ئاوی قوربانییەکانم بخۆمەوە**
**لە گەنمی چاندن کەمێك بخۆم.**

بەشی خواوەند دومۆزی-بڕگەی دەیەم

لەماڵی خواوەندە پیرە داناکەدا **بیلبلی** و پێش ئەوەی خواوەند دومۆزی تەواو بێت لە خواردنەوەی ئاوی قوربانییەکان و گەنمی چاندن دێوڕەفتارەکان هەڵیانکوتایە سەری و لە ژوورەکەیدا دەستیان بە لێدانی کرد. ئەوەش مانای وایە کە هێزە شەڕانییەکان هیچ مانایەك بۆ پیرۆزییەکان نازانن:

**دێوڕەفتاری یەکەم هاتە ژوورەوە**
**لە ڕوومەتی دومۆزیدا بە بزمارێکی درێژی کونکەر**
**بەدواشیدا دێوڕەفتاری دووەمیش هاتە ژوورەوە**
**دەستیکرد بەلێدانی دەم وچاوی دومۆزی بەگۆچانی شوانیەکەی**
**لەدواتردا دێوڕەفتاری سێیەمیش هاتە ژوورەوە**
**ئەوەی لە تاسی شیرەکەدا بوو ڕشتی و بە بەتاڵی فڕێیدا**
**دێوڕەفتاری چوارەمیش دوای ئەو هاتە ژوورەوە**
**پەرداخە پیرۆزەکەی لە شوێنی هەڵواسینەکەی فڕێدا**
**دواتر دێوڕەفتاری پێنجەمیش هاتە ژوورەوە**
**تاسە شیرە بەتاڵەکەی شکاند**
**هەروا پەرداخەکەی شکاند و ئیدی دومۆزی لەناو زیندانەدا نەما**
**ژوورەکەی کەوتە بەر هەڕەشەی ڕەشەبا**

بەشی خواوەند دوموزی-برگەی یانزەیەم

هەروەها دەق و بەشی دیکە هەن دەریدەخەن کە خواوەند دوموزی بەرەو مردن ڕۆیشتوە بەتەواوی ویستی خۆی وەك قوربانیدانێك بۆ ئەوەی مرۆڤ و زەوی و ژیان پڕبکات لە خێر و بێری زۆر:

**ئا ئەوەتا بزر دەبێت، ئا ئەوەتا بزر دەبێت لە باوەشی زەویدا**

**زەمینی مردوەکان پڕ دەکات لە خێر و بێری زۆر**

**ئەی پاڵەوان بڕۆ بەرەو زەمینە دورەکانی دوای ڕەهەندی بینینەوە**

**بەو شێوەیە بەشی چارەنووسی خواوەند دوموزی کۆتایی دێت.** ٥٢

لە هەزارەی دووەمی پ.ز چەمکی باوەڕی خواوەند دوموزی (مەلەك تاووس) گوازرایەوە بۆ خواوەند ننجیزیدا ٥٣ لەسەدەی

---

٥٢. بڕوانە سەرکێشی ژیری یەکەمین،فراس سواح ل ٣٠٦-٣١١ لەبارەی بەشی چارەنووسی خواوەند دوموزی.

٥٣. تەمووز باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون ل ٢٠٠.

شازادەی سۆمەری جودیا سەدەی زنجیرەی ئۆری سێیەم نزیکەی ٢٣٥٠پ.ز. خواوەند ننجیزیدا خواوەندێکی کوردییە لە پیاهەڵدانە خواوەندییە سۆمەرییەکاندا نازناوی خزمەتکاری زەمینی فراوانی دراوەتێ.

لە گۆرانی ئۆرنامۆدا هاتوە کە مێردی خواوەندە ئەزیموایە و کوڕی خواوەند نینازۆیە و لەگەڵ خواوەند دومۆزی( مەلەك تاووس) ناسیومانە کە پاسەوانی دەرگای خواوەندی سۆمەریی هەرەگەورەیە ئانا لەدەقی ئادابادا، کاتێك مار دروشمەکەیەتی بڕوای وابوو کە ئەو خواوەندی دانایییە پێش ئەوەی بچێتە لوتکەی ( بانتیۆن ) کۆمەڵگەی خواوەندە کوردییە سۆمەرییەکانەوە لە (٢٣٥٠پ.ز) و ناوی باوکی نینازۆیە کە مانای لە سۆمەریدا بە (گەورەی باش) دێت. مانای ناوی نینجیزیدا بە تەواوی نەناسراوە بەپێی بیروبۆچوونی زانا شوێنەوارناسەکان.

هەندێکیان دەڵێن بەمانای خاوەنی درەختی دادپەروەری دێت و هەندێکیشیان دەڵێن بەمانای درەختی ژیان دێت.٥٤

من وای دەبینم کە ناوی خواوەند نینجیزیدا ناوێکی کوردیی تەواوە، لەچوار برگە پێك دێت بریتیە لە : NIN= خواوەند

---

٥٤. بگەڕێوە بۆ فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان، لەبارەی خواوەند نینجیزیدا ل ١٣٧

یانخاوەن لە سۆمەریدا،٥٥ **GY= ÊY=** ئەوەی **JIY=ZIY** = ژیان و **DA** = دەبەخشێت.

ناوەکە هەمووی پێکەوە بەمانای ئەو خواوەندەی کە ژیان دەبەخشێت دێت و لەویشەوە ناوی ئێزیدی هاتوە کە بەمانای دروستبوون یان نەتەوەی خواوەند نینجیزیدا هاتوە.

شێوەی ئێستای کوردی ئێزیدی بۆ ناوی خواوەند نینجیزیدا بریتیە لە خواوەند ئیزی کە خواوەندی هەرە دێرینە لە ئایینی کوردی ئێزیدیدا، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوا ڕەچەڵەك و ڕیشەی ئایینی کوردی ئێزیدی دەگەڕێتەوە بۆ خواوەند نینجیزیدای دێرین کە ئەمەش هیچ کەمیەك ناگەیەنێت بە باوەڕی ئیزیدایەتی و کارێکی ئاسایە تایبەت بە بیری ئایینی لەلای گەلان خواوەندی عیبرانییەکان ناودەبرا بە ئەدونای و یەهوە و بەم شێوەیە:

خواکەم لە پێشدا شازادە بووە.٥٦ **PEDSÊ MIN EWIL MÎR BÛ**

---

٥٥. هەردوو پیتی E و C دەگۆڕێن لە زمانی کوردیدا وەك ( سراییڤۆ – سراجیڤۆ)

٥٦. وتەیەکی پیرۆز: حاجی فەقیر گێڕایەوە لەساڵی ١٩٨٠دا لە گوندی باعەدرا. بگەڕێوە بۆ داب و نەریتی گوندی ئێزیدی. لایەنی ئەنترۆپۆلۆجی،خدر سلێمان ل ٧٢-٧٣، بڕوام وایە شازادەی مەبەست لەو گوتە پیرۆزە بریتیە لە مەلەك تاووس.

**خاوەنی سوپایەکی گەورە بوو XEUDANÊ CÊSÊ KIBÎR BÛ**

**خاوەنی سوپایەکی گەورە بوو XEUDANÊ CÊSÊ KIBÎR BÛ**

**زانا بوو بە نهێنی حەوتەمی سوڵتان ئیزی. BI HEFTÎ SURÊD SILTAN ÊZÎ RAY XEBIR BÛ**

بەپێی بەڵگە و دەسکەوتە شوێنەوارییەکانی لەبەردەستدا بوو ئەوا دەقی کوردیی سۆمەری پەیوەست بە چارەنووسی خواوەند دوموزی (مەلەك تاووس).

یەکەم بەشی ئایینی کوردی ئێزیدیە لەبەر ئەوەی هەموو سومبولە پیرۆزەکان لە خۆ دەگرێت کە هەتا ئێستاش دادەنرێت بە گرنگترین پیرۆزییەکانی ئایینی ئیزیدایەتی وەك:

- پیرۆزکردنی درەختەکان:

ئێزیدیەکان هەندێ جۆر لە درەختەکان پیرۆزە لەلایان و بەتایبەتیش درەختی هەلبو لەو باوەڕەدام کە بریتیە لە درەختی سمار ( السمار =ڕووەکێکی گیاییە لاسکێکی ڕاست و درێژی هەیە و لە شوێنە تەڕ و ئاودارەکاندا دەڕوێت و بۆ دروستکردنی سەبەتە و حەسیر و پانجن و ...هتد بەکاردێت کە پێدەچێت قامیش یان زەل بێت)( وەرگێڕ ) کە فریشتەی پاك لەخەودا بینویەتی( دوموزی)( مەلەك تاووس) لەچواردەورم ڕووەکەکان گەشەیان دەکرد و بەخێرایی بەرزدەبونەوە.

لەناخی زەوییەوە یەك ڕووەك بەتەنها ڕاوەستابوو و سەری دانەواند لە بەردەممدا.

- **پیرۆزکردنی ئاگر:**

**ئێزیدییەکان ئاگر پیرۆزە لایان لەبەرئەوەی دومۆزی ( مەلەك تاووس) ئاگر لەلای پیرۆز بوو و ئاگردانێکی پیرۆزی تایبەتی هەبوو، کە دێوڕەفتارەکانی دونیای ژێرەوە بە ئاوی سارد کوژاندیانەوە.**

**لەسەر ئاگردانە پیرۆزەکەم ئاوێکی سارد ڕژێنرا**

**کوردەکان هەموویان تا ئێستاش سوێند بە ئاگر دەخۆن .**

- پیرۆزبوونی پەرداخ:

ئێزیدییەکان پەرداخێك پیرۆز دەکەن کە دروستکرابێت لە کانزایەك کە ناوی دەبەن بە شریکە هاوبەش (مەلەك تاووس) پیرۆزکردنی ئێزیدییەکان بۆ ئەو پەرداخە بریتییە لە پیرۆزکردنی پەرداخی فریشتە (مەلەك تاووس) کە لەلایەن دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە شکێنرا:

**پەرداخە پیرۆزەکەم لە شوێنی هەڵواسینەکەی کەوتە خوارەوە**

**پەرداخەکەم شکا.**

- پیرۆزیی شوان:

شوان پێگەیەکی پیرۆزی هەیە لەلای ئێزیدییەکان و پیرۆزکردنی شوان لای ئێزیدییەکان بریتییە لە پیرۆزکردنی فریشتەی پاك شوان(مەلەك تاووس):

**گۆچانی شوانەکە نەما و با بردی.**

- پیرۆزکردنی ئاژەڵەماڵییەکان:

ئاژەڵە ماڵییەکانی وەکو مەڕ و بزن خاوەنی پێگە و پیرۆزییەکی تایبەتن لە ئایینی ئێزیدیدا لەبەرئەوەی ئاژەڵی فریشتەن(مەلەك تاووس):

**بزنە گەنجەکەم ڕیشە لاژوەردییەکەی دەخشێنێت لە خاك و خۆڵ**

**بەرلەوەی مەڕەکانی ژوورەکەم قاچە نوشتاوەکانیان بەر زەوی کەوتن**

**بەڵێ تاسی شیرەکەم شکاوە و هیچ شیرێکی تیادا نیە.**

یا دەڵێ :

**ژوورەکەم کەوتە بەر دەمی ڕەشەبا**

- قەدەغەکردنی خواردنی هەندێ جۆری سەوزەوات:

ئێزیدایەتی خواردنی هەندێ جۆری سەوزەواتی قەدەغەکردوە وەك کاهوو لەبەر پیرۆزیی فریشتە ( مەلەك تاووس) لەبەرئەوەی لەناویدا خۆی حەشارداوە کاتێ ڕایکردوە لەدەست دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە :

**ئەی خوشکەکەم... خۆم دەشارمەوە لەناو گژو گیادا**

( ئەو سەوزەواتانە لەزوودا ناودەبران بە گژوگیا):

**کەس ئاگادار مەکەرەوە لە جێگەی خۆ حەشاردانم**

**خۆم حەشاردەدەم لەناو گژوگیای کورتە بالآدا**

**کەس ئاگادارمەکەرەوە لە جێگەی خۆ حەشاردانم**

**خۆم دەشارمەوە لەناو گژوگیای بالآبەرزدا**

**کەس ئاگادارمەکەرەوە لە جێگەی خۆ شاردنەوەم**

- قەدەغەکردنی میزکردن و پیسایکردن و ...هتد. لە پیسی کردنە ناو جۆگە و قەدەغەکردن لە سەرچاوە و ڕێڕەوی ئاودا:

ئێزیدایەتی لە سەر شوێنکەوتوانی پیسکردنی جۆگە و سەوزایی قەدەغەکردوە لەبەرئەوەی فریشتە (مەلەك تاووس) خۆی تیادا حەشارداون لەناو جۆگەلە و سەوزایی لەکاتی ڕاکردنیدا لەدەستی دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە:

**خۆم حەشار دەدەم لەنێوان جۆگەلە و سەوزاییدا**

**کەس ئاگادارمەکەرەوە لەجێگەی خۆ حەشاردانم**

**خوشکەکەی وڵامی دەداتەوە:**

**باسەگە هارەکانت بمخۆن ئەگەر شوێنەکەتم بە کەس وت**

**سەگە ڕەشەکان**

**سەگی پاسەوانی ڕانەکەت**

**سەگە دڕندەکان کە هێمای دەسەڵاتی تۆن**

- پیرۆزکردنی هەندێ جۆری خواردن و خواردنەوە و قوربانی:

ئێزیدایەتی هەندێ خواردن و خواردنەوە لایان پیرۆزە لەبەرئەوەی دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە کە فریشتە(مەلەك تاووس) یان ڕاودەنا ئاوی قوربانییەکانیان نەدەخوارد و نەدەخواردەوە :

دێو ڕەفتارەکان:

**خواردن ناخۆن و خواردنەوەش ناناسن**

**لە ئاوی قوربانییەکان نزیك نابنەوە**

دیارییەکان قبووڵ ناکەن کە دەروونەکان ئارام دەکەنەوە.

- پیرۆزیی ژنهێنان و خۆشەویستیی منداڵ:

ژنی شووکردوو پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگای ئێزیدیدا و خۆشەویستیی ژن و منداڵ ئەرکێکی ئایینی پیرۆزە لەبەرئەوەی ئەو دێوڕەفتارانەی کە فریشتە ( مەلەك تاووس) یان ڕاوەدوو دەنا منداڵ و ژنیان خۆش نەدەویست:

دێوڕەفتارەکان:

ناچنە باوەشی ژنەوە

منداڵی جوانیشیان قبولّ نیە.

- خیانەتکردن کارێکی قەدەغەیە لە ئایینی ئێزیدیدا و بریتییە لە گەورەترین گوناه:

کاتێك دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە هانی **جشتینیانای** خوشکی فریشتە(مەلەك تاووس) دا بۆ درکاندنی نهێنیی خواوەند فریشتە دومۆزی **جیشتینیانا** ڕەتیکردەوە کە خیانەت بکات بەشێوەیەکی بنەبڕ، لەسەر ئەو بنەمایە خیانەتکردن و درکاندنی نهێنی یەکێکە لە گوناهە گەورەکان لە ئایینی ئێزیدیدا.

- پیرۆزیی ڕۆژ

ئیزیدایەتی ڕۆژی لا پیرۆزە، لەکاتی نوێژکردنیاندا لە بەیانیان و ئێواراندا ڕووی تێدەکەن و سوێندی پێدەخۆن . پیرۆزیی ڕۆژ لە ئایینی ئێزیدیدا لەوەوە هاتوە کە خواوەند فریشتە ( مەلەك تاووس) ( لە ڕابوردوودا بینیمان کە چۆن خواوەندی ڕۆژ جێگەی خواوەند

دوموزی گرتەوە)، کاتێك فریشتە( مەلەك تاووس) هانای برد بۆ خواوەندی ڕۆژ دژی دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە خواوەندی ڕۆژ (ئۆتۆ) بەهانایەوە هات و قاچەکانی گۆڕی بۆ قاچی ئاسك و دەستەکانی گۆڕی بۆ دەستی ئاسك بۆ ئەوەی بتوانێت ڕابکات لە دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە:

**ئەی ئۆتۆ تۆ برای ژنەکەمی و منیش مێردی خوشکەکەتم**

**لە ئێریك ژنهێنانم تەواو کرد**

**من لەلایەن لێوە پاکەکانمەوە**

**ماچی لاشەی پیرۆزی ئانانای کرد**

**دەستەکانم بگۆڕە بۆ دەستی ئاسك**

**تادەستی دێو ڕەفتارەکانی جالا نەمگاتێ**

**تاخۆم ڕزگار بکەم بۆ شۆبیریلا**

**خواوەندی ڕۆژ ( ئۆتۆ) وڵامی دایەوە:**

**ئۆتۆ فرمێسکێکی کردە قوربانی**

**وەبەزەییەکی گەورەی لە بەزەیی ئەوەوە بینی**

**دەستەکانی گۆڕی بۆ دەستی ئاسك**

**قاچەکانیشی گۆڕی بۆ قاچی ئاسك**

**دەستەکانی دێو ڕەفتارەکانی جالا نەیانتوانی بیگەنێ**

و توانی خۆی ڕزگار بکات بۆ لای شۆبیریلا

لە جێگەیەکی تردا فریشتە دوموزی داوا لەخواوەند ئۆتۆ( ڕۆژ) دەکات کە دەست و قاچەکانی بگۆڕێت بۆ دەست و قاچی مار:

ئەمەش هۆكارێكی ترە بۆ پیرۆزیی مار لای ئێزیدییەكان چونكە مار هێمای خواوەند نینجیزیدا بووە كە خواوەندی ئیزیدایەتیی كۆن بووە.

وێنەی مار لەسەر دەروازەی پەرستگای ئێزیدی هەیە لە لالشی پیرۆز هەتا ئەمڕۆش.

- پێشكەشكردنی خواردن بۆ ڕێبوار و هەژار:

ئیزیدایەتی باوەڕیان وایە كە ( مەلەك تاووس) دەردەكەوێت بەشێوەی شاراوە وەك ڕێبوار یان میوان لەبەر ئەوە ڕێزگرتنی میوان و ڕێبوار و هەژار ئەركێكی پیرۆزە لەلایان لەبەرئەوەی فریشتە ( مەلەك تاووس) كاتێ هەڵهات لە دێوڕەفتارەكانی جیهانی ژێرەوە چووەماڵی خانمە بیلبلی بۆ داوای خواردن و ئاو:

**ئەی خانمە پیرە داناكە، من مرۆڤ نیم بەڵكو مێردی خواوەندەم**

**لێمگەڕێ كەمێك ئاوی قوربانییەكان بخۆمەوە.**

**لە هەویری مژروریش كەمێك بخۆم.**

- ڕقی ئێزیدیەكان لە جێگەی چۆڵ و ژووری تاریك:

ئێزیدییەكان ڕقیان لەو شوێنانە دەبێتەوە لەبەرئەوەی فریشتە(مەلەك تاووس) خۆی تیادا شاردۆتەوە و ڕزگاری نەبووە لە سزای دێوڕەفتارەكانی جیهانی ژێرەوە و كۆتایی پێهاتووە:

**دێوڕەفتاری یەكەم هاتە ژوورەوە**

**لەڕوومەتی دومۆزیدا بە بزمارێكی درێژی كونكەر**

**دێوڕەفتاری دووەمیش دوای كەوت بۆ ژوورەكە**

**ئەویش لەدەم وچاوی دومۆزی دا بە گۆچانی شوانەکە**
**دوای ئەویش دێوڕەفتاری سێیەمیش خۆی کرد بە ژوورەکەدا**
**هەرچی لە تاسی شیرەکەدا بوو ڕشتی و بە بەتاڵی فڕێی دا**
**دێوڕەفتاری چوارەمیش دوای کەوت بۆ ژوورەکە و**
**پەرداخە پیرۆزەکەی فڕێدا لە جێگەی هەڵواسینەکەی**
**دوای ئەویش دێوڕەفتاری پێنجەمیش هاتە ژوورەوە و**
**ئالەو کاتەدا دومۆزی لەناو زیندواندا نەما و ژوورەکەش کەوتە بەردەم ڕەشەبا**

- پیرۆزی زەوی:

ئیزیدادییەکان زەوی پیرۆزە لایان چونکە فریشتە( مەلەك تاووس) بزر دەبوو و دەهاتەوە دەر لەناخی زەوییەوە:

**ئا ئەوەتا بزر دەبێت لە ناخی زەویدا.**
**زەوی مردووەکان پڕ دەکات لە خێر و بێری زۆر.**

- پیرۆزیی شمشاڵ:

ئیزیدادییەکان شمشاڵیان لا پیرۆزە لەبەرئەوەی ئامێری ژەنینی تایبەت بووە بە فریشتە( مەلەك تاووس):

**شمشاڵەکەی هەڵواسی بە ملیدا و دەستی کرد بە گریان و لاواندنەوە.**

لە بەشی دابەزینی خواوەندە ئانانا ژنی فریشتە ( مەلەك تاووس) دەبینین باسێکی تری شمشاڵی پیرۆزکراوە:

**لە ( کولاب) دومۆزی جلوبەرگی گرانبەهای لەبەرکرد**

**چوە سەر عەرشەکەی و حەوت دێوڕەفتارەکان کەوتنە سەری وەك ئەوەی لەگەڵ**
**پیاوێکی نەخۆشدا دەیکەن و شوانەکە لە فووکردنی**
**شمشاڵ و زوڕناکەی کەوت.**

- **قەدەغەکردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگ شین:**

**ئێزیدایەتی لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگ شینی قەدەغەکردووە لەبەر ئەوەی شین ئەو ڕەنگەیە کە دەم و چاوی فریشتە دومۆزی (مەلەك تاووس) گرتی کاتێ لەلایەن دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە تووشی ئازاردان هات.**

**لە دەقی دابەزینی ئانانادا بۆ جیهانی ژێرەوە بەم شێوەیە هاتووە:-**

**دومۆزی گریا تا دەموچاوی شین هەڵگەڕا.**[57]

- **ئەرکی دابەشکردنی شیر یان ماست بەسەر هەژارە دەستکورتەکاندا لە بەیانی ڕۆژی جەژنی سەری ساڵ ( سەری ساڵی ئێزیدی):**

**پێشکەشکردنی قاپێك ماستی ڕوون بۆ دراوسێکان لە جەژنی سەری ساڵی ئێزیدیدا کە ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممەی یەکەمی مانگی نیسانی ڕۆژهەڵاتی ( کوردی) دەکات دادەنرێت بە**

---

٥٧. سەرکێشی ژێری یەکەمین: فراس سواح، دەقی دابەزینی ئانانا بۆ جیهانی ژێرەوە ل ٢٩٧-٣٠٦

ئەرکێکی ئایینی لەبەر ئەوەی فریشتە دومۆزی( مەلەك تاووس) بەم شێوە کارە هەڵساوە:

**منم ئەو کەسەی کە ماست هەڵدەگرم بۆماڵی ننجال**

- **پیرۆزیی هەندێ جۆری گوڵ:**

ئێزیدییەکان هەندێ جۆر گوڵیان لا پیرۆزە بە تایبەتیش ( گوڵاڵە سورە + هەلاڵە+گوڵە نیسان + گوڵە مێلاقە ) کە دەرگای ماڵەکانی پێدەڕازێننەوە لە جەژنی سەری ساڵدا لەبەرئەوەی فریشتە (مەلەك تاووس) لەناویدا ڕاکشاوە کاتێك ڕایدەکرد لە دەستی دێوڕەفتارەکانی جیهانی ژێرەوە.

- **پیرۆزیی عەبا :**

ئیزیدایەتی عەبای لا پیرۆزە کە ئەو عەبایە چنراوە لە خوری کە هەژار لەبەری دەکات ( هەژار = فقیر= چینێکی ئایینی ئێزیدییە) دەرکەوتوە کە فریشتە (مەلەك تاووس) لەو جۆرە عەبایەی لەبەرکردووە( لەکاتی گەڕانەوەی لەدونیای ژێرەوە). لە دەقی دابەزینی عەشتار بۆ جیهانی ژێرەوەدا هاتوە لە ئەفسانەی ئەکەدیدا ٥٨، ئەو ئەفسانەیە هاوجووتە لەگەڵ نموونەی سۆمەریدا بە ڕادەیەك وەك وێنەی ڕەسەن وایە:

**( بیبەن) و بیشۆن بە ئاوی پاك و بۆنداریکەن بە بۆنە خۆشەکان.**
**عەبایەکی سووری لەبەربکەن و لێگەڕێن شمشاڵە لاژوەردیەکەی**

---

٥٨. سەرچاوەی پێشوو: ل ٣١٣-٣١٨

**لێبدات.**

**ئیزیدایەتی ئایینێكی كوردی دێرینە، بۆ ئەوەی باسی ئایینێك بكەین كە مێژووەكەی گەیشتۆتە نزیكەی ٤ هەزار ساڵ، ئەوا ئێمە هەوڵێكی نەزۆك دەدەین وەك هەوڵی ئەو كەسە وایە كە بیرەوەری لەدەستداوە و گەرەكیشێتی ڕابووردووی خۆیشی وەبیربێتەوە، بەڵام لەلایەنی كرداری و جێبەجێكردنەوە دەكرێت بڵێین كە ئیزیدایەتی وەكو ئەوانیتر لە ئایینە كۆنەكان بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. لە قۆناغی یەكەمیدا واتە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز خواوەند نینجیزیدای پەرستوە( ئیزی) و پیادەی باوەڕی خواوەند دوموٚزی كردوە (مەلەك تاووس) یان بەرجەستەبوونەكانیان و دەركەوتنەكانیان.**

**هەروەكو ئایینەكانی دیكەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار هێواش هێواش گۆڕدراوە لە سیما بە پیتی زەمینیەكەی بۆ سیما ڕۆحییە گەردوونییە ڕووتەكەی بە شێوەیەك لە ناواخنیدا توانی هەموو خواوەندە ناوخۆییە دێرینەكان لەخۆ بگرێت(كە جۆراوجۆر بوون بە جیاوازبوونی ئەركەكانیان وەك خوای بارا- خوای چاكبونەوە- خوای هەورە بروسكە- خوای هەورە تریشقە- خوای ئاو) هەتا گەیشتۆتە یەكتاپەرستی و بۆتە خودا( خودێ = یەزدان) خوای تاك و تەنها، ئەوەش لەكاتێكدا بووە كە ناتوانین لەسەردەمی ئێستادا دیاریی بكەین.**

لەهەمان کاتیشدا ئیزیدایەتی پارێزگاری لە پیرۆزیی فریشتەی پاك (مەلەك تاووس) کردوە بەو سیفەتەی خاوەنی باوەڕی ئیزیدایەتییە هەتا ئەمڕۆ و خوای خوا ( خودێ) یەکسانە لە بەرامبەر ( الله ) ی بەرز و پیرۆز بە تەواوەتی لە ڕووی توانا بێکۆتاکانییەوە و لە ڕووی توانا و دەسەڵات و بەزەیی و تاك و تەنهایی و هەرمانی و بەرزی و گەورەیی و لێخۆشبوون و بەزەیی فراوانی و سزای توندییەوە.

کولتوری ئایینی ئێزیدی کۆن زارەکییە کە بریتییە لە گوتەی پیرۆز کە خەڵکی گێڕاویەتیەوە و بە تایبەتیش ( البیرە الابرار ) ئەوانەی پارێزگارییان کردوە لە بەردەوامیی نەوە دوای نەوە. ئەگەر ئەو گوتە پیرۆزانەمان خستەڕوو و گەر هەستاین بەکۆکردنەوەشی لە کتێبێکدا ئەوا دەبێتە کتێبی پیرۆز لەلای ئێزیدییەکان هەروەك چۆن زەردەشتییەکان کردویانە لە پێشدا کاتێك کە گوتەکانی پێغەمبەر زەردەشتیان کۆکردەوە لە کتێبێکی پیرۆزدا و ناویان نا کتێبی زەندا ئاڤێستا، هەروەك چۆن جوولەکە هەستان بە کۆکردنەوەی گوتەکانی پێغەمبەرانیان لە کتێبی تەوراتدا و هەروەها ئینجیلی پیرۆز لەلای مەسیحییەکان و قورئانی پیرۆز لەلای موسوڵمانەکان.

لە ڕێگەی ئەو گوتە پیرۆزانەوە دەتوانین کە پیشاندانێکی پەیوەندیدار پێشکەش بکەین بۆ دانایی و کولتور و بەشەکانی ئایینی ئێزیدی کە بریتیە لە باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون، ئایینی ڕێگای ڕاست (DÎNÎ RÎYA RAST ) .

ئەگەر ئەو بەشانەی گوتە پیرۆزەکانمان بەش دوای بەش خوێندەوە ئەوا بێگومان دەگەینە بچوکترین ووردەکاری و دانایی و فەلسەفەی ئایینی ئێزیدی کە جیا دەکرێتەوە بە گشتگیری و قووڵی و دانایی و تەواوی. ئەو بەشانە( گوتە پیرۆزانە) پڕن لە بیری قووڵبونەوەی ئێزیدی لەوەی کە پەیوەستە بە سروشتی ژیان و دەروونی مرۆڤایەتییەوە. سروشت و لەدایکبوون و چارەنووس، ئەوەش ئەنجامی دەیان سەدەیە لە بیری قووڵبونەوەی ئێزیدیدا لەوەی پەیوەستە بە نهێنیەکانی ژیان و گەردوون، پێشکەوتنی پێشبینییەکان لەبارەی ڕێچکە و ئاراستەی ژیانی مرۆڤ کە کات تێپەڕ دەکات لەبەرئەوەی بۆ کوردە ئێزیدییە یەکەمەکان ڕوون بووەتەوە هەروەك چۆن لەمڕۆدا ڕوون بووەتەوە بۆ هەموو ئەوانەی بە ئەزمونەکانیان مەلە دەکەن لە کون و کەلەبەرەکانی ژیاندا.

سەرەتاکانی دانایی و فەلسەفەی ئایینی ئێزیدی لە بەشی پیرۆزدا ڕۆشن دەبێتەوە( QEWLÊ SERE MERGE ) ( **کتێبی مردووەکان)** کە تیایدا ڕۆشن دەبێتەوە هەریەکە لە دەروون و ژیان و لەدایکبوون و چارەنووس و دروستکردن و پەیوەندیی مرۆڤ بە خواوەندەوە و بەرپرسیارێتی خواوەندیش بەرامبەر مرۆڤ. ئەم ڕۆشنبوونەوانەش بریتین لە داواکاری یان گفتوگۆکردنێکی ناوخۆیی یان گفتوگۆیەکی ویژدانیی درێژ کە دانای کوردی ئێزیدی یان پیاوێکی باش یان ئەیوبی ئێزیدی تیایدا گەشتی مرۆڤ لە ژیان و ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕوانی دەکات لەدوای مردن دەگێڕێتەوە، ئەوەش

چیرۆکی ئەیوبمان بیردەخاتەوە لەو بەشەدا کە لە تەوراتدا بەناو خۆیەوەیەتی بەڵام لەوەدەچێت زۆر کەس لەبارەی ئەیوبی کوردی سۆمەری زانیارییان نەبێت کە کۆنترە. ئەو دانایەی کە قسە دەکات لەو بەشەدا ئەوە ئەیوبی کوردی ئێزیدییە کە کوڕەزای ئەیوبی کوردی سۆمەرییە، خۆ ئەگەر ئەیوبی تەوراتی لە قووڵی ئێش و ئازار و سکاڵا و زۆر تووڕەییدا پێش ئەیوبی کوردی ئێزیدی بکەوێت کە هەندێ جاران دەگاتە ئاستی هەڵەکردن بەرامبەر بە خودا، ئەوا ئەیوبی ئێزیدی توانای خۆڕاگرتن و دانایی و هێمنی و بینینێکی دڵی تەواوی هەیە بۆ دەربڕینی ئێش و ئازار و سکاڵاکانی بەشێوەیەکی باش و بەبێ توڕەبوون.

ئەم بەشە نەمرە کە پێکدێت لە ٧٠ بڕگە یان بەش دادەنرێت بە گرنگترین بەشەکان و گەورەترینیان لەڕووی قەبارەوە لە ئایینی کوردیی ئێزیدیدا کە بە ئامادەبوونی خەڵکی دەخوێنرێتەوە لە کاتی ناشتنی مردوودا و مێژووی نوسینەوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەی یانزەهەمی زاینی سەرەڕای تازەیی بەڵام کۆی ڕۆشنبیرییەکانی ئێزیدیی کۆن و نوێ لەخۆ دەگرێت.

ئەم بەشە لە سەرەتاوە ڕووی گفتوگۆی دەکاتە خاوەنی زانست و زانیاریی ئەوانەی کە خاوەن پێگەی بەرزن لە ئایینی کوردیی ئێزیدیدا، و داوایان لێدەکات بۆ تێڕوانین و قووڵبونەوە لە ژیان و مردن ( بڕگەی یەکەم و دووهەم)

## ڕۆژێك لە ڕۆژان ROJEKÊ JI ROJANE

یاڵلا ئەی زانا زیرەکەکان XELKÊ ÊRFÎ ZANE
نهێنیی مردن بدۆزنەوە HÎLÛN JI MIRNÊ BIDEN
وەرن ئەی زانا زیرەکەکان XELKÊ ÊRFÎ ZANE
وردببنەوە لەم گوتە پیرۆزانە WERIN LI VAN BEYANA BIFIKIRA
لە مردن پەند وەربگرن بۆ خۆتان SITRIKÊ JI MIRINÊ BO XO BIGRIN

ئاراستەی بەشەکە دەگۆڕێت بۆ چۆنیەتی مردن کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ لەناوبردنی لاشە و دەستەکان و چوارپەل و هەستەکان مردن کارێکە خۆ دەربازکردن لێی نیە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت یان نا (بڕگەی سێیەم و چوارەم):

ئەو نهێنییە ( مردن ) لەناوم دەبات EW SÛRRA MIN DI KUJÎ
دەستەکان و پەلەکان و هەستەکان لەناو دەبات DEST Û SER Û PE Û QALÎB NIJÎ
یاڵلا ئەی مرۆڤی بەدبەخت بژی MISKÎ NO BIN ADEMO HIL Û BIJÎ
مردن لە ئاسمانەوە دادەبەزێت JI BANA NIZIL BÛ EW SURRE
NESIBEK EFRAND BÛ BI MIRRE AMÎ
ئێمە ڕازین گەر کەم بێت یان زۆر AMI DIRAZINE HEKE HENDEKE Û HEKE PIRRE

ئەم بەشە ڕوونیدەکاتەوە کە کۆرپەلە لە سکی دایکیدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەی ٩ مانگ بە ویستی پەروەردگار و لەدوایدا لەدایك دەبێت بەبێ ویستی خۆی. خزم و کەس و کار و دەرو دراوسێ و هاوڕێکانیش پێی دڵخۆش دەبن و باوك ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ساز دەکات لە دیوەخانی هەژاراندا(بە ئامادەبوونی پیاوانی ئایینیی ئێزیدی) سوپاسی خوا دەکات لەسەر نیعمەتەکانی

( بڕگەی ٥و٦و٧و٨و٩و١٠و١١)

**BEHRA HEQ WETINÎ** لە سکی دایکیدا جێگیر بوو

**NEH MEHA TÊ SEKINÎ** و ٩ مانگ تیایدا مایەوە

**JI QÛDRÊ TE MEKINÎ** بە ویستی پەروەردگار

گەشەی منداڵەکە تەواو دەبێت بە ویستی پەروەردگار **BÛTEMAME JI QÛDRETÊ KIRBÛ**

**CÎ BEHREKE BI XEMAME** لەناو سکدا کە لە دەریای هەوراوی دەچێت

**BINÊ GSÎRÊTE ES BÛM XULAME** لە دوایدا منداڵەکە لەدایك دەبێت

**FIKIRÎM LI WÊ FIKERÊ** لەو بیرۆکەیە تێڕامام

**LI MERSÛ MÊ LI FIRWARÊ** ئەو یاسا و بڕیارە

**MIN ZOR FEREQE KIRBÛ WÊ BEHRÊ** بە سەختی ئەو مەسەلەیەم جیاکردەوە لەو دەریایەدا

**LIMIN CEMA DI BUN XIZIM** لەچواردەوری کۆبوونەوە پشتەکان

نزیکەکان و دەرودراوسێکان ÛL Ê ZIM Û CÎ NARE

باوك سوپاسی خوا دەکات BABÎ MINÊ KARE JI MÊRÊ MÎRA

لە خۆشی کۆمەڵی هەژاراندا BI SAYÎ YA DÎ WANÊ D FEQÎRA BISAYÎYA

لەگەڵ خۆشی دایك و باوکدا DAY Û BABA

گۆرانیبێژان گۆرانی دەڵێن و دەف و جووزەلە لێدەدەن QEWAL WÊ DISTRA ÊN DEF Û SIBABA

خوایە پێت بەخشین منداڵێك ILEHIYO TE EM XENÊ KIRÎN BÛ AVA

دەوڵەمەندت کردین ئەی خوایە ILEHIYO TE EM XENÊ KIRÎN

پێش ڕۆژی مردن JI BERÎ ROJA EM BIMIRÎN

دڵمان خۆش بکە بە کوڕێك TE BI WELEDEKÎ NÊR EM SAHÎ KIRÎN

پاشان قۆناغەکانی تر دەست پێدەکات لە ژیانی منداڵەکەدا کە بریتیە لە قۆناغی منداڵی کە شەو وڕۆژ تیایدا دەگری، دواتر قۆناغی تازە پێگەیشتوو و دواتر قۆناغی لاوی و دواتر قۆناغی ژنهێنان( ئالێرەدا پیاو باشەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی باش و بڕوادار کە مێدالیای میر هەڵدەگرێت( خودا) و هەرچی تووشی ئەو منداڵە دەبێت لەماڵ و ئاڵتون هەتا ڕۆژی مردن ئەوە لەخواوەیە).

- بڕگەی دووەم هەتا نۆزدەهەم -

ئەی مندالی هەژار CI WELEDEK Î MISKÎNE

لەلانکێکی تەختەدا دانرا DANABÛ LI NAV TABÛTEKE DARÎNE

شەو و ڕۆژ بەکەوتن و هەستانەوە و گریان دەباتە سەر BI SEVÊ Û ROJÊ HEJÎNE Û QÎRÎNE

ئەی خوای بەخشندە و بەزەیی زۆر ILHÎYO PIRR KEREME

لێخۆشبوونت هەبێت بەرانبەر نەوەی ئادەم SIFQETA HEBIT LIBIN ADEME

هەر تۆ ئێمەت خولقاندوە TE EM RAKIRÎNE SER QEDEME

وات لێکردوین لەسەر قاچەکانمان بڕۆین LI SER QEDEMA DI GERRÎ YAM

گیان کەوتە دەست و قاچەکانمەوە RÛH HATE DEST Û PÊYAN

ئەی خوایە تەواو گەورە بووم ILEHIYO BI TE FIRRIYAM

دواتر پیاو چاکەکە داوا دەکات لە خودا کەوا ڕێگای هەق و ڕاستی پیشان بدات، ئەم بیرۆکەیە ئەو بیرۆکانەمان وەبیردێنێتەوە کە باوەڕێکی ئایینیان دروستکرد لەسەردەمی کوردیی کاشیدا(١٥٠٠ پ.ز) کە دەڵێت مرۆڤ چاوی دڵی نیە کە مانای گوناه و هەڵە بزانێت و

تەنها خودا دەتوانێت کە ڕووپۆش لابدات لە چاوی دڵی مرۆڤ [٥٩].

- بڕگەی بیستەم –

لەدواییدا پیاو چاکەکە ڕاڤەی ئەو حاڵ و ئەحواڵە دەکات کە تووشی بووە لە هەژاری و نەگبەتی و ڕووداو و ونکردنی گەورەیی و خۆشی و دەسەلاٚت، لە گێڕانەوەی گوتەی پیرۆزدا دەردەکەوێت کە خودا لە پشت ئەو نەگبەتی و ڕووداوانەوەیە کە بەسەریدا هاتوە بەلاٚم ئێمە نازانین ئەوەی کە بەسەریدا هاتوە لە ئەنجامی لاملی و پابەند نەبوونی و کەمتەرخەمی بووە لە ملکەچی بۆ خوا یان نا، یان بەهۆی گوناهانێکەوە بووە کە ئەنجامی داون بۆ تاقیکردنەوەی دوورایی قوڵی و چەسپاوی باوەڕی بەندەباشەکەی. بەهەرحاڵ بیرۆکەی خۆپاراستن لە خراپەکاری وەك پارێزەرێکی حاڵی تاك و خۆشییەکەی هەمیشە زیاتر ڕووبەڕووی گومان دەبێتەوە وەك لە بیرۆکەی دادپەروەری، هەمیشە تووشبونی پیاوچاکان بە بەلاٚ و نەگبەتی ڕووداوێکی ئاسایی بووە وەك حاڵی هەمووان , ئەم

---

٥٩. بگەڕێوە بۆ ماوەی بڕگەکانی گوتەی پیرۆز لە کتێبی داب و نەریتی گوندی ئێزیدی ،لایەنی ئەنترۆپۆلۆجی، خدر سلێمان.

کێشەیەش بە بەردەوامی ویژدانی مرۆڤی شەرمەزار کردوە لە دێرزەمانەوە و تائێستاش بەتایبەتیش کاتێك ململانێکان توند دەبن لەناخی مرۆڤدا لە نێوانی هەستکردنی بەوەی کە سزا دەدرێت لەسەر گوناهێك کە نەیکردوە و لە نێوان ئەو باوەڕەی کە بڕیاری خوا بەسەر بەندەکانیدا بڕیارێکی دادپەروەرانەیە و پەندەکانی لەو بڕیارە پەنهانە لەسەر مرۆڤ, لەهەموو کاتێکدا پیاو چاك وای دەبینێت کە مرۆڤ لە نەبووەوە دروستکراوە و چاکە و خراپە هەر لەخواوەیە، ئەگەر خوا ڕێگای پیشان دا بۆ چاکە ئەوا کاری چاك دەکات و خۆ ئەگەر ڕێگای خراپەشی نیشان دا ئەوا خراپە دەکات، ئا لێرەدا پیاو چاك لە خوا دەپاڕێتەوە کە ڕێگای چاکە و ڕاستی نیشانبدات بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە کە لە قوڕێکی باش و پاکە و زۆربەی کاتەکانی بە یادی خوا بەسەر دەبات و سوپاسی دەکات و لەگەورەیی و هێز و دەسەڵاتی ڕادەمێنێت،

بەڕای پیاوچاك مرۆڤ هیچ هێز و توانا و دەسەڵاتێکی نیە ئەگەر مردن یەخەی پێبگرێت کە بەڵێنێکی هەق و ڕاستە.

- بڕگەی بیست هەتا بیست و شەشەم-

مردن هەژار و دەوڵەمەند ناناسێت و دەوڵەمەندی و ئاڵتون هیچ سوودێکی نیە لەگەڵیدا، گەر فریشتەی مردن ئیزرائیل هات هیچکەس ناتوانێت لەدەستی هەڵبێت، ئەو فریشتەی خوای تاك و تەنهایە گیانی مرۆڤەکان دەکێشێت هەندێ جار وەك هەژار دەردەکەوێت و هەندێ جاریش وەکو کوڕ و هەندێ جاریش بەشێوەی کەسێکی ئاسایی

دەردەکەوێت، ئەو کوڕ لەباوك جیادەکاتەوە و گیان لەلاشە جیادەکاتەوە.

-بڕگەی ٢٧ هەتا بڕگەی ٣٦ —

ئەم بیروبۆچوون و وێناکردنانەی تایبەت بە فریشتە ئیزرائیل گوازراوەتەوە بۆ ئیزدایەتی بەکاریگەری ئایینی زەردەشتی، هەروەك چۆن گوازراوەتەوە بۆ ئایینەکانی یەهودییەت و مەسیحیەت و لەدواتریشدا بۆ ئیسلامیش.

دواتر پیاوچاك حاڵی خۆی ئاشکرا دەکات لەکاتی مردن و ئەو دابونەریتەی کە پێش ناشتنی مردوو کە چۆن مردن ڕووبەڕووی سەرجەم مرۆڤەکان دەبێتەوە و هیچکەس لێی ڕزگار نابێت دواتر دەچێتە سەر باسی دابو نەریتی ناشتنی مردوو لە گۆڕدا. وەسفی ئەو فریشتانە دەکات کە لە گۆڕدا دێن بۆ پرسیارکردنی کە چۆن لە ترسێکی گەورەدایە لە شێوە ترسناکەکەیان، ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن فریشتە زیان بەباوەڕداران و چاکەکاران ناگەیەنن و ئەوان بەو ئەرکە ڕاسپێردراون لەلایەن خواوە.

لێرەوە ئاراستەی بەشەکە دەگۆڕێت:

دوو فریشتە دادەبەزن بۆ لای و ئەوان دەیناسن و دەشزانن کە چەند پیاوێکی چاك و باش بووە.

-بڕگەی ٣٧ هەتا بڕگەی ٦٧—

دواتر بەشەکە لە کۆتاییەکەیدا دەچێتە سەر باسی سزا و لێپرسینەوەو ڕوونیدەکاتەوە:

چۆن مردوو دەپەڕێتەوە بەسەر پردی سیڕاتدا کە ئەو شوێنەیە حساب لەگەڵ مرۆڤدا دەکرێت کە چەند بەشێکە: بەشێکیان بەهەشتە و بەشێکیان دۆزەخە و بەشی سێیەمیشیان دووکەڵە، چاکەکاران دەچنە بەهەشتەوە و گوناهکارانیش بۆ دۆزەخ و ئەوەشی گوناهەکانی کەمتر بێت دەچێتە ناوچەی دووکەڵ . ٦٠

-بڕگەی ٦٨ هەتا بڕگەی ٧٠–

لێرەدا گوتەیەکی ئێزیدیی دیکە هەیە کە مەسەلەی مردن و چارەنووسی مرۆڤ لە ژیاندا ڕووندەکاتەوە بە شێوەیەکی فەلسەفیی قووڵ:

**EF ERDE XANE EBD Û BESER BAZERGNE ٦١**

**HINEKA MALE XO BARKIR،**

**HINEKA JINA DANE**

**BIN ADEMO HEZAR SAL**

**TAMAMKEY MIRATIYI LI SERQE**

**HETTABI SAMKEY**

**DIMAYIKÊ HARDÊ JI KASA MIRNÊ TAMKE**

---

٦٠. بیری زەردەشتی هاتۆتە ناو ئێزیدایەتییەوە و لە دواتریشدا بەهەمان شێوە هاتۆتە ناو یەهودیەت و مەسیحییەت و ئیسلامیشەوە.

٦١. گۆڤاری لالش: ژمارە ٦ ل ٦٣.

**بەواتای**

**ئەم دونیایە خانێکە، بەندە و مرۆڤ تیایدا کاروانێکن**

**هەندیَ بەجێیان هێشتووەو هەندێکی دیکەیش هەواری خستوە**

**ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر هەزار ساڵیش بژیت**

**و مەملەکەتی رۆژهەڵاتیش هەتا شام بگرێتە دەست**

**لە کۆتاییدا بێگومان هەر پەرداخی مردن نۆش دەکەیت.**

ژیانی هەمیشەیی و نەمری خەونێك بووە کە مرۆڤ خەوی پێوە بینیوە لە قۆناغ و کاتە جیاوازەکاندا، هەمیشە سوودی ژیان و مردن و زیندوبوونەوە بە بەردەوامی لای هەموان ناوەندیتر بووە لە ئوستورەناسی لە کوردستاندا، سەرەڕای ئەو شاراوەییەی کە لەبارەی ئەو مەسەلەیە هەیە لە دێرزەمانەوە هەتاکو ئێستاش، ئەوا بیرۆکەی مردن بۆ خۆی هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەی نەگەیاندوە کە قۆناغی کۆتایی بێت لە ژیانی مرۆڤ، هەمیشە مردن بەلای کوردەوە بریتی بووە لە قۆناغی ڕاگواستن بۆ قۆناغێکی دی بە بوون و ژیانی تەواو جیاواز یان کەمێك جیاواز لە قۆناغی پێش خۆی، لەبەرئەوە ئێزیدایەتی وشەی مردن بەکارناهێنن بەڵکو دەڵێن ( **RÛJAWÎ AVA BO**) واتا ڕۆژی ئەو ئاوابوو.

باوەڕی کوردیی دوموزی ( تاوسییزم ) کە وەستاوەتە سەر بیرۆکەی مردنی سروشت و تازەبونەوەی دووبارەشی بریتییە لە پێچەوانەکردنەوەی مردنی خواوەند فریشتە دوموزی(مەلەك تاووس)

و زیندووبونەوەی سەرلەنوێ لەکاتێکی دواتردا و گەڕانەوەی لە جیهانی مردواندا بەو پێیەی جیهانێکی ژێرەوەیە، کوردە سۆمەرییەکان ناوی گۆڕ (GUR) یان لێناوە کە بەمانای گۆڕ دێت، لەو کاتەدا خەڵکی باوەڕیان وابووە کە دڕندەیەکی بەهێز مرۆڤ دەفڕێنێت بۆ ئەو جیهانەی ژێرەوە کە تاریك و نەزانراوە و بەو دڕندەیەیان گوتوە گۆڕ( GUR) بەهەمان شێوە ئەو دڕندەیە هەمان ئەو دڕندەیەیە کە خواوەندی سۆمەری کوردی ئەرشیکیکاڵ ( رشکاکال) ی فڕاندوە.

هەتا کاتێکی زۆر دوورنا کوردەکان لە لادێکاندا منداڵەکانیان دەترساند ( بۆ ئەوەی بنوون) بە گۆڕی مانجۆ، گۆڕی مانجۆ ٦٢ بەبڕوای من بریتییە لە دڕندە بەهێزەکەی دونیای ژێرەوە ( گۆڕ).

کوردە سۆمەرییەکان دونیای ژێرەوەیان ( دونیای مردوان) ناو بردوە بە اریستا تاری ( زەمینی تاریك) یان ئەو زەوییەی کە گەڕانەوەی لێوە نیە، لێرەدا تێبینی دەکرێت کە نیوەدێڕی یەکەم و دووەم لە وشەی سۆمەری ( اریستا تاری ) هاوجووتە لە ڕووی زاراوە و ماناوە لەگەڵ وشەی کوردی( اردی تاری) کە بەهەمان مانای زەوی تاریك دێت.

---

٦٢. گۆڕ بەمانای بۆشای گەردونیش دێت کە دەکەوێتە نێوان ڕوی زەوی و ئاوی دەریای یەکەم مانجۆش بەبڕوای من بریتیە لە ئاوی دەریا کە لە تهومی یەهودی دەچێت کە لە تەوراتدا هاتوە و گۆڕی مانجۆ بەمانای دڕندەی ئاوی دەریای یەکەم دێت.

باوەڕی کراس گۆڕینی کوردی ئێزیدی KIRAS GÛHERÎN
کە وەردەگێڕدرێت بۆ باوەڕی نەمری و بەرجەستە بوون دەڵێت مرۆڤ لەسەر شێوەی دووبارەبوونەوە دەمرێت،لە دایکیش دەبێت بەهەمان شێوەی دووبارەبوونەوە، بەرجەستەش دەبێت لە شێوەی دووبارەبوونەوە لە بوونەوەرێکی زیندووی ئاست بەرزدا یان نزمدا، مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ، لەدایکبوونی مرۆڤ وەك تاکێکی چاك یان خراپ یان ئاژەڵ دەوەستێتە سەر چاکە و خراپەکانی کە لە قۆناغی ژیانی یەکەمیدا کردوونی، لێرەدا هەڵبژاردن لە دەست مرۆڤ خۆیدایە و تەنها خۆیشی بەرپرسیارە لە چارەنووسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنە ڕەوشتیەکانیەوە، خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ بریتین لە لەبەرئەنجامی کۆتایی کردارەکانی کە پێی هەستاوە لە ژیانی ڕابووردوی ، گیانیش بۆ هەتا هەتایە نەمرە بە پێی باوەڕی ئێزیدی لە لاشەیەکەوە دەچێتە لاشەیەکی ترەوە بە ویستی خوای دروستکەر و بە بەزەیی:

گیانی خودایی RUHY REHMAYY

هیچ کاتێك لەناو ناچێت NABIT FANY

هەموو ڕۆژ لە نێوان دەستی خوادایین HERRO LIBER DESTY YEZDANY

- گوتەی پیرۆزی ئێزیدی -

باوەڕی کراسگۆڕین لە ڕێنمایی کارمای هندۆسی دەچێت کە بەمانای بۆ هەموو کارێك ئەنجامێکی هەیە بە باشە یان بە خراپە ئەو کردارە

بڕیار دەدات لەهەموو بوونێکی دەروونی بەرجەستە بوو بۆ دووەمجار، وەکو هاتوە لە **فرۆدا بیورانا** :

( مرۆڤ دروستکەری چارەنووسی تایبەتی خۆیەتی تەنانەت لە ژیانی کۆرپەلەییشدا کاری تێدەکرێت لەلایەن هێزە بزوێنەرەکانی کارەکانی بوونی پێشویەوە، جا گەر قەتیس بووبێت لەجێگەیەکی شاخاویدا یان ڕاوەستاوبێت لە قووڵایی دەریادا، یان ئارام و دڵنیا بێت لە باوەشی دایکیدا یان هەڵگیراوبێت بە بەرزییەوە لەسەر سەری دایکی. مرۆڤ ناتوانێت خۆ بدزێتەوە لە کاریگەریی کردارەکانی ڕابووردووی، و هەرچی تووشی مرۆڤ دەبێت لەهەر تەمەن و کاتێکی دیاریکراودا بێت، ئەوا هەر تووشی دەبێت بەبێ گومان لەو کاتەدا و لە و مێژوەدا کە دیاریکراوە).

بنەمای کراسگۆڕین پێشەکی وایبۆدەچێت کە دادپەروەرییەکی ڕەوشتیی گشتگیر هەیە، زاناکان وادەیبینن کە شانۆیەکی ڕەوشتیی فراوانە کە دادپەروەری بەڕێوەی دەبات و هەموو شتێکی باش یان خراپ یان بێلایەن بەدەستدێت و مافی ئەو کەسەیە کە دەیگاتێ، ئەم فەلسەفەیە ئەرکێك دەخاتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی لەبارەی حاڵی مرۆڤ ئێمە بەرپرسیارین لەوەی کە تیایدا دەژین و ئەوەی بۆی دەچین و ئێمە بەدەستی خۆمان ڕابووردومان دیاریکردوە و ئاییندەشمان دیاری دەکەین.

ئێزیدایەتی لە گەوهەر و دابو نەریت و پەرستنەکانیدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاسانە، خواوەند خودێ خواوەندی ڕەهایە لای ئێزیدییەکان،

کە هەمان الله یە لەلای ئایینە ئاسمانییەکانی یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلامیش:

گوتەی خواوەند QEWLÎ PEDSA ٦٣

خوای من پاشایەکی مەزنە PEDESE MINE PEDSA ٦٤

شاخ و دەشتی دروستکردوە GÊKIRI GÎYA Û DESTE

دروستکەری هەموو شت و زیندەوەرەکانە NEQASÊ HEMO NEQSE

خواکەم پاشای چاکەکانە PEDSE MIN MELKÎ BERIAYE

خوای پێغەمبەر و نێردراوەکانە REBÊ PÎXEMBER U MIHDÎYE

خوای هەرە بەرزە YESDANÎ MINÎ JORÎYE

خوای تاك و تەنها PEDÎSEHÊ MIN RÊBE SEMDEH

خوای موساو عیسا و موحەمەدە REBÊ MOSA Û ISA Û MEHEMEDE

هەموو دانیشتوانی زەوی کڕنۆشی بۆ دەبەن SICÛDE HEMÛ JIRABER

خوای تاك و گەورە PEDSÊ MIN ÊKÎ MEZINE

خوای هەموو بەندە و باوەڕدارەکانە PEDSAYÊ HEMO MÛMINE

---

٦٣. گۆڤاری لالش : ژمارە ٨ ل ١١٠.

٦٤. PEDSA مانای الله یە.

خوای ژیان و خوای منە REBÊ DENÊ YEZDANÊ MINE

فریشتەی پیرۆز مەلەك تاووس کە سەرۆکی فریشتەکانە لە ئایینی ئێزیدیدا کە لە پلەی فریشتە جوبرائیلدایە لە ئایینی ئیسلامدا:

**PEDSÊ MIN QINYAT AVAKER J DUNEUGE WAERE SIPARTIP Û HER HEVT SÛRET HER Û HERE MELEKÊ TAWUS KIRE SERWERE**

**خواکەم باوەڕ و باوەڕداری دروستکردوە لە خشڵ و زێڕ و گەوهەر و داوینێتێ دەست ٧ نهێنیەکە و فریشتە ( مەلەك تاوس )یشی کردۆتە گەورەی ئەو باوەڕە.**

ڕێنماییە زارەکیەکانی ئایینی ئێزیدی فێری بڕواداران دەکات لەبارەی بوونی بێکۆتایی خواوەند خودێ کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ و لە ڕووی گەورەیی و پاکێتی و ڕاستی و چاکەوە زۆر بەرزە. چاکە و خراپە لەلایەن خواوەند خودێوەیە و لەسەر باوەڕداران پێویستە بە ویستی خۆیان ڕێگەی چاکە یان ڕێگەی خراپە هەڵبژێرن. ئێزیدیەکان خاوەن ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی توند و پتەون، کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ بەشێوەیەکی گشتی کاری پیرۆزن لەلای تاکی ئێزیدی، لەدوای ئەویش هەریەکە لە ئاگر و ئاو و زەوی و هەواش پیرۆزن لەبەرئەوەی بنەمای سروشت و ژیانن و خودێ هەمیشە بوونی هەیە تیایاندا.

ڕۆژی چوار شەممان لای ئێزیدیان پیرۆزە بەو سیفەتەی ئەو ڕۆژەیە کە خودێ لە دروستکردنی گەردوون بۆتەوە، بریتییە لە لە ڕۆژی پشوو لەهەموو هەفتەیەکدا:

**خواوەند خودێ ڕۆژی هەینی کردە ڕۆژی دەسپێکی گەردوون**

**XUDA WENDÊ ME ÊNÎ KIR ESASE ٦٥ SEM BUYE KIRASE**

**ڕۆژی چوار شەممەشی کردە ڕۆژی کۆتایی هاتنی دروستکردنی گەردوون CARSEM KIR XELASE**

ئایینی ئێزیدی ئایینێکی مرۆڤانەیە و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا دەکات بەبێ سەیرکردنی ئایینەکەی و نەتەوەکەی و ڕەنگی و توخمی و زمانی و دەقە پیرۆزەکانی ئێزیدی گفتوگۆ لەگەڵ مرۆڤ دەکات وەك مرۆڤ، نەم مرۆڤ وەکو تاکی ئێزیدی:

**HÊ BENÊ ADEMO ٦٦ هێی ئەی مرۆڤ**

**MESKÎNO JARÛ ADEMO ئەی هەژار**

**AV DÛNYA ME SI XANYA ئەم دونیایەلەمەیخانەدەچێت**

**WEK XEÛNA SIVANAYE لەخەونی شوانەکان دەچێت**

**HERRO YARA HINANE هەر ڕۆژەی هاوڕێیەکمان هەیە**

ڕێزگرتنی میوان و ڕێبوار ئەرکێکی ئایینیە لای ئێزیدیەکانە :

**FERZE LISER MÊRÊ MECLISÊ ئەرکە لەسەر خاوەن ماڵ**

---

٦٥. گوڤاری لالش: ژمارە ٨ ل ٤٧.

٦٦. گۆڤاری لالش: ژمارە ٦ ل١١٥.

**لەدانیشتنەکانیدا ڕۆژی سێ جار لەمیوان بپرسێت ROSÊ SÊI CARA DÎWANA XÛ PIRSE**

**بۆ ئەوەی بزانێت کێیان نانی خواردوە و کێیانیش نانی نەخواردووە GELU KÎ XUERIYÊ ÛKI NE XUERIYÊ**

پەیوەندی لەگەڵ ڕۆحی باوباپیران و مردواندا لە نێوان کوڕ و بنەماڵەی ئێزیدیدا ئەرکێکی پیرۆزە. پێویستە یادیان بکرێتەوە و خێریشیان بۆ بکرێت بە پێشکەشکردنی جۆرێك لە نان کە پێی دەڵێن( صۆك) لە جەژنی بڵندا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێکەوە، باوەڕی بڵاو لای ئێزیدیەکان ئەوەیە ئەو کەسەی خێر بۆ مردوەکانی ناکات ئەوا مردوەکانی هەژار و دەستکورتن .٦٧

ئاگریش لای ئێزیدییەکان پیرۆزە و لە ماڵەکانیاندا هەڵیدەکەن و لەسەر شوێنە پیرۆزەکانیش لە شەوانی چوارشەممانداا لەهەموو هەفتەیەکدا هەڵیدەکەن و بەتایبەتیش لە ڕۆژە جەژنەکاندا و دەستی بەسەردا دەگێڕن و دواتر ئەو دەستانە ماچ دەکەن بۆ ڕێزگرتن و پیرۆزیی ئاگرەکە:

**خواکەم گەورە و بە دەسەڵاتە PADSÊ MIN CEBARE**

---

٦٧. گۆڤاری لالش: ژمارە ٤ ل ٨٤.

**لە گەوهەر دروستی کردووە JI DURRÊ EFRAN DI BO CARE**

**زەوی و ئاو و هەوا و ئاگر AXE Û AVE ÛBUYE ÛNARE**

**نوێژکردن (LIMEJ) پایەیەکە لە پایەکانی ئایینی ئێزیدی کە بریتییە لە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و پێش ڕۆژئاوا بوون، باوەڕداری ئێزیدی ڕوودەکاتە ڕۆژ لەکاتی نوێژکردندا لە هەڵاتنیدا و لە نیوەڕۆدا و پێش ڕۆژئاوابوون، نزای تایبەت دەخوێنێت تایبەت بەهەر نوێژێك.٦٨**

**ڕۆژیش پیرۆزە لە ئایینی ئێزیدیدا و پیرۆزیەکەشی لەوەوە هاتوە کە یەکێك بووە لە خواکانی ئێزیدی پێش یەکاتپەرستی و سەرەڕای گرنگیی ڕۆڵی لە سروشت و ژیانی مرۆڤ و ڕوەکەکاندا.**

**پایەی دووەم لە ئایینی ئێزیدیدا بریتیە لە ڕۆژووگرتن ( RÛJÊ) و دابەش دەبێت بۆ دوو ڕۆژوو ، ڕۆژووی هەموو خەڵکی کە ڕۆژووی خواوەند ئێزدییە و دەکەوێتە ڕۆژانی ٣شەمە و ٤ شەممە و ٥ شەممانی هەموو هەفتەی یەکەمی مانگی کانونی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی لەهەموو ساڵێکدا.**

**بەڵام ڕۆژووی تایبەتەکان پێکدێت لە ٨٠ ڕۆژ نیوەی دەسپێدەکات**

---

٦٨. گۆڤاری لالش: ژمارە ٤ ل ٨٤

له ٢٠ی کانونی دووەمی رۆژهەڵاتی و نیوەی دووەمیشی دەستپێدەکات له ٢٠ تەمووزی رۆژهەڵاتی ئەم ڕۆژووه تەنها تایبەته به پیاوی ئایینیەوه.

کۆمەڵگای ئێزیدی دابەش دەبێته سەر ٣ چینی ئایینیەوه:

- چینی پیرەکان و ئەمیش دەبێته ٣ لقەوه یان ٣ بەش یان نەوەکان:

١. ئادانی : که لەنەوەی شێخ حەسەن و شێخ موسی و شێخ شرف الدینه.

٢. شەمسانی: که له نەوەی میر، شێخ فەخر، شیشمس دەروێش، بابادین، ئامادین، خانوتا فخرانن.

٣. قاناتی: له نەوەی شێخۆ بەکر، لەوانەش شێخ ئیبراهیم خەتمی و دەروێش ئادەمن.

- چینی بیره : که بریتین له پیاوانی ئایینی ئێزیدی ( وشەی بیر بەمانای مامۆستای ئامۆژگاریکار) دێت.
- چینی دەروێشان: که بریتین له زۆرینه و پاشماوەی گەلی ئێزیدی.

کۆمەڵگەی ئایینی ئێزیدیش پێکدێت له :

- میر : که نوێنەری دەسەڵاتداری ڕەهایه له زەویدا( بەپێی باوەڕی ئێزیدی) هەرچی لەووه دەربچێت دەبێته فەرمان و ئەرك و لەسەر هەموو ئێزیدییەك پێویسته جێبەجێی بکات .

- بابا شێخ : ( باپیر ) لە ئاستی پاپای ڤاتیکاندایە لە ئایینی مەسیحیدا و ناودەبرێت بە (اختیاری مر کاهی) کە لە بنچینەدا وشەیەکی کوردیە بە شێوە زاری کرمانجی و بەسۆرانی واتای پیری مەزاری کاهی دەگەیەنێت و هەموو ئیشوکارێکی ئایینی لە ئەستۆ دەگرێت لە ئایینی ئێزیدیدا هەروەك زانا گەورەکان لە ئایینی ئیسلامدا.
- پیر : پیاوی ئایینی ئێزیدی کە ئامۆژگاریکارە و مامۆستای ئایینی ئێزیدیە.
- هەژار : کەسێکی پاکی پەرستیارە و جیادەکرێتەوە بە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی تایبەت کە پێی دەوترێت خرقە ( عەبا) کە پارچەیەك قوماشە لە خوری ڕەنگکراو بەگەڵای داری ( زرگۆن) ی لای ئێزیدییەکان.
- سروودخوێن (قەواڵ ): ئەو کەسەیە کە سروودەکان دەخوێنێتەوە و واپێدەچێت بنەچەیان بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی وڵاتی شام ئەوان وەك مەلا کوردەکان وان لە ئایینی ئیسلامدا.
- کوچەك: بریتیە لە پیاوی ئایینی کە تایبەتن بە زانینی نهێنیی ئایینده و پێشبینی و تێڕوانین.

کاریگەری دانان لەسەر ئایینده یەکێکە لە گەورەترین مەسەلە وروژێنەرەکان لە بیربۆچوونی رۆژهەڵاتی کۆندا بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستاندا بەشێوەیەکی تایبەتی، نەك بە پاڵنەری خۆتێهەڵقورتاندن بەڵکو بە پاڵنەری زانینی ئایینده و کاریگەریدانان

لەسەری، خەڵکانی کۆن بە هیچ شێوەیەك جەبری نەبوون،لەگەڵ زیادبوونی گرنگی ناسینی ئاییندە و ئەوەی بەچوار دەوریەوەیەتی و زیادبوونی ڕۆڵی ئەو کەسانەشی بەدواوە بوو کە دەیاندایە پاڵ پیاوانی ئایینی و ئاییندەزانەکان . لەگەڵ ئەزموون و کاری ڕۆژانە و کۆبونەوەی شارەزایی ئەم پیاوە ئایینیانە سیستمێکی دابونەریتی ئاڵۆزیان داهێنا تایبەت بەخۆیان وەك جلوبەرگەکانیان و سیمبولی وا کە هەریەکەیان ئاماژەیەك بوو بۆ ناوەڕۆکێکی دیاریکراو، سەرەڕای دەرکەوتنی بیروباوەڕی خواوەند کە لە پێشدا چارەنووسی خەڵکی دیاری دەکات، ئومێد نەبڕا بە کارتێکردن لەسەر ئاییندە ئەوەش بە پاڕانەوە و نزاکردن بۆ خوا لە نوێژەکانداو بە پاڕانەوە و قوربانیکردن کە دەکرێت تورەیی خوا بگۆڕن بەبەزەیی.

لەسەر ئەو بنەمایە چارەنووسی خەڵکی لەسەر دەستی کاهینەکان دەوەستا بەهۆی توانا لەڕادەبەدەرەکانی بەسەر سروشتدا، ئەوە تەنها مرۆڤە کە لەلایەن ڕۆحیانەتی باوباپیرانەوە هەڵبژێردراوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگاکەیان. گەر بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفەی ئایینی ئێزیدی بۆ ئەو تایبەتمەندییە ئەوا **کوچەك** ئەو کارە گرنگەیان لە ئەستۆ گرتوە کە جیادەکرێنەوە بە جلو بەرگە سپیە بریقەدارەکەی و پشتێنە خورییەکەی کە ڕەنگی سوور و ڕەشە کە بە بازنەی ڕازاوەی پیرۆز نەخشێنراوە کە لەلایەن باپیرەوە ( بابا شێخ ) وە پێیدراوە بۆ ڕێگەپێدانی بۆ پیادەکردنی ئەو کارە ئایینییە پیرۆزە.

بەپێی باوەڕی ئێزیدایەتی کوچەك ٦٩ بەوە ناسراوە کە خاوەن توانایەکی لە ڕادەبەدەرە کە یارمەتی دەدات بۆ پێشبینیکردن و بینینی ئایندە، بە کوچەك دەوترێت **جاف نرین( خوێنەرەوەی چاو) یان** ( ئایندە ناس ).

ئەگەر کوچەك بیەوێت پێشبینی بکات ئەوا دەست دەکات بە خواپەرستی و سەری دەخاتە سەر سەرینێك کە بەم کردارە دەوترێت (SERÎXÛ DANÎ ) لەدواییدا دەست دەکات بەبلّمەبلّم کە بریتیە لە خوێندنی هەندێ گوتار و نزای پیرۆز، تادەچێتە حالّەتی بێهۆشبوونێکی کاتییەوە و دواتر هەلّدەستێت بۆ ئەوەی بۆ ئامادەبوان بگێڕێتەوە کە چی دیوە و چی پێشاندراوە، ئاسایی کوچەك تەنها لە ڕۆژانی چوارشەممماندا پێشبینی دەکات.

ژنهێنان ئەرکێکی ئایینیی و پێویستە لە ئایینی ئێزیدیدا بۆ خستنەوەی وەچە و خێرکردن بۆ مردوان لە نەوەی بنەمالّە، قەدەغەکراوە لەسەر ئێزیدی ژنهێنان لەدەرەوەی چینەکەی خۆی تەنها خێزانی میر لەم قەدەغەکردنە هەلّاوێردراوە کە بۆی هەیە ژن بێنێت لەهەر چینێك بێت لە کۆمەلّگەی ئێزیدیدا.

خەتەنەکردنی مندالّان لە کانییەکی سپیدا(کانیا سپی) (KANÎYASIPY)

**لەدۆلّی لالشی پیرۆزدا لە پێناو**

---

٦٩. کوچەك = کەشك ( GUH-SEG ) بەمانای گوێ بە ئاگا و چالاکە هەمیشەییەکان دێت.

٧٠ پاککردنەوە یان ئەرکێکی ئایینی ئێزیدییە کە نزای تایبەت هەروەها دابونەریتی تریش هەیە وەك برای ئەو دنیا کە بریتییە لە برایەتی تاکێکی ئێزیدی لەگەڵ یەکێك لە پیرەکانی ئایین ئەم برایەی ئەو دنیا هاوشێوەی خواوەندی تایبەتی کۆنە کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی هاوەڵەکەی دەکات لەلای خوای هەرە گەورە لە مێژووی کۆنی ئێزیدیدا، هەروەها دابو نەریتی قەدەغەکردنی خواردنی هەندێ جۆری سەوزەوات و گۆشتی هەندێ ئاژەڵ هەیە وەك ئاسك بەهۆی پیرۆزییەکەی کە بە دوور و درێژ باسکراوە لە بەشی چارەنووسی خواوەند دومۆزیدا.

جەژنەکان لە ئایینی ئێزیدیدا بە ڕەگو ڕیشە و ئاماژەکانیەوە، بریتین لە جەژنەکانی بەپیتی و وەرزی دروێنە و کۆکردنەوە و خێر و گەشەکردن لە سروشتدا کە بریتیە لە وێنەیەکی زیندوو لە ئاهەنگە کۆنەکان کە لە کوردستان سازدەکران بەبۆنەی زیندووبونەوە و مردنی خواوەند دومۆزی( مەلەك تاووس). ئەگەر بڕوانینە ڕۆژنامەی ڕۆژەکانی جەژن و ڕۆژەکانی پرسە لە ئایینی ئێزیدیدا دەبینین کە سووڕی ژیان و مردن لە سروشتدا بەدرێژایی ساڵ دادەپۆشێت.

- جەژنی سەری ساڵ

چۆنێتی ژیان و مردن و لەدایکبوون و چارەنووس کێشەیەکی

٧٠. گۆڤاری لالش: ژمارە ٤ ل ٨٤

مرۆڤایەتییە کە گفتوگۆ دەوروژێنێت لەساتی سەرهەڵدانی هوشیاریی مرۆڤایەتییەوە و پانتاییەکی گەورە داگیردەکات لە میتافیزیکای هەموو فەلسەفە و ئایینەکاندا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان، ئەم مەسەلەیەش نابێت زیاتر ڕۆبچێتە ئاڵۆزییەوە لە کوردستاندا بەهۆی بوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سرووشتدا، بەهەرحاڵ دروستبوونی وێنەیەکی گشتگیر و لێکدراو بۆ ئەم مەسەلەیە لەڕووی مێژووییەوە لە کوردستاندا مەسەلەیەکە لەوپەڕی سەختیدا، سووڕانەوەی مرۆڤی کوردی کۆن بەرە و ژیان و مردن لە زۆرترین ئەو مەسەلانە بوون کە وروژێنەری تێڕامانی داتاکانی کوردبوون. بەڵگەش لەسەر ئەوە پاشماوەی شوێنەواری پەرستگا و گۆڕەکان و پەیکەرە سومبولییەکانی خواوەندەکان و ڕێوڕەسمی ناشتن و پێشکەشکردنی قوربانییە کە دۆزراونەتەوە لە شوێنەوارە کۆنە کوردییەکاندا لەسەدەی بەردینی نوێوە وەك نشینگەی نوالآشوری (نیفالی تشوری ٨٢٠٠ پ.ز) لە کوردستانی تورکیا و نشینگەی شەمسی زاوی - شانیدار( ٧٥٠٠ پ.ز) لە شاخەکانی زاگرۆس ( کوردستانی عێراق ) و نشینگەی کەریم شاهین لەخوارووی شەمسی زاوی و نشینگەی جانجی دارە وارتاب لەناوچەی کرماشان ( ٧٠٠٠ پ.ز) لەکوردستانی ئێران، نشینگەی گردی چەرموو لە نزیك کەرکوك ( ٦٠٠٠ پ.ز) و نشینگەی حلف ( ٥٠٠٠ پ.ز) ، نشینگەی ئەریدۆ لەخوارووی شاری بەغداد (٤٠٠٠ پ.ز).

لەگەڵ دەرکەوتنی نوسینیشدا لە کوردستان لە ( ٣٥٠٠-٣٠٠٠ پ.ز) سەرچاوەیەکی نویٚ دەرکەوت لە زانیارییەکان کە ئاماژە بوو بۆ دوورایی پەیوەندیی کۆمەڵگای کوردیی کۆن بە هێزە سروشتییە باشەکانەوە وەك ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و هێزە خراپەکان وەك ڕۆژ و مانگگیران و لافاو و بوومەلەرزە کە مرۆڤی کورد توانی ئەوە بزانێت کە ڕوودانی ڕێکوپێکی ئەم دیاردانە پەیوەندیی توندوتۆڵیان هەیە بە گۆڕان و ڕوودانی ئەو دیاردانەی کە لەسەر زەوی ڕوودەدەن.

لەتوانایدایە بەپیتی و گەشەکردن و خێر یان مردن و کاولکاری و بێسەروبەری لە سرووشتدا بڵاوبکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو هێز و ڕووداوانە جێگیرن لە سرووشتدا توانراوە دیاریبکرێت وەك ڕۆحەکان یان خواوەندەکان هەندێکیان باش و هەندێکیشیان خراپ و بەخێرایی فەزای کوردستان پڕبوو لە ڕۆح و خواوەندەکان ٧١ کە پەیوەندییان پێوەکرا بۆ هێنانی خێرەکانیان یان دوورخستنەوەی خراپەکانیان لە ڕێگەی زنجیرەیەك لەدابو نەریتی پەرستنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی کاریگەری ویستراو، ئەوەی لە ڕاستگۆیی ئەو دابو نەریتانەی زیادکرد ئەوەبوو کە هەندێکیان توانیان کاریگەریی ویستراو وەدی بێنن.

---

٧١. بیری رۆژهەلاتی کۆن: جۆن مۆلەر وەرگێڕانی کامل یوسف حسین لەبلاوکراوەکانی جیهانی زانست ژمارە ١٩٩.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا باوەڕی ئەوە بڵاوبۆوە کە ئەوەی لە سرووشتدا ڕوودەدات لە سووڕەکانی بەپیتی و گەشەکردن و وشکەساڵی و مردن بەدرێژایی ساڵ بریتییە لە پێچەوانەکردنەوەی ململانێکان کە لەودیو سرووشتەوە ڕوودەدەن، پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆح و خواوەندانە خۆیانن، ئەگەر خواوەندی بەپیتی و گەشەکردن سەرکەوت ژیانی کوردی گەشەدەکات، خۆ ئەگەر خواوەندی خراپەکاری سەرکەوت ئەوا وشکە ساڵی و مردن ڕوودەدات، بەپیتبوونی سروشت لە سوڕێکی سروشتیدا و مردن و وشکبوونی لە سووڕێکی تریدا ڕوونادات تەنها بەمردن و زیندووبوونەوەی خواوەندی بەرپرس نەبێت ، زیندوبوونەوەی سەر لەنوێ بۆ خواوەندی زیندووبۆوە ڕوونادات تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە بڕواداران هەستن بەهەندێ نوێژ و نزاو دابونەریت و پێشکەشکردنی قوربانی.

ئەو دابو نەریتانە لەکوردستانی کۆندا بەوە جیا دەکرێنەوە بە نواندنی ئازارەکانی ٧٢ خواوەندی بەپیتی و گەشەکردن لە ساتەکانی کۆتایی مردنیدا، لە ١٨ ی ئازار یان هەفتەی یەکەمی مانگی نیسانی کوردی ئەو دابونەریتە دەست پێدەکات بەکۆکردنەوەی چڵی تەڕی درەختە پیرۆزەکان کە لە شاخەکانی کوردستاندا دەڕوێت ( درەختی هەلبوو ) دواتر ڕازاندنەوەی ئەو

---

٧٢. فراس سواح : سەرکێشی ژیری یەکەمین.

چلاّنە بەگولاّلە سووورە وەك دەڵێن کە خوێنی خواوەندی زیندوو بۆوە ئەو ڕەنگە سوورەی پێداوە لە ڕۆژی خوێندا کە ڕێکەوتی ڕۆژی سێیەم واتە ٢١ی ئازار یان ٢٤ ی ئازار یان ڕۆژی ٤ شەممە کە ڕێکەوتی هەفتەی یەکەمی مانگی نیسانی کوردی دەکات(لێرەدا گرنگ لە جیاوازیی مێژووەکاندا نیە لەبەرئەوەی لەو کاتانەدا مێژووەکان دیاریکراو نەبوون بەگوێرەی سیستمی ڕۆژیی بەڵکو بە سووڕی سرووشت و تازەبونەوەی ڕوەکەکانەوە بووە)، پرسە و ناخۆشییەکە دەگاتە ترۆپکی کاتێك گەورەی کاهینەکان( باپیر ) دەست دەکات بەبریندارکردنی قۆڵی، خوێن لێوەی دەچۆڕێت بەزۆری وەك قوربانییەك بۆ خودای زیندووبۆوە. لەگەڵ ڕژانی خوێندا مۆسیقا زیاتر دەنگی بەرز دەبێتەوە، کاهینەکانی تر( بیرە) دەڕۆن ئەوانیش خۆیان بریندار دەکەن، خوێن ڕشتن زیاد دەکات بۆ ئەوەی زەوی ئاوبدات، لەو شوێنەی کە خواوەند مردووە، کاتێ کە ئێوارە دادێت زەوی شەق دەبێت و خواوەندی مردوو، زیندوو دەبێتەوە کە ئەویش خواوەند دومۆزییە ( مەلەك تاووس) و لێرەدا ناخۆشی و دڵتەنگی دەگۆڕێت بەخۆشی و دڵشادی، و ئاهەنگ و خۆشیەکان دەستپێدەکات بەبۆنەی هەستانەوەی خواوەند دومۆزی( مەلەك تاووس) فریشتە ژین ( **JÊN** ) واتا فریشتەی ژیان.

لە ١٨ی ئازاردا فریشتەی ژیان دابەزی بۆ زەوی **HÊJDY ADARY MELEK JÊN HAT XUERY**

## بانگی بەهاری کرد تا ٢٤ی ئازار DENK KIR BUHARY HETA ٢٤ ADARY

## سەوزبوونی دارەکان تەواو بوو لەسەرەوە بۆ خوارەوە SER DARY XEMLY HETA BIN DARY

بڕوام وایە کە فریشتە (JÊN) بریتییە لە دوموٚزی( مەلەك تاووس) جەژنی سەری ساڵ بریتییە لە جەژنی یەکەم دابەزینی فریشتەی پاك مەلەك تاووس فریشتەی زەوی لە لالشی پرشنگدار ٧٣ بەمەش دەبێتە جەژنی سەری ساڵ کە ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممەی یەکەم هەفتەی مانگی نیسانی کوردی ڕۆژهەڵاتی دەکات کە جەژنی هەستانەوەی خواوەندی فریشتە دوموٚزی( مەلەك تاووسە).

خواوەندی بەپیتی و ژیان کە لە گۆڕەکەیەوە بەسەرکەوتوویی هەڵدەستێتەوە.

ئەم جەژنە پیرۆزە بە چوارشەممەی سوور دەناسرێت لە جیاتی ئەو خوێنەی تیایدا دەڕژێت، کە بریتیە لە سەری ساڵی کوردیی ئێزیدی، ڕۆژی چوارشەممە لە شەریعەتی ئایینی ئێزیدیدا بریتییە لە پیرۆزترین ڕۆژی ساڵ و جەژنی سەری ساڵ پیرۆزترین جەژنەکانە و مانگی نیسانیش ( NUJAN) کە بەمانای ژیانی نوێ دێت ( مانگی ژیانی نوێ) پیرۆزترین مانگی ساڵە لەلای

---

٧٣. گۆڤاری لالش: ژمارە ٨ ل ٤٦-٤٧

ئێزیدییەکان، لەبەرئەوەی مانگی پیتاندن و گەشەکردنە لە کوردستان، مانگی هەستانەوە وزیندووبونەوەی خواوەند دومۆزیە (مەلەك تاووس) کە ژنهێنان تیایدا قەدەغەیە لەلای ئێزیدی (لەبەرئەوەی مانگی ژنهێنانی خواوەندەکانە) و قەدەغەیە کارکردن لە کشتوکاڵ و کێڵانی زەوی.( لەبەرئەوەی زەوی ئاوسە بە ژیان و تۆو لەو مانگەدا) دابونەریتی ئاهەنگەکان بە بۆنەی ئەم جەژنە پیرۆزەوە جیاوازە لە ئێستادا لە ناوچەیەکی کوردی ئێزیدییەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە پێی بارودۆخە کۆمەلأیەتی و ئابووری و سیاسییەکەوە، بەشێوەیەکی گشتی خۆئامادەکردن بۆ ئاهەنگەکانی ئەو جەژنە لە ڕۆژی سێشەممەوە دەسپێدەکات کە ڕۆژێك پێش جەژنەکەیە، ئەوەش بەدابینکردنی قوربانییەکان (مەڕەکان) بۆ سەربڕینیان و ڕژانی خوێنەکانیان ئەوەش فەرەبوویەکی ڕەمزییە لەبری قوربانیدان بە خوێنی مرۆڤەوەو کولأندنی هێلکە و ڕەنگکردنی دابو نەریتێکی ئەم جەژنەیە و هێلکە ڕەمزە بۆ ژیان، ژیان لە هێلکەدا شاردراوەتەوە و ژیانیش هەر لە هێلکەوە دەسپێدەکات بە شێوەیەکی خۆیی هێلکە لە گەوهەرێك دەچێت کە گەردوونی لێوە دروست بووە لە پێکهاتەی ئێزیدیدا.

لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەدا کوڕ و کچە گەنجەکان بلأودەبنەوە لە دەشت و دۆڵەکاندا بۆ کۆکردنەوەی گولأڵە سوورە و چڵی درەختەکان و لەگەڵ دەرکەوتنی بەیانی ڕۆژی جەژن کابانی ماڵی ئێزیدی هەڵدەستێت بە ناردنی دەفرێك ماستی تازەی ساڵی نوێ بۆ

درواسێكان بە پیرۆزبایی خواوەند دومۆزی (مەلەك تاووس) و دواتر هەڵدەستێت بە ڕازاندنەوەی دەرگاكان و بەلەكۆنەكان بە شۆڕكردنەوەی گوڵاڵە سوورە و پاككردنی هێلكەی ڕەنگاو ڕەنگ و لە بەیانیشدا خەڵكی دەستدەكەن بە گەڕان بەماڵاندا بە خۆشی جەژنەوە و دەسپێكردنی چەند یارییەك وەك یاری هێكانێ ( شكاندنی هێڵكە)، كە لە كرداری هەڵهێنان و زیندووبونەوەی ژیان دەچێت، لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی جەژندا كاتی هەستانی خواوەند دومۆزی ( مەلەك تاووس) ئاهەنگە ڕەسمییەكان دەستپێدەكات لە لالشی درەوشاوە و هەموو جێگاكانی دی بە سازدانی بازنەی گەورە لە هەڵپەڕكێ لەسەر ئاوازی دەف و جووزەلە، ئاهەنگەكان تا درەنگانێكی شەو بەردەوام دەبن،٧٤ و هەندێ جار تا بەرەبەیان درێژەیان دەبێت، لەڕۆژی دواتریشدا ئاهەنگەكان دووبارە دەبنەوە و لە لالشی نورانیشدا ئاهەنگەكان بەردەوامیان دەبێت بەجیا لە شوێنەكانی دی، بەدرێژایی مانگی نیسان لەسەر شێوەی زیارەتكردن بۆ سەر گۆڕی پیاوچاكانی ئێزیدی لە پیرە چاكەكان.

- چلەی هاوین ( CELLIY HAVÎNIY )

چلەی هاوین لە كوردستاندا دەكەوێتە ئەو پەڕی ڕۆژە

---

٧٤. دابونەریتی ئێزیدی: لایەنی ئەنترۆپۆلۆجی، خدر سلێمان.

گەرمەكانەوە و درێژدەبێتەوە لە ١٣ی حوزەیرانی رۆژهەڵاتەوە بۆ ٢٠ ی تەمووزی رۆژهەڵاتی، ناونانی ئەو ماوەیەش بە چلە مانای پرسە و ترس دەگەیەنێت لەسەر ژیانی مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵەكان، یادكردنەوەی ئەو بۆنەیە لەوكاتەدا دێت بۆ نزیكبونەوە و داواكردن لە خودا لە پێناو پاراستنی ژیان لە زیانی گەرمای بەتین.

- جەژنی كۆكردنەوە ( CELNA CÛMAYÊ )

بریتییە لە گرنگترین جەژنەكانی ئێزیدی، بریتییە لە جەژنەكانی دروێنەكردن و درێژ دەبێتەوە بۆ ٧ ڕۆژ لە دەسپێكی ٢٣ی ئەیلولەوە بۆ ١ ی تشرینی یەكەمی كوردی رۆژهەڵاتی، بریتییە لە جەژنی تەواوبوونی كۆكردنەوەی بەروبوومی هاوینە، هەروەها بریتییە لە جەژنی لێخۆشبوونی گوناهی كوردی، بەشێوەیەك باوەڕداری ئێزیدی بەشێك لە بەروبوومەكەی دەبەخشێت بە هەژار و دەستكورتەكان لەجیاتی ئەو گوناهانەی كە كردوونی، لەم جەژنەدا بەشێوەیەكی تایبەتی ئەركی حەجكردن جێبەجێدەكرێت بۆ لالشی نورانی و خەتەنەكردن لەكانی سپیدا، ئەم جەژنە لە جەژنی كیبور (لێخۆشبوون) دەچێت لەلای جوولەكە كە دەكەوێتە مانگی ئەیلولەوە بەهەمان شێوە كە كۆتایی دێنێت بە ١٠ ڕۆژی پەشیمانبونەوە كە دەسپێدەكات:

بە( ڕۆژ هەشتە ) واتا سەری ساڵی جوولەكە كە دەكەوێتە مانگی ئەیلولەوە بەپێی ڕۆژمێری جوولەكە٧٥.

لەو ڕۆژەی کە دەکەوێتە پێنجەم ڕۆژی جەژنی کۆکردنەوەوە گایەك سەر دەبڕدرێت لە مەزاری شێخ شەمس ٧٦، سەربڕینی گا لێرەدا و خواردنی گۆشتەکەی لەلایەن هەموانەوە ئامانج لێی یەکگرتنە لەگەڵ خواوەندی مردوودا، گاش شێوەیەکە لە شێوەکانی خواوەند دومۆزی (مەلەك تاووس).

- **چلەی زستان**

چلەی زستان دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژە ساردەکانەوە لە کوردستاندا کە درێژ دەبێتەوە لە ١٣ ی کانونی یەکەمی کوردی ڕۆژهەڵاتی هەتا ٢٠ی کانونی دووەمی کوردی ڕۆژهەڵاتی، وەك چلەی هاوین وایە، بریتییە لە ماوەی پرسە کە پیاوانی ئایینی ئێزیدی هەڵدەستن بە ڕۆژووگرتن لە تەواوی ٤٠ ڕۆژەکەدا، بۆ قوربانیدان و نزیکبونەوە لەخوا لە پێناو سووککردنی ئازاری سەرما لەسەر گەشەکردنی کشتوکاڵ و زیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك بەشێوەیەکی گشتی.

---

٧٥. گەڕانی توخمی مرۆڤ بەدوای خوادا: ل ٢٣٠

٧٦. گۆڤاری ڕۆژ : ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٦ ، ل ٨-٤٠، لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخی د. خلیل خیری

- **جەژنی بڵندا**

ئێزیدییەکان ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی جەژنی بلٚنداوە لە ٢٥ ی مانگی کانونی یەکەمی رۆژهەلاتییەوەکە جەژنی لەدایکبوون و چاندنی کشتوکالٚە لە کوردستاندا، کە ماوەی دەرکەوتنی ڕۆژ زیاد دەکات لەم کاتانەدا و پلەی گەرما ڕوو لەبەرزبونەوە دەکات بە کەمی کە یارمەتی گەشەکردنی کشتوکالٚ و دەرکەوتنی لەسەر ڕووی زەوی دەدات و وشەی **بلٚندا** کە بە مانای بەرزی دێت کە هاوجووتە لەگەلٚ مانای گەشەکردنی کشتوکالٚ و بەرزبونەوەی لەسەر ڕووی زەوی و دابو نەریتی کردنەوەی ئاگر لە نزیك گای جووتەوە کە ناو دەبرێت کۆرکا(**GÛRKA** ) لەم جەژنەدا، کارێکی تێگەیاندنە ئامانج لێی جوولاندنی ڕۆژە بۆ دەرکەوتن بەدرێژایی ڕۆژ لە پێناو بلاوکردنەوەی گەرمی لە سروشتدا، گا لێرەدا سومبولی ڕۆژو پیتاندنە.

- جەژنی خدر ئەلیاس

بریتییە لە جەژنی پیتاندن و گەشەکردنی سەوزایی لە سرووشتدا، دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی پێنجشەممە لە مانگی شوباتی کوردی رۆژهەلاتییەوە، خدر ئەلیاس یەکێکە لە دەرکەوتنەکانی خواوەند دومۆزی( مەلەك تاووس) بە پێی بیروباوەڕی ئێزیدی، لە کۆتایی سالٚی کوردی ئێزیدیدا دەردەکەوێت وەك بانگدانێك بۆ کۆتایی هاتنی سالٚ بە پێی گوتەی ئێزیدی ( **XIDIR ILÎAS SAL XELAS** ) لەم جەژنەدا سەربڕینی هەموو ئاژەلٚ و بالٚدارێك قەدەغەیە لەبەرئەوەی وەرزی سکپڕبوون و زۆربوونە لەلای ئاژەلان.

لەسەرەتای سەدەی یانزەهەمی زاینیەوە شێخێکی سۆفی دەرکەوت کە ئەویش عدی کوڕی موسافیری شامی بوو (شێخادی) لە لالشی نورانیدا ( پیرۆزترین جێگە لە ئایینی ئێزیدیدا کە هاوشانە لەگەڵ پێگەی مەککەی شەریفدا لە ئایینی ئیسلامدا) کە سۆفییەکی پاك و خاوەن ڕێگایەکی ئایینی بووە کە پێی دەوترێت عەدەویە ٧٧ و لەلالشدا مردوە و هەر لەوێشدا نێژراوە لە نزیکەی ١١٥٤ ز یان ١١٦٢ ز، مێژوونوسان لەبارەی ڕەچەڵەك و لەدایکبوونی رایان جیاوازە و ڕاسترینیان ئەوەیە کە بنەچەی کوردە و لە بەعلەبەك لەدایك بووە.

لەڕاستیدا سۆفیگەری و بیری سۆفیگەریی لە ئیسلامدا لێکدانەوە و زاراوە و ئاماژەی تەواو جیاوازی هەیە وەك لەوەی کە لە شەریعەتی فەرمیی ئیسلامدا هاتووە، بەتایبەتیش ئەوەی تایبەتە بە بۆچوون و دەرهێنانی مانا شاراوەکانی ئایەتەکانی قورئان لەسەر ئەم بنەمایە مەزهەبی سۆفیگەریی جیاواز هاتە گۆڕێ وەك:

---

٧٧. ابن تەیمیە : نامەی سونی بۆ مەزهەبی عەدەویە- وێنەیەکی دەستخەتە لە صندوقی ئەوقافی گشتیدایە لە بەغداد لە ژێر ژمارە ١/٧٢٠٠دا.

- مەزهەبی یەکگرتن :

کە وەستاوەتە سەر ئەوەی کە خوا لاشەی مرۆڤەکانی هەڵبژاردوە و چۆتە ناویەوە دوای ئەوەی کە سیفەتی مرۆڤی لێ لابردووە، ئەوە یەکێکە لەو بۆچوونانەی کە ئەو سۆفیانە دەریانهێناوە لە ناوەخنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا و بەتایبەتیش ئەو ئایەتەی قورئان کە

خودا قسان لەگەڵ فریشتەکان دەکات لەبارەی ئادەم : (فاذا سویته ونفخت فیه من روحی فقعوا له ساجدین) سورەتی الحجراة ئایەتی ٢٩.

- **مەزهەبی دەمارگیری بۆ شەیتان:**

کە وەستاوەتە سەر قەدەغەکردنی نەفرەتکردن بەو پێیەی کە گەورەی یەکتاپەرستەکانە بەپێی شیکردنەوەی سۆفیگەری، لەبەرئەوەی ڕەتیکردۆتەوە کە کڕنۆش بۆ جگە لەخودا بەرێت.

کوڕی ابی حدید دەگێڕێتەوە لە کتێبەکەیدا ( نهج البلاغه ) بەشی یەکەم لاپەڕە ٣٠٥ بەم شێوەیە:

( ئەبولفتوح ئەحمەد کوڕی محەمەدلغەزالی ئامۆژگاریکار، برای ابی حامد محمد کوڕی محمد الغزالی فەقێی شافعی چیرۆکگێڕەوەیەکی باش و ئامۆژگاریکارێکی بەتوانا بوو کە خەڵکی خۆراسانە و لەشاری گوسە، هاتۆتە بەغداد و ئامۆژگاری داوە و لە ئامۆژگاریکردنەکەیدا ڕێچکەیەکی خراپی گرتوە لەبەرئەوەی دەمارگیربووە بۆ شەیتان و دەڵێت : شەیتان گەورەی یەکتاپەرستەکانە و ڕۆژێك لەسەر مینبەر دەڵێت : ئەوەی یەکتاپەرستی فێرنەبووە لە شەیتانەوە ئەوە زەندیق و هەڵگەڕاوەیە، فەرمانی پێکرا کە کڕنۆش بۆ جگە لە گەورەکەی بەرێت بەڵام نەیکرد).

- **مەزهەبی دەرچوون:**

وەستاوەتە سەر ئەوەی دونیا لەخواوەیە هەروەك چۆن ڕووناکی لە ڕۆژەوە دەردەچێت.

- **مەزهەبی چاكە و خراپە لە خواوەیە:**

**وەستاوەتە سەر ئەوەی كە خوا سەرچاوەی چاكە و خراپەیە، ئەگەر خوا چاكەی بویێت ئەوا چاكە دەبێت و ئەگەر خراپەشی بویێت ئەوا خراپە دەبێت ,خوا سەرچاوەی چاكە و خراپە و پاداشت و سزایە لە یەك كاتدا.**

**لێرەدا مەبەستمان گفتوگۆكردن نیە لەبارەی ئەو مەزهەب و بیرۆكانە، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم كە بیری سۆفیگەریی ئیسلامی لە زۆربەیدا بەكاریگەری بیری ئوستورەناسی و لاهوتی كۆن هاتوە كە لەكوردستان و میسۆپۆتامیا و ڕۆژئاوای ئاسیادا دەركەوتوە.**

**ئالێرەوە خاڵی یەكتربڕینی نێوان زۆرێك لە بیر و باوەڕی سۆفیگەری ئیسلامی لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی كوردی ئێزیدی هاتوە[78]، بە تایبەتیش لەو بوارەی كە پەیوەندی بە نوێبونەوەی ناوخۆیی مرۆڤ هەیە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەروەردگار و یەكگرتن لەگەڵیدا. وەك:**

**( دابونەریتی مەلەك تاووس بۆ ناو پیاوچاكانی ئێزیدی بەڕێز)[79]پاكبونەوەی ڕۆحی و جیاكردنەوەی ڕاستی لە گومڕایی (ئێزیدایەتی ئایینی ڕێگای ڕاستە) و بیرۆكەی خراپەش هەر**

---

**٧٨. كورد- لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆلۆجی و مێژوویيە –باسلی نیكیتین وەرگێڕانی د.نوری تاڵەبانی ل ٣٥٠-٣٥٥.**

لەخواوەیە( خودێ لە ئایینی ئێزدیەتدا لێپرسراوە بەرانبەر چاکە و خراپە).
شێخ ( عودەی کوڕی موسافیر) ( شێخادی) و جەلالەدینی ڕۆمی و عەبدولقادری گەیلانی و شەمسی تەورێزی و ئیبنلعەرەبی و محەمەدلغەزالی و حەلاج بە دروشمە بەناوبانگەکەی (من هەقم ) دەدەنرێن بە گرنگترین سیمبولەکانی بزوتنەوەی سۆفیگەریی ئۆپۆزسیۆن کە لە کۆتایی سەردەمی عەباسییەکاندا دەرکەوت.

تێکەڵکردنی شێخادی بۆ بیروباوەڕی سۆفیگەری لەگەڵ بنەماکانی بیروباوەڕی ئێزیدیدا بە ئاستێکە کە جیاکردنەوە لە نێوانیاندا لەم سەردەمەدا سەختە کە کارێکە هیچ گومانێکی تیادا نیە هەروەك چۆن حەلاج وتی من هەقم ئەوا شێخادی ٨٠ یش لە دواتردا گوتویەتی:

٧٩. گۆڤاری لالش ژمارە ٢و٣ ل ٩٨

٨٠. سەرچاوەی پێشوو

منم ئەو کەسەی کە ئادەمم نیشتەجێکرد لە بەهەشتدا
نەمرودیش نیشتەجێبێت لە ئاگری کلپەسەندوودا
منم ئەو کەسەی کە خوای ئاسمان پێی وتم
تۆ دادەوەر و دادپەروەر و دادەوەری زەویت
منم عدی کوڕی موسافیری شامی
خوای بە بەزەیی و میهرەبان باوەڕی داومەتێ

**عەرشی ئاسمانی و كورسیش**
**حەوت زەوی و هیچ خوایەك نیە  جگە لە من**
**ئەو شتانە خزمەتكاری هێزی منن**
**ئەگە بمەوێت دەیاننێرم جارێكی تر دووەم و سێیەم**
**بۆ ئەو جیهانە و هیتریش بە لەبەرگرتنەوەی ڕۆح**

ئەم گوتەیە هاوجووتە لە ناوەڕۆكیدا لەگەڵ مەزهەبی دابەزین بەتەواوەتی، شێخادی بڕوای وابووە كە خوا ( خودێ) هەڵیبژاردووە لە نێوان مرۆڤەكاندا و چۆتە ناویەوە.كە ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ فەلسەفەی بەرجەستەبوونی ئێزیدی كۆندا (بیروباوەڕی مەلەك تاووس و دەركەوتنەكانی و بەرجەستەبوونە جیاوازەكانی).

هەروەها شێخادی كاری زیادەی كردۆتە سەر پێكهاتەی ئایینی ئێزیدی كۆن كە پێكهاتووە لە میر و بیرە ، چینەكانی تر وەك چینی شێخەكانی ئادانی ( عەدنانی ) و قاتانی (قحطانی) و چینی دەروێشەكان. دەتوانرێت تێبینی حاڵەتی تێكەڵاوكردن لە نێوان بیری شێخادی و سۆفیگەری و هەندێ بنەمای سەرەكی لە بیری ئایینی ئێزیدیدا بكرێت لە میانەی ناوەڕۆكی هەردوو كتێبی **جەلوە** و **كتێبی ڕەش** ) ٨١.

وشەی **جەلوە** بە زاراوەی سۆفی بەمانای ڕوونكردنەوە دێت كە كتێبێكی ساكارە لە قەوارەدا، كە بریتییە لە ڕۆشنكردنەوەكانی شێخادی سۆفیگەری. چوونەناوەوە لەگەڵ ئەوەی كە هاوجووتە لەگەڵ بیری بەرجەستەبوونی ئێزیدیدا كە لە كتێبی **زوهار** دەچێت لەلای

مەزهەبی قەبەلانی جوولەکە کە لە ساڵی ١٣٠٤ ز دا دەرکەوت کە ئەویش کۆمەڵێك لە تێڕامانی جولەکە لەبارەی چوونە ناوەوە یان دابەزینە ناوەوە لەخۆ دەگرێت و ئاشکرای دەکات کە خوا لە سرووشت و مرۆڤدا بوونی هەیە.

پێشەکیی کتێبی **جەلوە** بنەمایەکی نەمر لە خۆ دەگرێت کە بریتییە لەوەی مەلەك تاووس لە پێش هەموو بونەوەراندا هەبووە (بیرۆی ئێزیدی) و مەلەك تاووس عەبتاووسی ناردوە( شێخادی هەروەك چۆن دەڵێن عەمەسیح) بۆ ئەم دونیایە ( کە بیرێکی سۆفیگەراییە چۆتە ناوەوە و بیرێکی بەرجەستەبوونی ئێزیدییە) بۆ ئەوەی بەندەکان ڕێگای ڕاست تێبگەن و لە گومڕایی و سەر لێشێوان دووربکەونەوە:

---

٨١. THE AMERICAN JORUNAL OF SEMTIC LANGUAGES AND LITERATURES NUMBER ٢٠١٩٠٩ – YEZIDI TEXTS P.١١٠-٩١٨

**١. ئەوەی لە پێش هەموو بونەوەراندا هەبووە مەلەك تاووسە.**

**٢. هەرئەویش عەبتاووسی ناردوە بۆ ئەم دونیایە بۆ ئەوەی جیایبکاتەوە و تێیان بگەیەنێت لە گەلەکەی بە تایبەتی و دووریان بخاتەوە لە گومڕایی و سەرلێشێواوی.**

- لە پێشەکی کتێبی جەلوە ( ١،٢،٣ )-

شێخادی لەبڕگەی سێیەمدا ڕوونی دەکاتەوە لە کتێبی جەلوەدا کە چۆن نامەی خواوەندی وەرگرتوە( نامەی مەلەك تاووس) بەزارەکی لەسەرەتادا و دواتر بەهۆی کتێبی جەلوەوە ئەو کتێبەیە کە خوێندنەوەی قەدەغەیە لەسەر ئەوانەی کە لەدەرەوەی گەلی ئێزیدین واتە نائێزیدین:

٣. یەکەم شتیش پێدانی قسە بوو بە زارەکی ٨٢ دواتر بەهۆی ئەو کتێبەوە کە ناوی جەلوەیە کە نابێت ئەو کەسانە بیخوێننەوە کە لەدەرەوەی گەلی ئێزیدین.

- لە پێشەکی کتێبی جەلوە ( ٣)-

بەشی یەکەم لە کتێبی جەلوە ١١ بڕگە یان پەرەگراف لەخۆ

٨٢. زۆربەی ئایینەکان بەقۆناغی زارەکیدا تێپەڕیون، تەورات لە سنگی کاهینەکاندا پارێزراوە و نوسراوەتەوە بە چەند قۆناغێك و هەمان شتیش لەبارەی ئاڤێستا و ئینجیل و قورئانیش راستە.

دەگرێت، بەهەموویان ڕۆشنکردنەوەکانی شێخادی لەخۆ دەگرن بەو سیفەتەی کە ئەو کەسەیە دابەزیوەتە ناوی ( تیایدا بەرجەستەبووە) خوا و وشەی من هەبووم و ئێستاش و ئەشمێنمەوە تا کۆتایی کە لە پێشەکی بڕگەی یەکەمدا هاتوە، شێخادی مەبەستی لە خودێ خۆی بووە، جەختدەکاتەوە کە لەدێر زەمانەوە هەبووە و ئێستاش هەیە، تا

دنیا دنیاشە هەر دەمێنێت، وەك دەسەڵاتدار و لێپرسراو لەو بەندانەی کە بڕوایان پێیەتی:

**١ .من هەبووم و ئێستاش هەم و ئەشمێنمەوە تا کۆتایی بەدەسەڵاتم لەسەر بوونەوەران و کاروباری ئەو بەندانە بەڕێوەدەبەم کە بڕوایان پێمە.**

کتێبی جەلوە بەشی یەکەم ـ بڕگەی ١

**شێخادی ڕوونیدەکاتەوە لەبڕگەی دووەمدا کە خێرا وڵامدەداتەوە بۆ بەندە باوەڕدارەکانی لەکاتی پێویست و داواکاریدا و قسەی متمانە لێرەدا بەمانای باوەڕ دێت:**

**٢. من خێرا ئامادە دەبم بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێمە و داوام دەکەن لەکاتی پێویستدا.**

کتێبی جەلوە بەشی یەکەم – بڕگەی ٢ –

لەبڕگەی سێیەمدا: شێخادی بەسیفەتی خوایی وایدەبینێت کە ئەو هەیە لە هەموو شوێنێکدا ، ڕستەی:

**( من بەشدارم لە هەموو ڕووداوێکدا کە دەرچووەکان ناوی دەبەن بە خراپە لەبەرئەوەی بەمەرام و ویستی ئەوان دروستنەکراوە)**. بەمانای شەڕیش هەر لە خواوەیە وەك چۆن چاکەش لە خواوەیە و بڕوای خەڵکی بەوەی کە تووشیان دەبێت لە خراپە بریتییە لە شتێکی خراپ، مانای وایە ناهەقی دەکەن بە هەقی خوا خۆی کە ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی شێخادییە، هەروەها فەلسەفەی ئایینی ئێزیدیش( چاکە و خراپە لە خواوەیە و پێویستە پێیان ڕازی بین):

**٣. هیچ جێگەیەك لەمن چۆڵ نیە  من لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا بەشدارم کە دەرچووەکان پێیان وایە خراپە لەبەرئەوەی بە ئارەزوو و ویستی ئەوان دروستنەکراون .**

کتێبی جەلوە بەشی یەکەم – بڕگەی ٣ –

لە پەرەگرافی چوارەمدا: شێخادی باوەڕەکەی خۆی ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت بۆ هەموو سەدە و سەردەمێك لێپرسراو و بەڕێوەبەرێك هەیە بە ویستی خۆی( واتە بە ویستی شێخادی) و نەوەکان دەگۆڕێت و دەسەلاتدارەکانیش هەڵدەستن بە ئیشوکاری خۆیان بە ویستی شێخادی واتە بە ویستی خودێ:

**٤. هەموو سەردەمێك بەڕێوەبەرێکی هەیە ئەوەش بە ویستی من، هەموو نەوەیەك دەگۆڕێت، سەرۆکی دونیا، هەتا سەرۆکەکانیش، هەریەکە بەڕۆڵی خۆی و سەرەی خۆی ئیش وکاری خۆی تەواو دەکات.**

کتێبی جەلوە -بەشی یەکەم – پەرەگرافی- ٤ –

لەپەرەگرافی پێنجەم و شەشەم شێخادی ڕوونیدەکاتەوە کە پارێزەری هەق و دادپەروەریە، چاکە دەداتە چاکەکاران،  سزای خراپەکارانیش کە دەرچوون لە باوەڕ دەدات، ئەوانەن کە سزا و پەشیمانی دەنۆشن:

**٥. مۆڵەتی مافی سروشتی دروستکراو دەدەم بە خوو ڕەوشتەکەی.**

**٦. پەشیمانی و دڵتەنگی بۆ ئەو کەسانەیە کە دژایەتیم دەکەن.**

کتێبی جەلوە - بەشی یەکەم – پەرەگرافی- ٥ و ٦ –

له پەرەگرافی ٧ و٨ و٩ و١٠ و ١١ دا:

شێخادی بنەماکانی بیروباوەڕەکەی ڕووندەکاتەوە، ئەو داننانێت بە خواکانی تردا و داننانێت بە کتێبە پیرۆزەکانیشدا کە گۆڕدراون و دەسکاری کراون، چاکە و هەق بەلای ئەوەوە ئیشوکاری ڕۆشنن، ئامۆژگاری و فێرکردنی باوەڕداران دەکەن لە بەندەکانی:

**٧. خواکانی تر دەستێوەردانیان نیە بۆ ئیشوکاری من و ڕێگرتنم لەوەی کە مەبەستمە، هەر چۆنێك بێت.**

**٨. ئەو کتێبانەی کە بەدەست چوونە دەرەوەکانەوەن ڕاست نین و کتێبی نێردراوەکانیشیان، بەڵام گۆڕدراون و دەسکاریکراون، هەریەکێك ئەویتر دەسڕێتەوە.( بڕوام وایە کە مەبەستی کتێبە ئایینیە ئاسمانیەکانە).**

**٩. هەق و ناهەق ئاشکران و بەناوبانگن لەوەی کە بە ئەزموون و تاقیکردنەوە بناسرێن.**

**١٠. بەڵێنم بۆ ئەو کەسانەی کە قسە( متمانە ) بە پەیمانەکەم دەکەن و پێچەوانەشی دەبم بەپێی بیرتیژەکان کە وەکالەتیان دەدەمێ بۆ هەندێ کاتی دیاریکراو و هەندێ کار ئاشکرا دەکەم و هەندێ کاری پێویستی تریش قەدەغە دەکەم لەکاتی خۆیدا.**

**١١. ئامۆژگاری دەکەم و فێردەکەم بۆ ئەو کەسانەی دوامدەکەون و خۆشی دەبێت لەهاوکاربون و هاوڕێبوونمدا.**

— کتێبی جەلوە -بەشی یەکەم — پەرەگرافی- ٧و ٨ و ٩ و١٠ و١١ —

**لەبەشی دووەمدا:**

**شێخادی لەسەر ڕۆشنکردنەوەی بنەماکانی شەریعەتەکەی بەردەوام دەبێت و چۆنێتی ڕێگای سزا و پاداشت باسدەکات و ئەو سزا و پاداشتی نەوەی ئادەم دەکات بەهەموو ڕێگایەك، دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو ئەوانەی لەناو و لەسەر زەویدان. لەهەمان کاتیشدا ئەو ئاشتیخوازە و بەرهیچ کام لە دژەکانی ناکەوین لە دونیاکاندا.( نازانین مەبەستی لە دونیاکان چیە،ئایا ئەوانەن کە خاوەنی ئایینەکانی دیکەن) پاداشتی باوەڕداران لەدواکەوتوەکانی دەداتەوە بەبێسنور و متمانەش بەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان پێی هەیە باوەڕێکی ڕاست و درووست، شێخادی بەدەرکەوتنی جیاواز دەردەکەوێت بۆ بەندە باوەڕدارەکانی و دەوڵەمەند و هەژاربوونیشان هەر بە دەست ئەوە، خۆشی و ناخۆشیان، هیچ کەسێك دەسەلاتی نیە بەسەریدا و بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا ( ئەمەش دەگونجێت لەگەڵ ئەو بنەما ئێزیدییەدا کە دەڵێت : (چاکە و خراپە هەر لە خواوەیە).**

**نەخۆشی و چاکبونەوەکانیش کە تووشی دژەکانیش دەبن هەر لەلای ئەووەیە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە باوەڕیشیان پێیەتی مردنەکەیان جیاوازە لە مردنی کەسانی دیکە لە ئایینەکانی دی، هەتا ئەو کەسانەشی کە دەمرن و ئەو ماوەیەی لە مردندا دەمێننەوە بەدەستی شێخادیە. گەر شێخادی بیەوێت مردوەکە بەڕێگەی لەبەرگرتنەوەی ڕۆح دەنێرێت ( کراسگۆڕین کە بنەمایەکی ئێزیدییە) بۆ ژیان چەند جارێك.**

بەشی دووەم:

١.	سزا و پاداشتی مرۆڤ دەدەم بە گەلێ شێوە کە دەزانم.

٢.	هەموو دەسەڵاتێکم هەیە لەسەر هەموو ئەو شتانەی لەناو و لەسەر زەویدان.

٣.	بەریەککەوتن لەگەڵ دونیاکانی تردا قبووڵناکەم.

٤.	چاکەیان لێ قەدەغە ناکەم بە تایبەتی ئەو کەسانەیان کە شوێنکەوتوی منن.

٥.	ئیشوکارم دەدەمە ئەو کەسانەی کە تاقیمکردونەتەوە و ئەوانەش بە ویستی خۆمن.

٦.	متمانەش دەکەم بەشێوە و جۆرێك لەشێوە و جۆرەکان بۆ ئەو کەسانەی کە ئاشتیخوازن و لە ژێر هەستی مندان.

٧.	وەردەگرم و دەبەخشم، هەژار دەخەم و دەوڵەمەند دەکەم، دڵخۆش دەکەم و ناخۆشی دێنم بەپێی کات و سەردەم.

٨.	هیچکەس مافی ئەوەی نیە کە دەستوەربداتە ئیشوکارەکانم یان ڕێگریم لێبکات.

٩.	ئازار و ناخۆشی بۆ ئەو کەسانە دێنم کە دژایەتیم دەکەن.

١٠.	ئەو کەسەی کە دواکەوتەی منە وەکو کەسانی تر نامرێت.

١١.	ڕێگە بە هیچ کەس نادەم کە زیاتر لەو ماوەیەی کە بۆم دیاریکردوە بمێنێتەوە لەدنیای ژێرەوەدا.

١٢.	گەر بمەوێت بۆ جاری دووەم و سێیەم دەینێرمەوە بۆ ئەو جیهانە یان جیهانی تر بەلەبەرگرتنەوەی ڕۆح.

**کتێبی جەلوە ـ بەشی دووەم ـ پەرەگرافی ـ ١ و٢ و٣ و ٤ و٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و١٢.**

**لەبەشی سێیەمدا شێخادی ڕێگای گەڕانەوەی ڕووندەکاتەوە، ئەو زارەکی هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە باوەڕیان پێی هەیە، بانگەواز و شەریعەتەکەی ئاسانن و قورسایی دروستناکەن لەسەر باوەڕداران، جا گەرکەسێك سەرپێچی ئەو شەریعەتانەی کرد ئەوا شێخادی سزای دەدات بە ژیانەکانی دیکە، بەرەچاوکردنی دانایی و هێزی ئەوا تەنانەت ئاژەڵە وشکانی و ئاوی و ئاسمانیەکانیش لەژێر فەرمانی ئەودان، هەروەك چۆن هەموو ئەو شتانەی کە لەناو و لەسەر و لە ناخی زەویدان لای ئەو ئاشکران دەیداتە ئەو کەسانەی کە گەرەکێتی، بە تێڕوانین لە هێزەکەی دەتوانێت بەدەم داواکاریی ئەو کەسانەوە بێت. سەرپێچیکردنی ئەوانەی کە باوەڕیان بە باوەڕی شێخادی نیە بە زیان بەسەریاندا دەگەڕێتەوە، هەموو شتێك لە گەردووندا بە ویستی ئەو دەبێت:**

**١. ئامۆژگاری دەکەم بەبێ کتێب و بە پەنهانی هیدایەتی خۆشەویستان و نزیکەکانم دەدەم، فێرکردنەکانم بەبێ تێچوونە.**

**٢. لە هەر کات و جێگەیەکدا بێت، سزای ئەو کەسانە دەدەم کە سەرپێچی شەریعەتەکانم دەکەن لەدونیاکانی تردا.**

**٣. نەوەی ئادەم لە بارەی ئەحواڵی ئێستا هیچ نازانن، هەربۆیە لە زۆر کاتدا دەکەونە هەڵەوە.**

٤. ئاژەڵە وشکانی و ئاوی و ئاسمانییەکان هەموویان لە ژێر دەست و فەرمانی مندان.

٥. هەڵگیراوەکان و بەڵگە نێژراوەکان لەناو ناخی زەویدا لای من ئاشکران و لەکەسێکەوە دەیدەمە یەکێکی تر.

٦. پەرجو سەرسوڕهێنەرەکانم دەردەخەم بۆ ئەو کەسانەی کە قبوڵی دەکەن لەکاتی خۆیدا.

٧. ئەو کەسە نامۆیانەی دژایەتی و سەرپێچی من و دواکەتەکانم دەکەن ئەوا زیانیان پێدەگات،ئەوان نازانن کە ئەو هێز و سامانەی لە ژێر دەستی مندایە خۆم ئەو کەسانە هەڵدەبژێرم کە شایستەبن لەنەوەی ئادەم.

٨. بەڕێوەبردنی دونیاکان و گۆڕانی نەوەکان و گۆڕانی کاربەدەستانیان ڕێکخراوە لەلایەن منەوە لە دێرزەمانەوە.

کتێبی جەلوە - بەشی سێیەم – پەرەگرافی- ١ و ٢ و ٣و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨–

لە بەشی چوارەمدا، شێخادی بەردەوام دەبێت لەسەر ڕوونکردنەوەی شەریعەتەکەی، ئەو مافەکانی خۆی ناداتە خواوەندەکانی تر و ژمارە (٤) پیرۆزە لای شێخادی( ئەوە ژمارەیەکی پیرۆزە لای ئێزیدییەکان، لەبەرئەوەی ئاماژەیە بۆ توخمەکانی گەردوون و ژیانی پیرۆز کە چوارن ئەوانیش زەوی و ئاو و هەوا و ئاگرن) و چوار کاتە پیرۆزەکە کە بە بڕوای من ئەو کاتانەی کە خوا گەردوون و زەوی و ڕۆژ و مانگی

تیادا دروستکردوە یەك لەدوای یەك بە پێی ئوستورەناسی کوردی، دواتریش مرۆڤ و هەموو بونەوەرەکانی دی.
مەبەست لە چوارپایەکە بریتییە لە چوار ئاراستە جوگرافییەکان و دروستکردنی زۆر پێویستبوو کە دەبوو هەر بکرانایە بۆ بڵاوبونەوەی مرۆڤ و دابینکردنی پێداویستیەکانیان. لەم بوارەوە شێخادی جەختدەکاتەوە کە کتێبی ئایینەکانی دی لەلای پەسندە تا ئەو سنوورەی کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیدا دەگونجێت و ئەوەی لەگەڵیدا پێچەوانەیە ئەوە دەستکاریکراوە و گۆڕدراوە.
٣ شت هەن کە شێخادی دژیانە و ڕقی لێیان دەبێتەوە بەڵام ئەو ناوی ئەو شتانەی نەبردووە.
ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێیەتی و پارێزگاری لە شەریعەتەکەی دەکەن پاداشتیان دەداتێ و وشەی نهێنییەکان کە لە پەرەگرافی پێنجەمدا هاتوە بەمانای ڕێنمایی دێت کە شێخادی هێناونی.
هەموو ئەو کەسانەی کە ناخۆشیان تووش دەبێت بەهۆی شێخادییەوە ئەوا ئەو پاداشتیان دەداتەوە لە ژیانەکانی تریاندا.
شێخادی گەرەکێتی ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە دەستبگرن بەیەك کۆڵەکەوە لە ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەی دژی بیروباوەڕەکەین.
لە پەرەگرافی هەشتەمدا هەوادارانی بانگدەکات بۆ بەگژداچوونەوە و ڕەتکردنەوەی هەموو گوتە و ڕێنماییەك کە لە دژە باوەڕەکانییەوە دێت. هەروەك چۆن داوایان لێدەکات کە ناو و سیفەتەکانی نەهێنن بۆ

ئەوەی گوناهبار نەبن کە ئەمەش بنەمایەکە لە بنەماکانی ئایینی جوولەکە،خواوەند یەهوە حەزی نەکرد کە جوولەکەکان ناوی بهێنن بۆ ئەوە هەڵە نەکەن لە بەرامبەری بەبێ مەبەست. بەدڵنیاییەوە ئێزیدییە کۆنەکان ناوهێنانی مەلەك تاووسیان لە دێرزەماندا قەدەغەکردبوو بۆ ئەوەی هەڵەی بەرانبەر نەکەن یان گوناهبار نەبن هیچ بەدووری نازانین کە جوولەکە کۆنەکانیش ئەم دابونەریتەیان لە ئایینی کوردی ئێزیدییەوە وەرگرتبێت لەکاتی ڕاگواستنیان بۆ کوردستان.

بەشی چوارەم:

١. مافەکانم نادەم بەخواوەندەکانی دیکە.

٢. چوار توخم و چوار کات و چوار پایە ڕێگەم پێداوە لە پێناو پێداویستی بونەوەرەکان.

٣. کتێبی ئایینەکانی دیکە لەلام پەسندە تا ئەو سنوورەی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانمدا هاوجووتن بەڵام ئەوەی پێچەوانەمە ئەوانە گۆڕدراون.

٤. ٣ شت و ٣ ناو دژمن.

٥. ئەوانەی نهێنیەکانم دەپارێزن بەڵێنەکانی من وەردەگرن.

٦. هەموو ئەوانەی بەهۆی منەوە ناخۆشیان تووش دەبێت پێویستە پاداشتیان بدەمەوە لە یەکێك لە دونیاکاندا.

٧. دەمەوێت نەوەکانم یەکبگرن بەیەك ببەستەوە و هەروەها هەموو دواکەوتەکانیشم لەپێناو دژایەتی ئەوانەی سەرپێچیم دەکەن.

**٨. ئەی ئەوانەی کە دوای ئامۆژگارییەکانم دەکەون، هەموو گوتە و ڕێنماییەك ڕەتبکەنەوە کە هی من نیە، ناو و سیفەتەکانم باس مەکەن بۆئەوەی تووشی هەڵە نەبن لەبەرئەوەی نازانن سەرپێچیکاران چی دەکەن.**

کتێبی جەلوە - بەشی چوارەم ـ پەرەگرافی- ١ و ٢و ٣ و ٤ و ٥ و ٦و ٧ و ٨

لە بەشی پێنجەمدا:

شێخادی ڕێنمایی شەریعەتەکەی کۆتایی پێدێنێت و داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات کە ڕێز لە خۆی و وێنەکەی بگرن چونکە ئەوانە شێخادیان وەبیر دێنێتەوە، هەروەها داوایان لێدەکات کە ملکەچی شەریعەت و جێنشینەکانی بن لەدوای خۆی (خزمەتکارەکانم) لەوەی کە زانستی نهێنی و نەنوسراوی شێخادی فێریان دەکەن کە لەلایەن ئەوەوەیە

( واتە لەلایەن شێخادییەوە).

بەشی پێنجەم:

**١. ڕێز لە کەسێتی و وێنەکانم بگرن لەبەرئەوەی ئەوانە منتان بەبیردا دەهێننەوە، کە چەند ساڵێکە لەبیرتان کردووە.**

**٢. ملکەچی شەریعەتەکانم بن و گوێ لەخزمەتکارەکانیشم بگرن،لەو زانستە نهێنیانەی کە پێتان دەدەن کە لەمنەوەن.**

کتێبی جەلوە - بەشی پێنجەم ـ پەرەگرافی- ١و٢—

بەڵام کتێبی دووەمی شێخادی بریتییە لە کتێبی ڕەش( مصحف الاسود ) بۆیەش بەم ناوەناونراوە لەبەر (( توندی بڕیارەکانی)) و ئەم کتێبە بە ٣٣ پەرەگرافەکەی چیرۆکی دروستکردن لە بیری شێخادیدا دەگرێتە خۆی لەگەڵ چەند هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی دروستکردن لە ئایینی ئێزیدیدا، کە لەناوەرۆکیدا دەسووڕێتەوە لە دەوری سەرهەڵدانی گەردوون و کات و دروستکردنی بوونەوەر و فریشتە سەرەڕای پەرەگرافە مێژووییە ساکارەکان:

لە سەرەتادا خوا گەوهەرێکی دروستکردوە کە سپی بوو لە خودی پیرۆزی خۆی دواتر باڵندەیەکی دروستکردوە بەناوی ئەنغەر و گەوهەرەکەی خستۆتە سەر پشتی ئەو باڵندەیە و خواش بۆ ماوەی ٤٠ هەزار ساڵ لەسەر ئەو گەوهەرە دانیشت.

بەشی یەکەم لەم بیرۆکەیە ئەوەمان بیردەخاتەوە لە بیری شێخی سۆفی محیەدین کوڕی عەرەبی لەبارەی سەرهەڵدانی گەردوون لە کتێبی ( فتوحات المکیە) لەبارەی دروستبونی دونیا ـ بەشی یەکەم لاپەڕەی ٤٩ کە دەڵێت (خوای گەورە عەبایەکی بەستووی دروستکرد وەك گەوهەرێك لە خڕی و لە سپێتیدا و بەزۆر و بەهێز هەندێ لاشە و هەندێ هۆکاری خستە ناویەوە و دواتر عەرشی دروستکرد و لەسەری دانیشت کە ناوی رحمانی لەسەرە. بەچاوی گەورەییەوە سەیری ئەو گەوهەرەی کرد، لەشەرمدا توایەوە و بەشەکانی شیبوونەوە و ئالێرەدا بوون بە ئاو و کەوتە ڕۆیشتن و عەرشەکەی لەسەر ئەو ئاوە بوو پێش دروستبوونی زەوی و ئاسمان:

١. لەسەرەتادا خوا گەوهەرێکی سپی لە خودی پیرۆزی خۆی دروستکرد و باڵندەیەکی دروستکرد بەناوی ئەنغەر و گەوهەرەکەی خستە سەر پشتی ئەو باڵندەیە و ٤٠ هەزار ساڵ لەسەری دانیشت.
کتێبی ڕەش ـ پەرەگرافی ـ ١

لەپەرەگرافی دووەمدا کتێبی ڕەش وایداناوە کە یەکەم ڕۆژی دروستکردن بریتییە لە ڕۆژی یەك شەممە. کە ئەمەش پێچەوانەی باوەڕی ئێزدیە کە وا دادەنێت کە ڕۆژی چوار شەممە یەکەم ڕۆژی دروستکردنە ،عەزازیل کە فریشتەی خراپەیە لە ئایینی جوولەکەدا فریشتە مەلەك تاووس نیە هەروەك لە **کتێبی ڕەش** دا هاتوە. لێرەدا دوو گریمانە هەیە لەبارەی گوتەی شێخادی(دروستکردنی فریشتە بەناوی **عەزازیل** کە بریتیە لە مەلەك تاووس):
گریمانەی یەکەم بریتییە لەوەی کە شێخادی سروشتی خراپەکاری عەزازیلی نەزانیوە و سرووشتی باشەی مەلەك تاووسی زانیوە کاتێك هەردووکیانی بەیەك داناوە.
گریمانەی دووەم ئەوەیە کە شێخادی سروشتی عەزازیلی زانیوە و سروشتی مەلەك تاووسی باشەی نەزانیوە و گەورەیی و پیرۆزیشی لە ئایینی ئێزیدیدا نەزانیوە. واگومانی کردووە کە مەلەك تاووس بریتییە لە فریشتەی خراپەکاری **عەزازیل** واتە شەیتان کە ناوی هاتوە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا کە ئەمەش بیرۆکەیەکی هەڵەیە لە بنچینەوە، لەکاتی ناوهێنانی پیتی ( ش) دا ئێزیدی تووڕە دەبێت یان

نەفرەتلێکردنی بەمەبەست، واتێدەگەن کە پیتی (ش) بۆ مەلەك تاووسە کە ئەمەش بە بچووکبونەوەی خۆی و ئایینەکەی دادەنێت،وەبچوککردنەوەیەکی گەورەشە بۆ مەلەك تاووس.

٢. یەکەم ڕۆژی دروستکردن لەلایەن خواوە یەك شەممەیە و فریشتیەکی دروستکردووە بەناو عەزازیل کە ئەویش مەلەك تاووسە سەرۆکی هەموان.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢-

لەڕۆژی دووشەممە و سێ شەممە و چوارشەممە و پێنج شەممە و هەینی و شەممەدا خوا ٦ فریشتەکەی تری دروستکردوە کە پێکەوە کۆمەڵگەی خواوەندی بە سەرۆکایەتی مەلەك تاووس پێکدێنن. هەموو ئەمانە بە پێی بۆچوونی شێخادی بەرجەستە بوون لە پیاوچاکانی ئێزیدیدا، بەشێوەیەك فریشتە دردائیل چۆتە لاشەی شێخ حسن و فریشتە ئیسرافیل لە شێخ شەمس و فریشتە جوبرائیل لە شێخ سجاد الدین و فریشتە شەمنائیل لە شێخ ناصر الدین و فریشتە نورائیل لە شێخ فخرالدین و دواتر خوا ٧ ئاسمان و زەوی و ڕۆژ و مانگی دروستکردوە.( کە خوای ئایینی کوردی ئەستێرەیی کۆنە).

٣. ڕۆژی دووشەممە فریشتە دردائیلی دروستکرد کە شێخ حەسەنە.

٤. ڕۆژی سێ شەممە فریشتە ئیسرافیلی دروستکرد کە شێخ شەمسە.

٥. ڕۆژی چوارشەممە فریشتە میکائیلی دروستکرد کە شێخ ابوبکرە.

**٦. ڕۆژی پێنج شەممە فریشتە جوبرائیلی دروستکرد کە شێخ سجاد الدینە.**

**٧. ڕۆژی هەینی فریشتە شەمنائیلی دروستکرد کە شێخ ناصر الدینە.**

**٨. ڕۆژی شەممە فریشتە نورائیلی دروستکرد کە شێخ فخر الدینە.**

**٩. خوا مەلەك تاووسی کردە سەرۆکیان.**

**١٠. لەدوای ئەوە وێنەی ٧ ئاسمان و زەوی و ڕۆژ و مانگی دروستکرد.**

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٣ و ٤ و ٥ و٦ و٧ و٨ و٩ و١٠ —**

**لە پەرەگرافی یانزەهەمدا شێخادی وای دەبینێت کە پیاو چاك فخر الدین (نورائیل) مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و دڕندەکانی دروستکردوە، گەوهەرەکە بۆ چوار پارچە جیابۆوە، لە سکی گەوهەرەکە (گەوهەرەکە = گەردوون) ئاو هاتە دەرەوە و بووە دەریا و ئەمەش بنچینەی ئاویی گەردونمان بیردەخاتەوە بەپێی باوەڕی کوردە سۆمەرییەکان :**

**١١. فخرالدین مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە دڕندەکانی دروستکردوە و دایناون لە گیرفانی عەبایەکدا و لە گەوهەرەکە هاتە دەرەوە لەگەڵ فریشتەکاندا، هاوارێکی بەرزی کرد بەسەر گەوهەرەکەدا و جیابۆوە بۆ ٤ پارچە و لە سکیدا ئاو هاتە دەرەوە و بووە دەریا و گەوهەرەکە گۆیی بوو بەبێ کەموکووڕی.**

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١١-**

شێخادی خوا فریشتە جوبرائیلی ( سجادالدین )ی دروستکردوە بە شێوەی باڵندەیەك و ناردی بۆ هەر ٤ گۆشەکەی زەوی و دواتر هەڵگرێکی دروستکرد و ١٠٠٠ ساڵ تیایدا مایەوە و لەلاشی نورانیدا جێگیر بوو. دواتر لە لالشدا نیشتەجێبوو و هاواری لە دونیا کرد و بوو بە زەوی و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانی تیا دروستکرد کە لە ئەنجامی پارچەکانی گەوهەرە سپییە تەقیوەکەوە لەدایك بوون. لالش بریتییە لە زەوی پیرۆز کە تیایدا بۆ یەکەمینجار مەلەك تاووسی تیادا دابەزی بەپێی بیروباوەڕی ئێزیدی:

١٢. خوا جوبرائیلی لەشێوەی باڵندەیەکدا دروستکرد و ناردی کە بەدەستیشیەوە چوارگۆشەی گۆشەی زەوی هەبوو دواتر هەڵگرێکی دروستکرد و لەم هەڵگیراوەدا دابەزی بۆ ماوەی هەزار ساڵ و دوای ئەوە هاتە لالش و جێگیر بوو و دواتر هاواری لە دونیا کرد بەستی و دونیا بووە زەوی و ڕۆژ و مانگیشی تیادا دانا، ئەستێرەکانیشی دروستکرد لە پارچە پەڕیوەکانی گەوهەرە سپییەکە و لە ئاسمانیشدا جوانی دروستکرد.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١٢-

لە دواتردا هەموو جۆرەکانی درەخت و ڕووەکی زەوی و شاخەکان و عەرشیشی لەسەر فەرش دروستکرد:

**١. درەختە بەردارەکانی دروستکرد و ڕووەك لە زەویدا و شاخەکان لە پێناوی جوانی زەویدا و دواتریش عەرشی لەسەر فەرش دروستکرد.**

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١٣-

خوا قسەی لەگەڵ فریشتەکاندا کرد و گوتی کە میلەتی ئێزیدی کە میلەتی مەلەك تاووسن لە بنچینەدا دەچنەوە سەر ئادەم و حەوا.

٢. خوای گەورە وتی بە فریشتەکان : من ئادەم و حەوا دروستدەکەم و دەیانکەمە مرۆڤ و لەوانیش میللەتی عەزازیل هەن کە مەبەستم مەلەك تاووسە کە بریتییە لە میلەتی ئێزیدی.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١٤-

دواتر خوا شێخادی لەوڵاتی شامەوە نارد بۆ لالشی پیرۆز:

٣. دواتر شێخ عدی کوڕی موسافیری نارد لەوڵاتی شامەوە بۆ لالش.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١٥-

دوای ئەوە خوای گەورە دابەزی بۆ شاخی ڕەش ( نازانین جێگەکەی لە کوێدایە لەوانەیە شاخی ڕەش کە کەوتۆتە بەڵقانەوە بێت) و ٣٠ هەزار فریشتەی دروستکرد و کردنیە سێ کۆمەڵەوە و دەستیانکرد بە پەرستنی خوا بۆ ماوەی ٤٠ هەزار ساڵ و دواتر مەلەك تاووس لەگەڵ خۆی هەڵیفڕاندن و بەرزیکردنەوە بۆ ئاسمانەکان ( بۆ لای خوا ):

٤. دواتر خوا دابەزیە سەر شاخی ڕەش و ٣٠ هەزار فریشتەی دروستکرد و جیایکردنەوە بۆ ٣ کۆمەڵ، بۆ ماوەی ٤٠ هەزار ساڵ

دەیانپەرست و دواتر ناردنی بۆ لای مەلەك تاووس و بەرزیکردنەوە بۆ ئاسمانەکان.

**کتێبی ڕەش –پەرەگرافی -١٦-**

خوا دابەزی لە زەوی قودس( نازانین مەبەست لەزەوی قودس ، زەوی لالشی نورانییە یان شاری قودسی فەلەستینە) خوا داوای لە فریشتە جوبرائیل کرد کە ئادەمی یەکەم دروست بکات ( باوکی مرۆڤایەتی) لە خاك و ئاو ئاگر و هەوا( کە چوار توخمە پیرۆزەکەن لە ئایینی ئێزیدیدا) و خوا ڕۆحی کردەبەری ئادەمەوە و لە هێزی خۆی و دواتر خوا فەرمانی بە جوبرائیل کرد کە ئادەم بەرێتە ناو بەهەشتەوە بۆ ئەوەی لەبەری دارەکان بخوات و دوور بکەوێتەوە لەبەری گەنم ( ئەمەش چیرۆکی ئادەممان بیر دەخاتەوە وەك لە قورئاندا هاتووە):

٥. دواتر خوا دابەزیە زەوی قودس و فەرمانی کرد بە جوبرائیل بە هێنانی خاك لەهەر چوار گۆشەی دونیاوە و ئەویش خاك و ئاو و ئاگر و هەوای هێنا لەم هەمووە ئادەمی یەکەمی دروستکرد و ڕۆحیشی پێدا لە هێزی خۆیەوە و فەرمانی کردە جوبرائیل کە ئادەم بخاتە بەهەشتەوە و لە بەری هەموو درەختەکان بخوات تەنها لەبەری داری گەنم نەبێت.

**کتێبی ڕەش –پەرەگرافی -١٧-**

دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ مەلەك تاووس قسەی لەگەڵ خوادا کرد و گوتی:

چۆن نەوەی مرۆڤ زیاد دەبێت؟ خوا وڵامیدایەوە و گوتی: کارەکە بەدەست تۆیە هەربۆیە مەلەك تاووس ڕۆشتە لای ئادەمی یەکەم و پێی گوت لە گەنمت خواردوە ئادەم گوتی نەخێر لەبەرئەوەی خوا لێی قەدەغە کردووم، مەلەك تاووس پێی گوت : لە گەنمەکە بخۆ و ئەویش خواردی ئەم چیرۆکە ئەو چیرۆکەی قورئانمان وەبیردێنێتەوە بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکەی قورئان بریتی نیە لە مەلەك تاووسی پیرۆز بەڵکو ئیبلیسە کە ناسراوە بە خراپە.

٦. لەدوای ١٠٠ساڵ مەلەك تاووس لەخوای پرسی: چۆن نەوەی ئادەم زیاد دەکەیت و وەچەکانی لە کوێن ؟

خوا پێی گوت:

ئەم کارە و جێبەجێکردنی تەسلیمی دەستی تۆم کردوە و ئەویش هاتە لای ئادەم، وپرسی گەنمت خواردووە؟ ئادەم نارەحەت بوو چونکە دەرچەیەکی نەبوو هەر بۆیە خوا باڵندەیەکی بۆ نارد هات و دەنوکی لێدا و دەرچەیەکی بۆ کردەوە و حەسایەوە.

**ئادەم گوتی نەخێر، لەبەرئەوەی خوا قەدەغەی کردوە لێم. مەلەك تاووس گوتی: بخۆ بۆ تۆ باشترە، کاتێ خواردی یەکسەر سکی فووی تێبوو و مەلەك تاووس لە بەهەشت کردیە دەرەوە و بەجێیهێشت و بەرزبۆوە بۆ ئاسمان.**

کتێبی ڕەش –پەرەگرافی -١٨-

لەپەرەگرافی نۆزدەهەم و بیستدا شێخادی وەسفی حاڵەتی ئادەم دەکات دوای خواردنی گەنمەکە:

١٩. ئادەم لە سکی نارەحەت بوو لەبەرئەوەی دەرچەیەکی نەبوو خوا باڵندەیەکی بۆ نارد و هات و دەنوکی لێدا و دەرچەیەکی بۆ کردەوە و حەسایەوە.

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -١٩-**

جوبرائیل لە ئادەم ونبوو بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ و دڵتەنگ بوو و دەستی کردە گریان بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ.

**کتێبی ڕەش ـ پەرەگرافی -٢٠-**

بۆ ئەوەی ئادەم بەدڵتەنگی و بە تەنهایی نەژی، خوا فەرمانی کردە جوبرائیل کە حەوا دروستبکات لە بن باڵی چەپی ئادەم ئەم گێڕانەوەیەش لە گێڕانەوەکەی دروستبوونی حەوا دەکات لە قورئانی پیرۆز و تەوراتدا.

٢١. لەو کاتەدا خوا فەرمانی کردە جوبرائیل کە حەوا دروست بکات لە ژێر بن باڵی چەپی ئادەمەوە.

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢١-**

لەدواتردا مەلەك تاووس دابەزییە سەر زەوی لە پێناو ئیزیدایەتیدا بەپێی ڕای شێخادی و مەملەکەتی دامەزراند کە ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ بیری ئێزیدیدا نازانین کە تەسروخ و کاموش و ئارتیمۆس کە ناوی ئاشوری و یۆنانی کۆنن دەزانین کە شاپوری یەکەم و دووەم دوو فریشتەی فارسین یان میدیایین کە باوەڕیان بە ئایینی زەردەشتی هەبووە:

٢٢ . دواتر مەلەك تاووس دابەزییە سەر زەوی لە پێناو نەتەوە دروستکراوەکەماندا و مەمەلەکەتی بۆ دروستکردین جگە لە ئاشورییە کۆنەکان تەسروخ کە ناصر الدینە و کاموش کە فریشتە فخر الدینە و ئارتیمۆس فریشتە شەمسەالدینە و دوای ئەوە دوو فریشتەمان بۆ بوو کە ئەوانیش شاپوری یەکەم و دووەمەوە پاشایەتیەکەیان ١٥٠ ساڵی خایاند و لە نەوەکانیان شازادەکانمان هاتنەبوون تا ئێستا.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢٢-

شێخادی دەڵێت ئەوان ٤ پادشایان ڕق لێیە بەڵام ناوەکانی نەبردوون:

٢٣. ڕق و قینمان بۆ چوار پادشایە.

کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢٣-

شێخادی هەندێ جۆری سەوزە و گۆشتی لە ئێزیدیەکان قەدەغەکردووە وەکو کاهوو لەبەرئەوەی باوەڕی وایە کە لەناوی هەندێ کەسە تایبەتەکانی دەچێت لە پیاوچاکان و فریشتەکان، هەروەها لۆبیا و ڕەنگی شین و گۆشتی ماسی قەدەغەکردووە لە پێناو پێغەمبەر یۆناندا(چیرۆکێکی قورئانییە)، گۆشتی ئاسکیشی قەدەغەکردووە چونکە شێخادی باوەڕی وایە کە مەڕی یەکێك لە پێغەمبەرەکانە و هەروەها شێخادی گۆشتی کەڵەشێریش ناخوات لەبەرئەوەی وێنەکەی لە پەیکەری مەلەك تاووس دەچێت، بەهەمان شێوە خواردنی کولەکە ئاوی قەدەغەکردوە و میزکردن بەپێوەشی قەدەغەکردووە. بەهەمان شێوە جل لەبەرکردن بەدانیشتنانەوەی قەدەغەکردووە هەروەك چۆن بەکارهێنانی تەوالێت و بەتەنها مانەوە

و خۆشۆردن لە جێگەی داخراویدا قەدەغەکردووە وەك حەمام هەوەرها بەکارهێنانی پیتی ( ش ) یشی قەدەغەکردووە لەبەرئەوەی ناوی خوایە ( هەروەك شێخادی باوەڕی وایە کە هیچ بنەمایەکی نیە لە ئایینی ئێزیدیدا) و نەفرەتکردنیشی قەدەغەکردووە.

زۆربەی ئەو قەدەغەکراوانە بریتین لەو قەدەغەکراوانەی کە لە ئایینی ئێزیدی و باوەڕی خواوەند دومۆزیدا هەن کە لە پێشتردا باسیان لێوە کراوە لەدەقی چارەنووسی دومۆزی سۆمەریدا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پیتی ( ش) و نەفرەتکردن دوو مەسەلەن کە لەسەردەمی شێخادیدا هاتونەتە ناو ئایینی ئێزیدییەوە.

٢٤. قەدەغەکراوە لەسەرمان کاهوو لەبەرئەوەی لەسەر ناوی پێغەمبەرمان خاسیە یە. و هەروەها لۆبیا و ڕەنگی شینیش،نابێت گۆشتی ماسیش بخۆین بۆ ڕێزگرتن لە پێغەمبەر یۆنان، هەروەها ئاسکیش لەبەرئەوەی مەڕی یەکێك لەپێغەمبەران بووە، شێخ و خوێندکارەکانی گۆشتی کەڵەشێر ناخۆن بۆ ڕێزگرتن لە مەلەك تاووس، مەلەك تاووس یەکێکە لە حەوت خواوەندەکە کە باسکراون لەبەرئەوەی وێنەکەی لە پەیکەری کەڵەشێر دەچێت، هەروەها شێخادی و خوێندکارەکانی کولەکەی ئاوی ناخۆن و میزکردن بەپێوەش لەسەرمان قەدەغەیە،جل لەبەرکردن بەدانیشتنانەوە و چوونە ناو تەوالێت و خۆشۆردن لە حەمامیشدا قەدەغەیە، دروست نیە وشەی شەیتان بەکاربێنن لەبەرئەوەی ناوی خواکەمانە، هیچ ناوێکیش کە لەناوی خواکەمان بچێت وەکو ( قیطان و شط و شر و

وشەی نەفرەتلێکراوەکانیش نابێت بەکاربێنن ، وەکو لعنە –نعل – و وشەی تریش).

کتێبی ڕەش –پەرەگرافی -٢٤-

ڕستەی ( دروست نیە کە وشەی ( شیطان ) بەکار بێنن چونکە ناوی خواکەمانە)، بیرۆکەیەکی سۆفیگەریی ڕووتە، هەموو بیرۆکەکەش لە دروستکراوی شێخادیە و هیچ بنچینەیەکی نیە لە ئایینی ئێزیدیدا لە پێش شێخادیدا و تۆمەتبارکردنی ئێزیدیش بە پەرستنی شەیتان تۆمەتێکی بێبنەما و ناڕەوایە کە پێیانەوە لکێنراوە لەپێناو **تەکفیرکردنیاندا** و دواتریش لەناوبردنیان، هەروەك چۆن بینیمان کە کێشە و نەهامەتی داباریيە سەریان بەهۆی ئەم تۆمەتەوە و بەتایبەتیش لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، شازادە ئەنوەر معاویە اسماعیل ( شازادەی کۆمەڵی ئێزیدی لە ئەڵمانیا) لەبارەی ئەو تۆمەتەوە دەڵێت:

( هەندێ کەس باسیانکردوە... کە ئایینی ئێزیدی بریتییە لە پەرستنی شەیتان یان ئیبلیس، هەوڵیانداوە کە تاووس پەیوەستبکەن بە سیمبۆلی شەیتانیەوە ئەم گوتەیەش هیچ بنەمایەکی نیە لە ڕاستییەوە و هەڵەیە و هەموو بانگەشەیەك لەسەر کۆمەڵی ئێزیدی بەو وێنەیەی کە شەیتانپەرستن یان ئیبلیس پەرستن تەنها درۆو بوختانە)٨٣.

شێخادی باوەڕی وایە کە ئایینەکەی ( ئیزیدایەتی) وا دەناسرا کە ئایینێکی بتپەرستیە پێشهاتنی ئایینی مەسیحیەت و باوەڕی وایە

شێخادی کە جوولەکە و مەسیحی و موسوڵمانان بەرگرییان لەو ئایینە کردووە هەروەها عەجەمیش لەو باوەڕەدام کە ئێرانین:

**٢٥. پێش هاتنی عیسا مەسیح بۆ ئەم دونیایە ئایینەکەمان ناو دەبرا بە بتپەرستی و جوولەکە و مەسیحی و موسوڵمانیش دژایەتی ئایینەکەمانیان کردوە لەگەڵ عەجەمیشدا.**

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢٥-**

له پاشاکانی ئێزیدی بەپێی باوەڕی شێخادی ئاحاب ( و ئاخاب یان ئاحاب) پادشای جوولەکە کە ناوی هاتوە لە تەوراتدا لە بەشی پادشا یەکەمەکان و **ئەسحاحی** شانزدەهەم (٢٦) کە شێخادی ناوی دەنێت بیربۆب:

---

٨٣. سریان و کوردستانی گەورە، سلیم مگر ل ١٠٩

**٢٦. لە پادشاکانمان ئاحاب و فەرمانی بەهەریەکێ لە ئێمە کردووە کە ناوی بنێن بە ناوێکی تایبەت بەخۆیەوە و ناونراوە خواوەند ئاحاب یان بەلعزبۆب ٨٤ و لە ئێستادا لای خۆمان پێی دەڵێن بیربۆب.**

**کتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢٦-**

هەروەها شێخادی لەو باوەڕەدایە کە پادشای بابل **بوختونەسر** و هەروەها پادشای عەجەم(فارس) ئەحشوبرش و پادشای قوسەتەنتینیە ئەغریقالوس باوەڕیان بە بیروباوەڕی مەلەك تاووس هەبووە، ئەمە

ئەو كارەیە كە ناتوانین لێكۆڵینەوەی دەربارە بكەین سەرەڕای باوەڕمان بەوەی كە بیروباوەڕی مەلەك تاووس سەرتاپای ڕۆژئاوای ئاسیای گرتۆتەوە:

**٢٧. پادشایەكمان هەبووە لە بابل ناوی بوختوننەسر بووە و لە عەجەمیش ئەحشبورش و لە قوستەنتینیەش ئەغریقالۆس.**

**كتێبی ڕەش —پەرەگرافی -٢٧-**

**جارێكی تر شێخادی جەخت دەكاتەوە كە خوا هەبووە لەسەر دەریاكان پێش دروستكردنی ئاسمان و زەوی و لەخۆی گەوهەرێكی دروستكردوە و بڕیاری لەسەر داوە و دوای ٤٠ هەزار ساڵ لە گەوهەرەكە توڕەبوە و هەر لەوێش شاخەكان و گردۆڵكەكان و ئاسمانەكان و زەویی دروستكردوە ، دواتر خوا دەستی كردوە بە دروستكردنی گەردوون و ئەوەی لەناویشیدایە و ئاسمانی ڕاگرتووە**

---

٨٤. لەسەردەمی كۆندا هاتوە بە بەلعزبول كەماناى ئیبلیس دەگەیەنێت.

**بەبێ كۆڵەكە( ئەمەش هاوڕێكە لەگەڵ ئەوەی كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە).**

**شەش خواوەندیشی لە خودی خۆی و لە پرشنگی خۆی دروستكردوە هەروەك چۆن ڕۆشناییەك لە ڕۆشنایی وەردەگیرێت (كە مەزهەبێكی فەیزی سۆفیگەرییە):**

٢٨. پێش دروستکردنی ئاسمان و زەوی خوا هەبووە لەسەر دەریاكان و هەڵگرێکی بۆ دروستکردووە و هاتوچۆی پێکردوە لە ماڵەكانی دەریاكاندا بۆ گەڕان لەخودی خۆیدا.

٢٩. گەوهەرێکی لێدروستکردووە و بڕیاری لەسەرداوە ٤٠ هەزار ساڵ لەدوای ئەوەش لە گەوهەرەكە توڕبووە و شەقی تێهەڵداوە.

٣٠. ئای لەم سەیر و سەمەرەیە كە لە دەنگە دەنگەكەی شاخەكان دروستبووە و لە تەپوتۆزەكەشی گردۆڵكەكان و لە دووكەڵەكەی ئاسمانەكان و دواتر خوا سەركەوتوە بۆ ئاسمانەكان و ڕەقیكردوون و ڕایگرتوون بەبێ كۆڵەكە.

٣١. زەوی داخستوە و قەڵەمی گرتوە بە دەستییەوە و دەستیكردوە بە نوسینی هەموو دروستكراوەكان.

٣٢. شەش خواوەندی دروستكردوە لەخودی پرشنگی خۆی و دروستكردنەكەشی لەوە دەچێت چۆن مرۆڤ گڕێك لە گڕێكی دی وەردەگرێت.

**كتێبی ڕەش - پەرەگرافی ٢٨و٢٩و٣٠و٣١و٣٢**

خوا ڕۆژ و مانگ و خولگە و ئەستێرەی زوهرە و بۆشایی ئاسمانی دروستكرد ئەمانە بریتین لە خواوەندی سروشتی ئەستێرەیی لە ئایینی كوردی كۆندا :

٣٣. خوای یەكەم بەخوای دووەمی گوت: من بە تەنها ئاسمانم دروستكرد، تۆ سەركەوە بۆ ئاسمان و شتێك دروست دەكەم و سەردەكەوێت و بوو بە ڕۆژ بە یەكێكی دی وت سەركەوت و بوو بە

**مانگ و چوارەمیش خولگەی دروستکرد و پێنجەمیش بوو بە ئەستێرەی بەیانی و شەشەمیش بۆشایی دروستکرد کە بەمانای بۆشایی ئاسمان دێت.**

کتێبی ڕەش - پەرەگرافی -٣٣

❁ ❁ ❁

# بەشی سێیەم

# ئایینی کوردیی ئیبراهیمی

لەهەزارەی دووەمی پێش زایین، هۆزەکانی ئاری لە ڕۆژئاوای ئاسیادا بوون( کوردستان) کە خاوەنی کولتورێکی ئایینی ئاریی گەورەیە و باوەڕی براهمان ٨٥ (BRAHMAN) گیانی جیهان یان بوونێکی پاك و بەرز کە لەسەر پەرستنی گیانی باو وباپیران وەستاوە کە لە گرنگترین بیروباوەڕەکانی ئەو سەردەمە بووە.

لە سەدەی پازدەهەمی پ.ز کاتێك بەشێك لەو هۆزە ئارییانە ڕوویانکردە هێند لەگەڵ خۆشیاندا بیروباوەڕە براهماتیەکەی هەڵگرت کە لەدوایدا بووە بنچینەیەك بۆ ئایینی هندۆسی. پێشکەشکردنی خواردن و ئاو و قوربانی و بەندا ( تۆپی برنجی) بۆ گیانی باو و باپیران لە ڕۆژی دەرکەوتنی مانگی نوێدا لەهەموو مانگێکدا لە چوارچێوەی کەشوهەوایەکی ئاهەنگئامێزدا ناودەبرێت بە شرادها (SHRADHA) لەگرنگترین ڕێنماییەکانی باوەڕی براهماتیە، سەرۆك خێزانی ئاری براهماتی( پەیوەست بۆ باوەڕی براهماتا) دابو نەریتە ئایینیەکان کە بریتییە لە سووتاندنی قوربانییەکان لەپێناو گیانی باو باپیراندا لە ئاگری پیرۆزدا دەست پێدەکات. بە ئامادەبوونی شەریعەتزانانی براهمی ٨٦( یەکێکیکیان پێیدەوترێت برەهم، کە ئەوان کاهینی گیانی ڕەها و بوونی بەرزی

---

٨٥. بیروباوەڕەکان لەلای گەلان ـ جفری باردنر. وەرگێڕانی د.امام عبدالفتاح ـ زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٧٣ ل ١٣٥-١٨١.

٨٦. سەرچاوەی پێشوو.

براهمان) دانیشتوون لەسەر کورسی چنراو لە پووشی پیرۆز.
ڕووداوی سەرەکی لەو دابو نەریتی شرادهادا بریتییە لە دروستکردنی سێ تۆپ لە برنج و دانانیان لەسەر بەرماڵێك کە چنراوە لە پووشی پیرۆز و دواتر ڕشاندنی جێگاکەیە بە ئاو بۆ ڕۆیشتنی بەنداوەکە بۆ لای گیانی سێ مردوو لە پێشینەکانی خاوەن ماڵ. باوك و باپیر و باوکی باپیر.
هەرلەوێدا دابونەریتی دیکەی ئاری براهمانی هەیە کە گوازراونەتەوە بۆ ئایینی هندۆسی وەك، پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر و پەیوەندیی هەبوون بە باووباپیرانی کۆچکردوانەوە و دانانی یاساکانی ژنهێنان و یاساکانی خێزان و سیستمی چینایەتی.
کاتێك بیرمەندی ئایینی ئاری سیفەتی مرۆڤی ڕەنگرێژکرد بەسەر براهماندا گۆڕدرا بە براهمای دروستکەر (کە جیاوازە لە براهمانی ڕەها ) کە کەسایەتییەکی مرۆڤانەیە و ژنەکەی ناوی ساری سفاتیە ( SARA SVATI) ٨٧. ( تێبینی ناوی سارا بکەن لەم قۆناغەدا)
ئەگەر بە ئاگابوونمان چڕکردەوە لەسەر ئەو کولتورە ئایینیە کوردییە ئارییە گەورەیە و بەتایبەتیش لەسەر ئەمیندار و ئەوانەی پێی هەڵدەستن لە برەهمەکانی (پێغەمبەرەکان) کە ئەوان پاڵپشتی دەکەن ئەوا نارۆشنی نامێنێت کە بە چواردەوری کەسایەتی پێغەمبەر ئیبراهیمدا دروستبووە، کە دادەنرێت بە یەکێك لەو برەهمانە و

---

٨٧. سەرچاوەی پێشوو ل ١٨١

**هەر ئەویش گەورەی هەموو برەهمەنە پێغەمبەرەکانە و هەر ئەویشە کە ناوی لە سێ ئایینە ئاسمانییەکاندا جوولەکە و مەسیحیەت و ئیسلامدا هاتووە. هەر ئەویشە باپیرەی کوردەکانە و گەورەی قوربانیدەرەکانە لە کولتوری ئایینی کوردیی ئێزیدیدا:**

سلاّو بکەن لەسەر بەهێز ( واتا خودا ) **SILAF BIKÊN L CEBARE**

( سلاّو بکەن) لەسەر ئەو پێغەمبەر و پیاوچاکانە **WAN NEBAYEN EHLIXERE**

( سلاّو بکەن ) لەسەر باوکی پێغەمبەران **BABÊ NEBYAN ÛCIYANA**

لە قوربانیدانەکەی لە دێرزەمانەوە **XUA DINA WAN JDERE**

( وتەیەکی ئێزیدیی پیرۆز ) ٨٨

**ئەو باوکەی یەکەم پێغەمبەری تەوراتە و باپیری گەورەمان مەسیحیشە: ( کتێبی لە دایکبوونی یەسوع مەسیح کوڕی داود کوڕی ئیبراهیم، ئیبراهیم ئیسحاقی بوو ئیسحاقیش یەعقوبی بوو یەعقوبیش یەهودا و براکانی بووە.**

– ئینجیلی مەتی –ال‌ئەسحاح یەکەم ١-٢

---

٨٨. دابونەریتی گوندی ئێزیدی،ل ایەنی ئەنترۆپۆلۆجی، خدر سلێمان ل٧٩ ( لە گوتەی اسماعیلی پێغەمبەر).

ئەو موسوڵمانێکی پاکە و هاوەڵی خوایە و باپیری پێغەمبەرانی قورئانی پیرۆزیشە لای موسوڵمانان:

**( وما كان ابراهيم يهوديا ولا نصرانيا ولكن حنيفا مسلما)**

**قورئانی پیرۆز –سورەتی العمران –ئایەتی ٩٧**

**ئەو هاوەڵی خودایە :( واتخذ الله ابراهيم خليلا )**

**قورئانی پیرۆز –سورەتی النساء-ئایەتی ١٢٥**

**هەر ئەو باوکی پێغەمبەرانە:**

**( وجعلنا فی ذریتها لنبووة والكتاب )**

**قورئانی پیرۆز –سورەتی العنكبوت – ئایەتی ٢٧**

بە تێڕوانین لە نەبوونی بەڵگەی زانستی و شوێنەواری و مێژوویی لەبارەی کەسایەتیی ئیبراهیم پێغەمبەر و ژیانی و جێگەی لەدایکبوونی، لەبەرئەوە ئێمە پەنا دەبەینە بەر بەرنامەڕێژی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەو هەڵهێنجانی مێژوویی بۆ سەلماندنی ئەوەی دەتوانرێت بسەلمێنرێت لەبارەی ڕەچەڵەکی و جێگەی لەدایکبوونی کوردییەکەی، بە پاڵپشت بە کولتوری مێژوویی و ئایینی کوردیی کۆن و بیرەوەریی ئایینی میللی، و پاڵپشت بە **کتێبی پیرۆز** و **قورئانی پیرۆز** و لەسەر کوتوری مێژوویی ئیسلامی.

بەپێی مامۆستای لێکۆڵەر ( **R.-DE-VAWX**) [٨٩]،جگە لەویش

٨٩. r-de-vawx-les brtriavche-hebreyset lhistoire-rewye-bibgye-٧٢-٩٩٢٥-bb-٥-٢٨

لە لێکۆڵەرەوان لە زانستەکان و بنەچەی ئایینەکان، ئەوا ئیبراهیمی پێغەمبەر لە سەروبەندی سەدەی حەڤدەهەمی پ.زدا دەرکەوتوە، خۆ ئەگەر زانیمان کە نەتەوەی ئیبراهیمی پێغەمبەر ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەی بەیانیانی دەپەرست بەپێی گێڕانەوەی قورئان :

( فلما جن علیه الیل رای کوکبا قال : هذا ربی فلما افل قال : لا احب الافلین )

( فلما رای القمر بازغا قال: هذا ربی، فلما افل قال : لان لم یهدنی ربی لاکونن من القوم الظالمین)

( فلما رای الشمس بازغة قال: هذا ربی، هذا اکبر فلما افل قال: یاقومی انی بریء مما تشرکون ).

قورئانی پیرۆز –سورەتی انعام –ئایەتی ٧٦-٧٧

ئەوا دەرکەوتنی لە کوردستان دەبێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، ماوەی دەرکەوتنی ڕێکدەکەوێت لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی کوردی هۆری کە تیایدا پەرستنی خواوەندی ئەستێرەیی کوردی گەیشتە ٩٠ ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەی بەیانی بۆ ترۆپکی.

کوردستانیش بەو سیفەتەی لانکی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە لە پێشتریشدا نوحی تیادا دەرکەوتوە ٩١ : ( دوایی خودا نوح و

---

٩٠. تەموز: باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون ـ ئەنتوان مۆرتکارت ل ٢١٢-٢٥٢.

٩١. تێبینی مانای وشەی نوح بکەن = nuh واتە نوێ لە زمانی کوردیدا.

هەموو درِندە و هەموو ئاژەڵەکانی ناویبرد کە لەگەڵیدا لە پاپۆڕەکەدا بوون، خودا مۆڵەتی بە بادا لەسەر زەوی و ئاوەکان ئارام بوونەوە، سەرچاوە هەڵچوەکان وشك بوون لەگەڵ وەرزەکانی ئاسمان، باران لە ئاسمان نەهاتە خوارەوە و ئاوەکان گەڕانەوە سەرزەوی گەڕانەوەیەکی پەیتاپەیتا، لە دوای ١٥٠ ڕۆژ ئاو نەما پاپۆڕەکە جێگیر بوو لە مانگی ٧ لە ڕۆژی حەڤدەهەمدا لەسەر شاخی ئارارات).

**تەکوین ـ ئەسحاحی هەشتەم ١ـ٥**

شاخی ئارارات بریتییە لە گرنگترین شاخەکانی کوردستان. لەپێناو لێکۆڵینەوە لەجێگەی لە دایکبوونی ئیبراهیمی پێغەمبەر دەگەڕێینەوە بۆ لای **کتێبی پیرۆز** ـ سەردەمی کۆن بەو سیفەتەی کۆنترین سەرچاوەیە لەبەردەستماندا لەکاتی ئێستادا.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە تەوراتدا هاتوە ئەوا جێگەی لەدایکبوون و مردنی هاران برای گەورەمان ئیبراهیم بریتییە لە شاری ئوری کلدانییەکان:

**( ئەوە لەدایکبوونی تارحە ٩٢. تارح ئەبرام و ناحور و هاران و هارانیش لوگی بوو، هاران مرد لە پێش تارحی باوکیدا لەزەوی لەدایکبوونی لە ئوری کلدانییەکان).**

---

٩٢.تارح: ناوی باوکی گەورەمان ئیبراهیم بووە وەك چۆن لە تەوراتدا هاتوە. لەکاتێکدا ناودەبرێت بە ئازەر لە **قورئانی پیرۆز** دا.

**( تارح ئەبرامی کوڕی و لوگی کوڕی هاران و سارایی بووکی کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو بردنی، هەموویان پێکەوە لە ئوری کلدانییەکان دەرچوون، بۆ ئەوەی بچن بۆ زەوی کەنعان و هاتن بۆ حاران و لەوێ نیشتەجێبوون و تەمەنی تارح ٢٠٥ ساڵ بوو لە حاران کۆچی دوایی کرد).**

تەکوین-ئەسحاحی پانزدەهەم( ٣٠-٣١-٣٢ )

**( ئەبرام هەروەك خودا پێی ڕاگەیاند لەگەڵ لوگدا ڕۆیی و لەوکاتەدا ئەبرام تەمەنی ٧٥ ساڵ بوو کاتێ لە حاران دەرچوون و ئەبرام ژنەکەی خۆی سارای و لوگی کوڕی براکەی برد لەگەڵ هەموو شتەکانی کە کۆی کردبونەوە لە حاران، دەرچوون بۆ ئەوەی بچن بۆ زەوی کەنعان و بەو شێوەیە هاتن بۆ زەوی کەنعان).**

تەکوین-ئەسحاحی دوانزەهەم( ٤-٥ )

ئوری کلدانییەکان کە لە تەوراتدا وەك لەسەرەوە هاتوە بە باوەڕی من ئوری سۆمەرییەکانە و تەورات بە ئوری کلدانییەکان ناوی هێناوە لە بەرئەوەی نوسینەوەی یەکەم کتێبی **تەورات** لە سەدەی شەشەمی پ.ز دا دەستپێکرد و دواتریش، ئەم مێژووەش ڕێکدەکەوێت لەگەڵ مێژووی بوونی کلدانییەکان[٩٣] لەشاری ئوری سۆمەریدا،ئەو کارەی ئەو مەسەلەیەش پڕاسدەکاتەوە بریتییە لە دووری کات لەنێوان دەرکەوتنی ئیبراهیم پێغەمبەر ( ١٧٠٠

٩٣. ئیبراهیم پێغەمبەر و مێژویەکی نادیار –د.سید العتمی.

پ.ز ) و دەرکەوتنی کلدانییەکان لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار و ئوردا ( ٦٢٥ پ.ز -٥٣٨ پ.ز ) ٩٤.

ئێمە دوای لێکۆڵینەوە و گەڕان هیچ ئورێکمان نەدۆزییەوە بەناوی ئوری کلدانییەکان لە وڵاتی نێوچۆمان و هەموو ڕۆژئاوای ئاسیادا پێش دەرکەوتنی کلدانییەکان لە ئوری سۆمەریدا.

ئوری سۆمەرییەکان لەسەدەی حەڤدەهەمی پ.ز وڵاتی ئەو براهمە پێغەمبەرانە بووە و گەورەشمان ئیبراهیم گەورەی ئەو پێغەمبەرانە بووە کە هەڵگری ئالآی پەیامە خواییەکان بووە لە کوردستاندا.

تەورات بۆخۆی لە بابەتێکی تردا ئاماژە دەدات بەوەی کە گەورەمان ئیبراهیم لە حاراندا نیشتەجێبووە، حاران زەوی خۆی و هۆزەکەشی بووە: ( خودا بە ئارام دەڵێت: لە زەوییەکەت و هۆزەکەت و لە ماڵی باوکیشت بڕۆ بۆ زەوی ئەریك)

تەکوین-ئەسحاحی دوانزەهەم(١)

لەجێگەیەکی تردا تەورات دەڵێت:

( ئەبرام ڕۆیشت هەروەك چۆن خودا پێڕاگەیاند. لەگەڵیشیدا لوگ ڕۆیشت و ئەو کاتە ئەبرام تەمەنی ٧٥ساڵ بوو کاتێ کە دەرچوو لە حاران،ئەبرام سارای ژنی و لوگی برازای و هەموو شتەکانیانی کە کۆیان کردبۆوە لە حاران لەگەڵ خۆیدا بردنی،دەرچوون بۆ ئەوەی بچێت بۆ زەوی کەنعان ).

٩٤. ایفالستر-ڕابووردووی زیندوو-شارستانێتیەك ٧٠٠٠ ساڵ درێژ دەبێتەوە-ل١٩٨

**تەکوین-ئەسحاحی دوانزەهەم( ٤-٥ )**

**حاران لەسەدەی حەڤدەهەمی پ.زدا بریتیبوو لە دڵی مەملەکەتی کوردی هۆری ٩٥، ئێستاش شارێکە دەکەوێتە کوردستانی تورکیاوە (باکوور)، لەگەڵ شاری ڕۆها ( ڕۆژ ) دا کە نزیکە لێوەی پێکەوە گەورەترین شوێنەواری گەورەمان ئیبراهیم و پاشا نەمرودی چەوسێنەرەوە پێکدێنن ئەمەش بەپێی بیرەوەریی مێژووی زارەکی کوردی.٩٦**

**لەوێدا ئاماژەیەك هەیە لە قورئانی پیرۆز دا جەختدەکاتەوە لە گفتوگۆی یەکێك لە پاشا زۆردارەکان لەگەڵ گەورەمان ئیبراهیمدا:**

**( الم تر الی اللذی حاج ابراهیم فی ربە،ان اتاە الملك،اذ قال ابراهیم ربی الذی یحیی ویمیت ،قال: انا احیی وامیت، قال ابراهیم : ان الله یاتی بالشمس من الشرق فات بە من المغرب.فبهت الذی کفر )**

**قورئانی پیرۆز - سورەتی النبووة - ئایەتی ٢٥٨**

**لە تەوراتیشدا باسی نەمروود هاتووە:**

**( کوش نەمروودی بوو کە دەستیکرد بەوەی وەك بەهێزێك بێت لە**

---

٩٥. تەموز: باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون- ئەنتوان مۆرتکارت –ل ٢١٧-٢٥٢.

٩٦. بڕوانە نەخشەی وڵاتی دوو ڕووبار و پاشکۆی وێنەکان بۆ زانینی جێگەی شاری حەران ( حاران).

**زەویدا و سەرەتای مەملەکەتەکەشی بابل و ئۆرۆك و ئەکەد و کلتە بوو لە زەوی شەنغار)**

**تەکوین-ئەسحاحی یەکەم ( ٦-١٠ )**

**جا هەرکام لە شاری ئوری سۆمەری یان حاران (حران) ی کوردی هۆری جێگەی لەدایکبوونی ئیبراهیم پێغەمبەر بووبێت ئەوا ئەو لە ناوچەکانی کورد دەرنەچوە لەڕووی دەرکەوتنی و ڕەچەڵەکی و ئایینەکەشیەوە، گەر کاتێك ئەوە بزانین کە ئیبراهیمی پێغەمبەر پەیامی خودای لە نێوان نێوچۆماندا پێگەیشت پێش ئەوەی پەیامی خودای جوولەکەی پێبگات، ئەوا مەسەلەی ڕەچەڵەکی و جێگەی لەدایکبوونی زیاتر راستەقینەتر دەبێت، لە بەشی کارەکاندا هاتووە: ( سەرۆکی کاهینەکانی وتی، ئەو مەسەلانە دەبینن، ئاوهایە: وتی: ئەی پیاوەکان و براکانم ببیستن، خوای گەورە دەرکەوتوە بۆ ئیبراهیمی باوکمان، کاتێ ئەو لەنێوان دوو ڕووباردا بووە و پێش ئەوەی نیشتەجێ بێت لە حاران).**

**ئینجیل —بەشی کارەکان ٧ : ١-٢**

**لێرەدا گریمانەیەکی نوێ هەیە لەبارەی جێگەی لەدایکبوونی ئیبراهیمی پێغەمبەر، مامۆستا دکتۆر کمال صليی [٩٧] کە**

---

٩٧. تەورات لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە هاتووە وەرگێڕانی عقيق الرزاز- دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستی بەیروت چاپی ٢ ل ٤٩.

لێکۆڵەرێکی ورد و بەدیقەتە ، دەڵێت : لە تەوراتی ڕەسەنی عیبریدا ناوی ئوری کلدانییەکانم نەبینیوە، بەڵام ئورم وەك ( سدیم ) تەمومژ بینیوە، جیاوازیی هەیە لەنێوان دوو ناوەکەدا، ئەگەر پیتی (س) مان هەلگێڕایەوە بۆ ( ش )( پیتی (س) لەگەڵ (ش) دا لە زمانی هیندو ـ ئەوروپیدا جێگە دەگۆڕن) ئەوا ئوور وەك ( سدیم ) تەمومژ دەبێتە ئوور وەك ( شدیم ) و ( یم ) بریتییە لە ئامرازی کۆ لە زمانی عیبریدا و پیتی ( د) پیتی پاشگرە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوائورکشدیم دەبێتە ئورکش ( شاری خەونەکان ) کە پایتەختی دەوڵەتی هۆرییە کە زانایانی شوێنەوارناسی ئەمریکی دۆزیانەوە لە ساڵی ١٩٩٤دا لەگردی موزان، بەم شێوەیە ئەو ئورەی کە لە تەوراتدا بەهەڵە بە ئوری کلدانی هاتوە ( بەپێی بۆچوونی من) بریتییە لە ئورکش ( پایتەختی هۆرییەکان) ئەم شارەش شارێکی هەبووی هۆرییەکان بووە بەبێگومان لەوکاتەدا. سرووشتییە کە ئیبراهیمی پێغەمبەر بۆی چووبێت دوای تەنگپێهەڵچنینی لەلایەن پاشا نەمروودی زۆردار بۆ خۆی و بۆ بانگەوازەکەیشی.

جا کاتێك ناوی ئەبرام کە لە تەوراتدا هاتبێت جیاوازبێت لە ڕەچەڵەکە کوردییە ڕاستەقینەکەی کە بریتییە لە ئەبرەهیم ئەوا تەورات ڕاستیکردۆتەوە بەبێ باسکردنی هۆکارە ڕاستەقینەکە کە پێویست بەو ڕاستکردنەوەیە دەکات ( پیتی – ا – کە لەپێش برەهم هاتوە بریتییە لە پیتێکی عیبری زیادە):

( لەمەودوا ناوی خۆت مەنێ ئەبرام، بەڵكو ناوەكەت دەبێت بە ئیبراهیم لەبەرئەوەی من دەتكەمە باوكی كۆمەڵگای نەتەوەكان نەوەی زۆرت پێدەدەم و دەتكەمە نەتەوەی جیاواز ).

تەكوین-ئەسحاحی حەڤدەهەم ( ٥-٦ )

بەهەمان شێوە تەورات ناوی ژنەكەی گەورەمان ئیبراهیمیشی ڕاستكردۆتەوە لە ساراوە بۆ سارە ئەمەش ناوی كوردیی ژنەكەی گەورەمان ئیبراهیمە كە ژنی بەریهمی یەكەمە كە ناوی ژنەكەی (SARA SVAT ) وەك لە پێش لێكۆڵینەوەكەمانەوە باسمانكرد:

( خودا بە ئیبراهیمی گوت سارای ژنەكەت بانگی مەكە بە سارای بەڵكو ناوەكەی بۆتە سارە و من پیرۆزی دەكەم و لەویش كوڕێكت پێدەبەخشم ).

تەكوین-ئەسحاحی حەڤدەهەم ( ١٥-١٦ )

ڕستەی( دەتكەمە باوكی كۆمەڵگای نەتەوەكان ) كە لە تەكوینی ١٧ : ٥-٦ دا هاتووە بە شێوەیەكی ڕاشكاوانە جەختدەكاتەوە كە ئیبراهیم پێغەمبەری گەلێك لە نەتەوەكان بووە جگە لە جوولەكە. ئەم مەسەلەیە بۆ خۆی دەمانخاتە بەردەم گەلێ كۆمەڵگەی گریمانكراو، دیارترینیان ئەوەیە كە ئیبراهیمی پێغەمبەر، پێغەمبەر بووە پێش ئەوەی بنێردرێت بۆ لای جوولەكە، من لایەنگری یەك هۆكاری گرنگ لە پشت هەڵبژاردنی جوولەكە بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر خۆیان ساغكردۆتەوە كە سەر بەون، ئەویش ئەوەیە كە ئیبراهیمی پێغەمبەر كەسێك و پێغەمبەرێكی نائاسایی بووە لە كاتی خۆیدا، خۆ ئەگەر

ئیبراهیمی پێغەمبەر بەڕاستی پێغەمبەرێکی تایبەت بووبێت بە جوولەکە ئەوا بۆ ئەو باشتر بوو کە یەك کتێبی هەبێت لەو ٦ کتێبەی کە تەورات پێکدێنن کە دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەرانێك کە ئاستیان نزمتر بووە لە ئاستی گەورەمان ئیبراهیم.

بەتەنها موسا٩٨ پێغەمبەر ٥ کتێبی هەبووە لەو کتێبە یەکەمانە، کتێبی یەشوعی پێغەمبەریش هەبووە و کتێبی راعوسی پێغەمبەر ، کتێبی عەزرای پێغەمبەر ، و کتێبی یۆنانی پێغەمبەر و کتێبی ئەیوبی پێغەمبەر و کتێبی ئەستیری پێغەمبەر و ...هتد.

بەڵام تایبەت بە ژیان و گوزەرانی ئیبراهیم پێغەمبەر لە زەویی کەنعان و کۆچکردنی بۆ خاکی میسر و دوای ئەوە چی ڕوویداوە، دواتر گەڕانەوەی بۆ خاکی کەنعان و دواتریش کۆچکردنی بۆ شاری مەککەی پیرۆز ئەوە بابەتێکە لەدەرەوەی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدایە.

❁ ❁ ❁

---

٩٨. پێغەمبەرانی تەورات و پێشبینە تەوراتیەکان –م.ریجسکی –وەرگێڕانی د.احو یوسف – ل ١١-١٥.

# بەشی چوارەم

# ئایینی کوردیی زەردەشتی

گەر لەسەدەی کوردی هۆرییەوە بپەڕینەوە بۆ سەدەی کوردیی میدی ئەوا ئەو پردە بەکار دەهێنین کە ئایینی کوردی هۆری ـ میتانی دەبەستێتەوە بە ئایینی کوردی میدییەوە.

ئەو پردەش درێژ دەبێتەوە بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ململانێی خواوەند لەگەڵ هێزەکانی دونیای خوارەوەدا، واتا ململانێی نێوان هێزە چاکەکان و ڕووناکەکان لەگەڵ هێزە تاریك و خراپەکارەکان کە بینیمانن لە سەدە کوردییەکانی ڕابووردوەوە، هەروەك چۆن بوونیان هەیە لە ئایینی کوردی زەردەشتیدا کە وەستاوەتە سەر ململانێ لە نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە، لەنێوان خواوەند ئاهورامازدا (خوای چاکە ) و ئەهریمەن ( خوای خراپە)دا.

لەم سەردەمەدا بابەتی باوەڕی خواوەند دومۆزیمان تووش دەبێتەوە لە کۆشکی داریوشدا کاتێك دارا پاشا دەردەکەوێت لەسەر دیوارەکانی کۆشك وەکو بکوژیی شێرەکان و تێکشکێنەری ئەژدیهای جیهانی خوارەوە.

لە مۆزەخانەی بەریتانیدا مۆرێك هەیە کە داریوش پاشا دەنوێنێت کە تیرەکەی دەهاوێژێت لە کەوانێکەوە لە رەوڕەوەیەکی ڕاودا بۆ شێرێك وەك باووباپیرانی کوردیی هۆری. لەسەریشیەوە ڕۆژی باڵدار دەفڕێت لەگەڵ بەشی سەرەوەی لاشەی مرۆڤدا، لەمەوە تێدەگەیت کە ئەوە خواوەند ئاهورامازدایە.( شێوەی ژمارە ٢١ ).

هەرلەوێدا مۆرێکی میدی ـ ئەخمینی هەیە کە پارێزراوە لە مۆزەخانەی شاری بۆستندا کە هەڵگری هەڵکۆڵراوێکە کە وێنەی ڕۆژی

باڵدار كە سیمبولی خواوەند ئاهورامازدای تیادایە لەسەر ئەژدیهای جیهانی خوارەوەدا ( شێری ئەفسانەیی دووقۆچی).
هەروەها گرتەی تری داراپاشا هەیە وەك تێكشكێنەری ئەژدیها، لە هەندێ كاتدا وەستاوە لەژێر ڕۆژی باڵداردا. شێوەی ژمارە (٢٢)
هەروەها گرتەی تر هەیە كە دارا پاشا دەنوێنێت لەگەڵ یەك درەختی خورمادا وەك هێما ( وێنەی ژمارە ٢٣) كە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی ئەو بابەتە نەمرانە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان.
ویل دیورانت ٩٩ وای بۆدەچێت كە ئامادای یان مادای یان میدییەكان، گەلێكن لە توخمی هیندو ـ ئۆرۆپین، لە كەنارەكانی دەریای ڕەشەوە هاتوون بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیا لە پێش لەدایكبوونی گەورەمان مەسیح پێش ١٠٠٠ ساڵ، یەكەم پادشایان داناوە دیوسیس ١٠٠ ( دیو: ناوی خواوەندێكی كوردیی كۆنە) پایتەختێكی جوان و پڕ سەوزایی و ئاوی شیرین لە ئەكباتان (هەمەدان) لە رۆژهەڵاتی كوردستان ( كوردستانی ئێران).

---

٩٩. چیرۆكی شارستانییەت ـ ویل دیورانت-بەشی دووەم بەرگی یەكەم.
١٠٠. لەدواتردا وشەی دیوسی لێوەرگیراوە یان دیوز كە وەك جنێو بەكاردێت بۆ شێواندنی لەو باوەڕەدام كە ئەمە لەسەردەمی زەردەشتیدا ڕوویدا بێت.

هیرۆدۆت دەڵێت: کە پادشا دیوسیس مەترسی لەسەر ئاشوریەکانی دراوسێی دروستکرد بەهۆی دانایی و هێز و دادپەروەرییەکەیەوە توانی سیاخرس ( سیا کزراس) گەورەترین و بەهێزترین پادشاکانی میدییەکان کە ئەم کێشە مێژووییە یەکلابکاتەوە لە نێوان میدی و ئاشورییەکاندا بە وێرانکردنی شاری نەینەوا کە پایتەختی ئاشورییەکان بوو لە ساڵی ( ٦١٢ پ.ز)[١٠١] کە ئەم کارەش یارمەتی میدیەکانیدا بۆ پەلاماردانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا تا سوپاکەیان گەیشتە دەروازەکانی ساردیس لە ڕۆژئاواوە،ئەم سوپایە نەوەستێنرا (بەپێی هیرۆدۆت) تەنها بەهۆی ڕۆژگیرانەوە نەبێت، هەردوو گەل ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتییان مۆرکرد. سەرەڕای کورتی تەمەنی پاشایەتیی میدی کە ئاشور و فارسی گرتەوە، بەڵام گەورەیی شارستانێتیەکەی و ڕۆشنبیری و هونەری و تەلارسازی و یاساییەکەی گەیشتە ترۆپکی، فارسەکان ( بەپێی هیرۆدۆت ) لە میدییەکانەوە زمانە ئارییەکەیان و پیتە برگەییەکەیان کە گەیشتە ٣٦ پیت وەرگرت.

زۆربەی زانا شوێنەوارناس و مێژووناسەکان و ئەنترۆپۆلۆجیەکان ڕێکن لەسەر ئەوەی کە گەلانی میدی جوانترین گەلانی دونیان

١٠١. بەرەچاوکردنی گرنگی ئەم ڕووداوە کوردەکان ئەو مێژووەیان کردوە بە سەرەتای مێژووی خۆیان تا ڕۆژی ئەمرۆیان.

لەڕووی ڕێکوپێکی لەش و لار و سیما و جوانیی دەم و چاویانەوە، زمانەکەیان ناونراوە زندا ئەبستاق (بەپێی هیرۆدۆت)، جلوبەرگەکانیشیان جوان بووە و پێکهاتوە لە شەڕواڵی سێ گۆشەی پێچراوە و کراس و سەربەستێکی سپیی دووکلکی درێژ و پشتێنێك لە ناوەڕاستی لەشدا.

خواوەند (میترا) خواوەندی ڕزگارکەر، خواوەندی سەکۆی شین (ئاسمان) خواوەندی ڕۆژ و ڕووناکی و پرشنگداری، کۆنترین خواوەندی میدییەکانە( پێش ئاهورامەازدا) کە خوای ڕێککەوتن و گرێبەستەکان بوو و لە هێزە دووبەریکار و لێکهەڵوەشێنەرەکان و خراپەکان دەدات لە خواوەندە مرۆییەکان. بە سیفەتێك کە پارێزەری ڕاستییە، هەر ئەویشە کە گیان دەکێشێت دوای مردن ١٠٢ و هاوپەیمانی خودای هەرە گەورەیە ئاهورامازدا خوای ڕووناکی و چاکە.

خواوەندە ئانیتا ( ئاناهیتا) خواوەندی پیت و زەوی لە گەورەترین خواوەندەکانی میدییەکان بووە پێش زەردەشتی پێغەمبەر و خواوەند هوما ( گای پیرۆز) بەهەمان شێوە لە گرنگترین خوای میدییەکان بووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئایینی کوردیی میدی پێش زەردەشتی لە

---

١٠٢. چیرۆکی شارستانێتیەك: وولّت دیورانت بەشی دووەم،بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٩.

فەلسەفەکەی و خواوەندەکەی لە ئایینی هندۆسی دەچێت لە هندستان لەسەردەمی ڤیری دا، دکتۆر میلز دەڵێت:

( ئایینی ئاڤێستا و ئایینی VEDEی هندۆسی هەردووکیان بەشێکن لەو باوەڕەی کە سەریهەڵدا لە خاکێکی هاوبەشدا کاتێك هندۆسەکان و میدییەکان یەك گەل بوون).

بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسەکان زەردەشت پێغەمبەر یان زارتوسنرا ( ناوی بەربلاو لەلای یۆنانییە کۆنەکان) دەرکەوت لە نێوان سەدەی دەیەم و شەشەمی پ.ز بەشێوەی نەریتی دەرکەوتنی تۆمارکراوە لە نێوان ٦٢٨-٥٥١ پ. ز دا.١٠٣.

لەڕاستیدا تاکو ئێستا هیچ کەسێك زانیارییەکی زۆر نازانێت لەبارەی ژیان و گەورەبوون و جێگە و مێژووی دەرکەوتنی بەتەواوەتی گەرچی ئەفسانەکان دەڵێن لە کاوڕێکی خوایی پیرۆز لەدایکبووە کە بنچینەکەی تیشك بووە لە تیشکەکانی گەورەیی ئاسمانی و فریشتەی پاك لێپرسراو بووە لە چاودێریکردنیدا لە سکی دایکیدا پێش لەدایکبوونی لەناوچەی **ئاریانام وەئیجنە**، ئەو دانایی خۆشەویستوە هەر لە منداڵییەوە و سوور بووە لەسەرئەوەی لەناو شاخەکاندا بژی، گەڵای دار بخوات سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی کە لەلایەن گەلەکەیەوە تووشی دەبوو، بۆ چرکەیەکیش گومانی لە خواوەند ئاهورامازدا نەبوو (خواوەندی

---

١٠٣. سەرچاوەی پێشوو.

ڕووناکی) بەڵکو سووربوو لەسەر دڵسۆزی بۆی و باوەڕی بەتوانا و دەسەلاَتی هەبوو. لەبەر دڵسۆزی و باوەڕی خواوەند ئاهورامازدا پارێزگاری لێکرد و ڕێزی لێگرت بەوەی کە کتێبی دانایی و زانستی خوایی و کتێبی پیرۆزی ئابستاق( ئاڤێستای) پێبەخشی.

هەروەك پێغەمبەرەکان و پیاوچاکانی دیکە دانایی و باوەڕەکەی دوژمنەکانی تووڕەکرد لە نەوەی گەلەکەی لە کوردەکان و دوژمنەکانی کە ناچاریکرد وڵاتە ڕەشەکەی بەجێبهێڵێت، لە وڵاتە تازەکەی( شاری بەڵخی ئێرانی) پادشا (VOSATUSPA) ڕێزی لێگرت و باوەڕی پێهێنا و یارمەتیشی دا لە بلاَوکردنەوەی ئایینە نوێکەیدا و زەردەشت بووە پێغەمبەرێکی زۆر گەورە بە ڕێنمایی و باوەڕەکەی بەلاَم تەمەنێکی کەم ژیا، لەوانەیە بروسکەیەك فڕاندبێتی کە بۆ ئاسمانی بەرزکردەوە لەتەمەنی ٧٧ ساڵیدا.

( لێرەدا گێڕانەوەیەکی تریش هەیە کە دەڵێت لەسەر دەستی تۆرانییە تورکەکاندا کوژراوە لەگەڵ هەشت کەس لە شوێنکەوتوانی) ١٠٤.

ئایینی زەردەشتی پێغەمبەر وەستاوەتە سەر فەلسەفەی دووانە ( DUALISM) و لەسەر ئەو ململانێیەی کە بەردەوام دەبێت دوانزە هەزار ساڵ لە نێوان خواوەند ئاهورامازدا ( خوای ڕووناکی و

---

١٠٤. چیرۆکی ئایینەکان: کمال مظهر ل ٣٠٩، شانامەی فیردەوسی.

چاكە) و خواوەند ئەهریمەندا ( خواوەندی تاریكی و خراپە)، پێویستە لەسەر مرۆڤیش لەنێوان ئەو دوانەدا یەكێكیان هەڵبژێرێت، خۆ ئەگەر ڕێگای خراپەیان هەڵبژارد ئەوا ژیانیان پڕ دەبێت بەكاری خراپە و ئەگەریش ڕێگای چاكە و ڕاستییان هەڵبژارد ئەوا دەگەنە پێگەیشتن و نەمری، ئەم ململانێیەش دابەشدەبێتە سەر چوار قۆناغ هەر قۆناغێكیش ماوەكەی دەگاتە ۳۰۰۰ساڵ.

لە قۆناغی یەكەم و دووەمدا هەردوو خواوەند خۆیان سازدەكەن بۆ ململانێ و لە قۆناغی سێیەمیشدا شەڕ دەستپێدەكات و لە قۆناغی چوارەم و كۆتاییشدا خواوەندی خراپە(ئەهریمەن) دەدۆڕێت. ڕێنماییەكانی ئایینی زەردەشتیمان بەدەست گەیشتوە لە ڕێگەی كتێبی پیرۆز ( ئاڤێستاوە) كە ناسراوە بە زەند ئاڤێستا كە لە كتێبی پیرۆز (سەردەمی كۆن)ی لای جوولەكە دەچێت. ئابستاق لە ۱۷ سروودی ئایینی لەو سروودە ئایینیانە پێكهاتوە كە ناونراون جاسا ( GATHA) كە بریتین لە دەقی دانایی زەردەشتی و دادەنرێت بەگرنگترین سەرچاوە بۆ بیری تێڕامان كە پەیوەستە بە سروشتی دەرونی مرۆڤ و بارودۆخیەوە، ئەو بنەمایانە پێشكەشدەكات كە بیری فەلسەفی زەردەشتی لەسەر وەستاوە كە لە نێوان قووڵایی و ژیری زانستی كە لە توانایاندایە ژیان پڕ بكەن بە وزەی پیرۆز كۆدەكاتەوە، باشترین كارێكیش لەلای زەردەشت پێغەمبەر بریتییە لە پاكێتی و دەستپاكی و خووڕەوشت بەرزی و ویستی ئازاد. مرۆڤ بەپێی باوەڕی زەردەشتی ئازادە كە بە ویستی خۆی ڕێگای ڕاستی و ڕووناكی

هەڵببژێرێت یان ڕێگای تاریکی، لێرەدا سێ ئەرك لەسەر مرۆڤ پێویستە هەروەك لە ئاڤێستادا ١٠٥ هاتووە:

- پێویستە دوژمنەکانت بگۆڕیت بە دۆست.
- پێویستە خراپەکان باش بکەیتەوە.
- پێویستە نەزانەکان فێر بکەیت.

هەروەها کۆمەڵەئاماژەیەك هەن لە ئایینی زەردەشتیدا کە دەبنە پێکهێنەری دەربڕی هێمایی بۆ باوەڕی زەردەشتی و لایەنگری بۆی وەك:

- کوشتی ( KUSHTY ) کە دەزویەکی پیرۆزە کە لە ٧٢ تاڵ پێکهاتوە کە ئاماژەن بۆ بەشەکانی یاسنا ١٠٦(YASNA) کە چەند جارێك لە ڕۆژێکدا گرێ دەدرێت و دەکرێتەوە کە ئاماژەیە بۆ پابەندی و ڕێکخستن.
- ساندرا ( سەدریە ) کە جلوبەرگێکی پیرۆزی سپییە و زەردەشتییەکان دەیپۆشن و بە تایبەتیش پیاوە ئایینیەکان لەگەڵ

١٠٥. چیرۆکی شارستانێتیەت: ویل دیورانت بەشی دووەم بەرگی یەکەم ل ٧٦.

١٠٦. سفری **یەسنا** واتا بەشی پەرستن کە نزا و نوێژی زەردەشتی لەخۆی دەگرێت.

- مێزەرێکی سەرسەر و داپۆشەرێکی دەم لەکاتی دانیشتنیان لەلای ئاگری پیرۆز. ژمارەی نوێژەکان لە ئایینی زەردەشتیدا بریتییە لە ٥
- نوێژ لە ڕۆژێکدا ئەوانیش:
- نوێژی بەیانی ( کاھ ھاون)
- نوێژی نیوەڕۆ ( کاھ رقون)
- نوێژی عەسر ( کاھ ئایزرن)
- نوێی شەو ( کاھ عیوە)
- نوێژی بەرەبەیان ( کاھ ئاشھن )

مردن لە ئایینی زەردەشتیدا کارێکە لە کارەکانی خوای خراپە (ئەھریمەن) و دۆزەخ جێگەی جێگیربوونی خواوەندی خراپەیە، جا بۆ ئەوەی تەرمەکە پیس نەبێت بەھۆی توخمە ماددییە پیرۆزەکانەوە و لەوانیش زەوی زەردەشتییەکان تەرمەکان دەخەنە سەر ستوون یان قولە کە پێیان دەڵێن قولەی بێدەنگی بۆ ئەوەی باڵندەی برسی بیانخوات.

ھەروەھا سێ جۆر لە دابونەریتی زەردەشتی سەرەکی ھەن:

ئاگر لە زەویدا:

بریتیە لە سیمبولی خواوەند ئاھورامازدا و کوڕەکەی، پێویستە لە جێگەیەکی پاکدا ھەڵبکرێت دوور لە ڕووناکی ڕۆژو چاوی بێگانانی نازەردەشتی و باشترین جێگەش بۆ ھەڵایسانی ئاگری پیرۆز بریتییە لە پەرستگای زەردەشتی، زەردەشتییەکان بە خۆڵەمێشی ئاگرە

پیرۆزەکە کە ئاماژەیەك لەنێوچاوانیان دەکێشن کە هێمای سادەیی و یەکسانی و هێزی باوەڕە.

ئاگر لە ئایینی زەردەشتیدا تەنها هێما نیە بۆ خواوەند ئاهورامازدا، گیانی مرۆڤ دەسکەوتوە لە ئاگری ئاهورامازدای پیرۆز، هەروەك چۆن ئاگر بەرزدەبێتەوە بەرەو ئاسمان لەسەر مرۆڤیش پێویستە کە بەرەو بەرزی بفڕێت، دووربکەوێتەوە لە خواست و ویستە نزمەکان و خاوەنی گیانی قوربانیدان و پاکێتی بێت، لێرەوە ئەرکی زەردەشتییە کە هەمیشە ئاگر خۆش بکات و دەروێشی هان بدات بە زۆرترین خواپەرستی و پاکێتی.

هوما:( ڕوەکی هوما ) ئەو خواوەند هومایە لەسەر زەوی کە گای پیرۆزە کە دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆی ببەخشێت بۆ توخمی مرۆڤایەتی وەك خواردنەوەیەك بۆ ئەوەی بەخێری نەمری ڕەنگیان بکات.

خۆر لە ئاسماندا: ڕۆحی خواوەند ئاهورامازدا دەنوێنێت لە وێنەیەکدا کە خەڵکی دەتوانن درکی پێبکەن ئەو بونەوەرێکی پرشنگدارە کە خێر و بەرەکەت دەبەخشێتەوە بەسەر هەموو بوونەوەراندا و هێزێك کە بەرگری ناکرێت و فریشتە خراپەکان ناتوانێت لێی نزیك ببنەوە.

ئاگر و خۆر دوو هێمان بۆ خواوەند ئاهورامازدا کە هیچکەس ناتوانێت بیبینێت بۆ هەتاهەتایە.

بەپێی باوەڕی زەردەشتی دروستکردنی جیهان بە شەش قۆناغ تەواو بووە یەك لەدوای یەك بەم شێوەیە:

- ئاسمانەکان
- ئاو
- زەوی
- ڕووەك
- ئاژەڵ
- مرۆڤ

خواوەند ئاهورامازدا حەوت سیفەتی هەیە هەروەك زەردەشت پێغەمبەر باسی کردووە:

- ڕووناکی و ژیریی باش، هەق و دەسەڵات و پەرستن، چاکە و نەمری. شوێنکەوتوانی وا لێکیاندایەوە کە ئەوان کەسایەتین و ناویان لێناون:
- **ئەمینستا:** کە بریتییە لە ڕۆحی پیرۆز کە کار دەکات بە سەرپەرشتی خواوەند ئاهورامازدا. ڕۆژی دوایی لە باوەڕی زەردەشتیدا جێگەی لێپرسینەوەیە کاتێك کردارەکانی مرۆڤ دەکێشرێت لەدوای مردن جا هەرکەسێ چاکەکانی زیاد و قورس بوو ئەوا لە پردەکە دەپەڕێتەوە(لە زەردەشتیدا ئەو پردە ناودەبرێت بەپردی جێنوان "چینوەد" ) بەسەلامەتی و لەتەنیشت خواوەند ئاهورامازدا جێگیر دەبێت لە ئاسماندا کە خۆشی نەبڕاوەیە، هەر کەسێکیش خراپەکانی قورس بوو دەڕوات بۆ دۆزەخ.

ئاگر پەرست ( MAGI) ١٠٧ بەو سیفەتەی کە پیاوانی ئایینی زەردەشتین چینێکی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا، کە ئەرکیان

خزمەتکردنی ئایینی زەردەشتی بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی لەناو خەڵکیدا و بە تێپەڕبوونی کاتیش بەبڕوای خەڵکی بوونە نێوەندگیر لە نێوان خواوەند ئاهورامازدا و مرۆڤدا. لە قۆناغێکی دواتردا ئایینی زەردەشتی ناسرا بە ئایینی ئاگرپەرستان ئاماژە بۆ پیاوانی زەردەشتی هەروەها بە ئایینی هەق و ڕاستیش ناسرا.

شەریعەتی زەردەشتی پڕە لە دابو نەریتی پاکێتی و پاککردنەوە بۆ ڕۆح و جەستە پێکەوە.

خێزان لە پیرۆزترین سیستمی کۆمەڵایەتییە لە ئایینی زەردەشتیدا. لەبارەی ئەمە خواوەند ئاهورامازدا دەڵێت : ( ئەو جێگایەی کە یەکێك لە باوەڕداران خانوویەکی تیادا دروست دەکات و لەناویدا پیاوچاکێك هەیە و ئاژەڵی تیادایە و ژن و منداڵیشی تیادایە و خێر و بێر و خواردنی خۆشی تیادایە و ئاژەڵی تیادا زۆر دەبێت

---

١٠٧. دواتر مانای جنێوی دەگەیاند،پێدەچێت لەسەردەمی ئیسلام و دواتردا بووبێت.

و ژنان و مندالّ زۆر دەکەن ومندالآن گەورە دەکەن. ئاگری تیادا دەکرێتەوە و تیایدا هەموو خێرەکانی ژیانی زیاد دەکات بریتییە لە خۆشترین جێگە بەلای خواوەند ئاهورامازداوە لەسەر زەوی).

بۆ ژنیش جێگە و پێگەیەکی تایبەت هەیە لە ئایینی زەردەشتیدا و ئەو تەواوی سەربەستی هەیە، لە لێکدانەوە زەردەشتیە کۆنەکاندا هاتوە کە بە (بەندهش) ناودەبرێن وەسفی کۆمەڵێك هۆکار کراوە بۆ قەدەغەکردنی سکپڕی و لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی بۆ دوورکەوتنەوە لێی تایبەت بە وەچەخستنەوە.

لەکتێبی **دابەزیودا** دەڵێت: ( ئەگەر ژن لە بێنوێژی دەرچوو دوای ١٠ ڕۆژ و ١٠ شەو ئەگەر پیاو لێی نزیك ببێتەوە ئەوا ئەگەری سك پڕبوونی زۆرە ).

# پاشكۆی

# وێنە و نیگارەكان



نیگاری ژمارە (١)



نیگاری ژمارە (٢)



نیگاری ژمارە (٣)



نیگاری ژمارە (٤)



نیگاری ژمارە( ٥)



نیگاری ژمارە (٦)



نیگاری ژمارە( ٧)



**نیگاری ژماره (٨)**



**نیگاری ژماره (٩)**



نیگاری ژمارە (١٠)



نیگاری ژمارە( ١١)




نیگاری ژماره (١٢)



نیگاری ژمارە (١٣)



نیگاری ژمارە( ١٤)



نیگاری ژمارە (١٥)



نیگاری ژمارە( ١٦)



شێوەی ژمارە (١٧)



نیگاری ژمارە (١٨)



نیگاری ژمارە ١٩)



نیگاری ژمارە (٢٠)





نیگاری ژمارە (٢١ )





نیگاری ژمارە (٢٢)



نیگاری ژمارە( ٢٣)



نیگاری ژمارە (٢٤)

**ئاهورامازدا: خوای چاکە**

**وەك دەردەكەوێت لەسەر یەكێك لە پاشماوەی هەڵكۆڵراو لە باخستان**



ڕووکاری پەرستگای ئێزیدی لە لالشی نورانی

( وێنەکە وەرگیراوە لە کتێبی بادجر- نەستورییەکان و داب و نەریتەکانیان ب ١ لەندەن ١٨٥٢ )



دانەر لە کۆلسیۆم ڕۆما- ئیتالیا ١٩٨١


خريطة بلاد الرافدين

# فەرهەنگی زاراوە هاتوەکان لەم کتێبەدا

| | |
|---|---|
| A | |
| ئەهریمەن: خواوەندی خراپە لە ئایینی زەردەشتیدا | AHRIMAN |
| ئاهورامازدا: خواوەندی چاکە لە ئایینی زەردەشتیدا | AHURAMAZDA |
| ئان: خواوەندی ئاسمان لەلای سۆمەرییەکان | AN |
| ئانوناکی: خواوەندی جیهانی خوارەوە لەلای سۆمەرییەکان | ANNUNAKI |
| الابستاق: کتێبی پیرۆز لەلای زەردەشتییەکان | AVESTA |
| B | |
| براهما: یەکێك لەخواوەندە ئاریەکان کە خوای دروستکەرە | BRAHMA |
| برهمان: بوونی بەرز کە بەرجەستە بووە لە خواوەندی دروستکەردا براهما | BRAHMAN |
| برەهمی: پیاوچاکی خواوەند براهما | BRAHMI |
| برەهمیە: ئایینی گەلانی ئاریای هندی کۆن | BRAMANISM |
| D | |
| داکهاماز: بورجی بێدەنگی زەردەشتی | DAKHAMS |
| دیفاز: خواوەندی هندوئۆرۆپی | DEVAS |
| دینگەر: خواوەند لە زمانی سۆمەریدا | DINGIR |
| دوالیزم: ( دووانە) باوەڕبوون بە بوونی دوو خودای ململانێکەر لە جیهاندا | DUALISM |

| | |
|---|---|
| DUMUZI | دومۆزی: ( مەلەك تاووس ) خواوەندی سۆمەری |
| DYAUS | دیاوس: خواوەندی ئاسمان لەلای ئارياييەكان |
| EA | ئیا: خواوەندێكی سۆمەرییە —خواوەندی قووڵایی و دانایی |
| AYA | ئایا: ژنی خواوەندی ڕۆژ لە ئایینی سۆمەریدا |
| ENKI | ئانكی: خواوەندی زەوی و دانایی سۆمەری |
| ENLIL | ئنلیل : سەرۆكی كۆمەڵگەی خواوەندی سۆمەری |
| ERESHKIGAL | ئەریشكیكال : خواوەندی دونیای خوارەوەی سۆمەری |
| | F |
| FERTILTY | فیرنیلیتی : بەپیتی: هێزی بەرهەم لە سروشتدا و لەلای خواوەندی دایك |
| FIRE | فایەر: ئاگر لە پیرۆزییەكانی زەردەشتیدا |
| | G |
| GLGAMESH | گەلگامیش : خواوەندێكی سۆمەری گەڕان بەدوای نەمریدا |
| | H |
| HAOMA | هوما: ڕووەكێكی پیرۆز و خواوەندێك لەلای زەردەشتییەكان |
| HINDUISM | هندۆسی: ئایینێكی هیندو ـ ئەوروپی كە زۆربەی هیندییەكان كردویانەتە ئایینی خۆیان |
| | I |

| | |
|---|---|
| INANA | ئینانا: خواوەندی ئاسمان لەلای سۆمەرییەکان و ژنی خواوەند دوموزی |
| | K |
| KIRAS GUHARIN | کراس گۆهرین : لەبەرگرتنەوەی ڕۆح لە ئایینی ئێزیدیدا |
| KI | کی: خواوەندی زەوی سۆمەری |
| KINGO | کەیخۆ: ئەو مارەیە کە خواوەند مەردۆخ کوشتی |
| | M |
| ME | مە: هێزی خواوەندی سۆمەری( لەوانەیە خواوەندی دایکی گەورە بێت) |
| MAGI=MAGGUS | ئاگرپەرست: پیاوچاکانی ئایینی زەردەشتی |
| MAZADAISM | مەزدی: بریتییە لە ئایینی زەردەشتی |
| MITHRA | مەترا: خواوەندێکی ڕەسەنی ئاریە |
| | N |
| NANNAR | نانار: خواوەندی مانگ لەلای سۆمەرییەکان |
| NIMROD | نەمرود: لە سەردەمی کۆندا کوڕی حام کوڕی نوح و زۆر دەسەلاّتدار و بەهێز بووە |
| NUSKO | نوسکۆ: خواوەندی ئاگر لەلای سۆمەریەکان |
| | P |
| PINDA | پەندا: تۆپی خڕی برنج پێشکەش دەکرێت بۆ ڕۆحی باوباپیران لە پەرستنی ئەربیندا |
| PAPAR | پاپار: خواوەندی ڕۆژ لەلای سۆمەریەکان |

| | S |
|---|---|
| SATE | ساتی: ژنی چاك لە زمانی سەنسەكریتی كەژنی براهمایە |
| SHRADHA | شرادها: داب و نەریتی پێشكەشكردنی قوربانیە بۆ ڕۆحی باوباپیران |
| SIN | سن: خواوەندی مانگ لەلای سۆمەرییەكان |
| | T |
| TESHUB | تیشۆب : خواوەندی هۆرییەكان |
| TOTEM | گوگم : ناوی ئاژەڵ یان ڕوەكێكە كە هۆزی مرۆڤایەتی یەكەمی لێكەوتۆتەوە كە گۆشتەكەی و خواردنەكەی قەدەغەیە |
| TRANSMIGRA TION | لەبەر گرتنەوەی ڕۆح: گواستنەوەی ڕۆحە دوای مردن بۆ لاشەیەكی تر |
| | U |
| UTNAPISHTIM | ئۆتنابشیتم: نوحی كوردە سۆمەرییەكان |
| UTO | ئۆتۆ: خواوەندی ڕۆژ لەلای سۆمەرییەكان |
| | Z |
| ZARAASHER | زەردەشت : پێغەمبەری ئایینی زەردەشتی |

# سەرچاوەکان

١. تەموز : باوەڕی نەمری و بەرجەستەبوون: د.ئەنتوان مۆرتکارت ، وەرگێڕانی د.تۆفیق سلێمان.

٢. سەرکێشی ژیری یەکەمین: لێکۆڵینەوەیەکە لە ئەفسانە. سوریا و وڵاتی دوو ڕووبار.فراس سواح ، نیقۆسیا. قوبرص. چاپی یەکەم ١٩٨٦

٣. تابلۆکانی سۆمەر: د.صامۆئیل کرامەر،وەرگێڕانی تەها باقر.

٤. ڕیشەی چەوساندنەوە:خوێندنەوەیەك لە ئەدەبی کۆن ، د.عەبدولقادر مەکاوی ،زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٩٢.

٥. گەڕانی توخمی مرۆڤایەتی بەدوای خوادا

٦. کورتەمێژووی ئایینەکان: فلیسیانشیالی ، وەرگێڕانی حافزلجەمالی.

٧. سەدەکانی پێش مێژوو: د.سوڵتان محێسن ،لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی دمشق.

٨. بەئاگایی و هونەر: گۆرگی گاتشف،وەرگێڕانی نۆفل نیوف،زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٤٦.

٩. شارە یەکەمینەکان:گۆلایف،وەرگێڕانی تارق معەصەرانی، خانەی پێشکەوتن ،مۆسکۆ.

١٠. فەرهەنگی خواوەندەکان و ئەفسانەکان لە وڵاتی دوو ڕووباردا.د.ادزارد.م.هبۆب، ف.رۆلینج ، وەرگێڕانی وەحید خەیات

١١.	سۆمەر و ئەكەد: د.وەدیع بەشور دیمەشق ١٩٩١.

١٢.	چیرۆكی شارستانێتیەك: بەشی دووەم ،بەرگی یەكەم، وولّ دیوارنت.

١٣.	كوردەكان: لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆلۆجی و مێژووییە، باسیلی نیكیتین ، وەرگێڕانی .د.نوری تاڵەبانی

١٤.	ئێزیدی پاشماوەی ئایینێكی كۆن: جۆرج حەبیب

١٥.	نامەی سونی بۆ تایەفەی عەدەویە: وێنەیەكی دەستخەتە لە خەزنەی ئەوقافی گشتی لە بەغداد لە ژێر ژمارە ٧٠٠٢/١

١٦.	شەرەفنامە:مێژوی وڵاتان و میرنشینە كوردیەكان،شەرەفخانی بەدلیسی،وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی.

١٧.	سەرەتا و كۆتا لە مێژوودا: ابن كثیر ،قاهیرە ١٣٥٨

١٨.	تەواو لە مێژوودا:ئیبن ئەسیر،ئۆبسالە ١٨٥١

١٩.	مێژویەكی كورتی وڵاتان: ئیبنلعیبری ، ئۆكسفۆرد.١٦٦٣

٢٠.	ئێزیدی و جێگەی سەرهەڵدانی شانەكەیان،ئەحمەد تەیمور پاشا،قاهیرە ١٣٥٢ هـ.

٢١.	لێكۆڵینەوە عێراقیەكان: یاقوب سەركیس،بەغداد ١٩٤٧.

٢٢.	مردووە گەورەكان:ئیبن خەلەكان،بۆلاق ١٢٧٥ هـ.

٢٣.	گەشتنامە: ئەولیا چەلەبی ١٦٧٩ ز.

٢٤.	كورتەیەك لە هەواڵی مرۆڤ: ئەبولفیدا،كۆپن هاگن ١٧٩١.

٢٥.	دابو نەریتی گوندی ئێزیدی: لایەنی ئەنترۆبۆلۆجی،خدر سلێمان.

٢٦. ڕابووردووی زیندوو: شارستانێتیەك ٧٠٠٠ ساڵی درێژدەبێتەوە،ئیفالستەر.

٢٧. تەورات لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە هاتووە: کمال صلیی، وەرگێڕانی عەفیف ڕەزاز.

٢٨. بیری ڕۆژهەڵاتی کۆن : جۆن کولەر، وەرگێڕانی کامل یوسف حسین ، زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٩٩

٢٩. چیرۆکی ئایینەکان : سلێمان مەزهەر، چاپخانەی مەدبوللی، قاهیرە.

٣٠. بیروباوەڕە ئایینیەکان لەلای گەلان: جفری باردنەر، وەرگێڕانی د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، زنجیرەی جیهانی زانست ژمارە ١٧٣

٣١. شانامە: پاڵەوانێتی گەورەی فارس، ئەبی قاسم ئەلفیردەوسی،وەرگێڕانی سەمیر ماڵتی.

٣٢. پێغەمبەرەکانی تەورات و پێشبینیەکانی تەورات :م. ڕیجسکی ، وەرگێڕانی د.احو یوسف.

٣٣. کتێبی پیرۆز

٣٤. قورئانی پیرۆز

٣٥. ئایینی بابل و ئاشور: س.ه.هۆك ، وەرگێڕانی نیهاد خەیاتە.

٣٦. شارستانێتی نێوان دوو ڕووبار: ك.ماتفیف ، ا.سازۆنۆف، وەرگێرانی د.حەنا ئادەم.

٣٧. ئیبراهیم پەیامیەر و مێژوویەکی نادیار: د.سەیدلقمنی.

٣٨. ئایینی زەردەشتی: بەهمەن سوراجی باناجی،وەرگێڕانی تۆفیق ئەلحسەینی.

٣٩. گۆڤاری لالش: ژمارەکانی ١و٢و٣و٤و٥و٦و٧و٨

٤٠. گۆڤاری ڕۆژ: ژمارەکانی ١و٢و٣و٤و٥و٦

٤١. ئیزیدایەتی و ئێزیدیەکان : د،خەلەف تەڕاد.

٤٢. گۆڤاری بیرو هونەری ئەڵمانی: ژمارە ٦١ لە ساڵی ١٩٩٥

٤٣. سۆمەریەکان : سامی سەعید ئەحمەد

٤٤. گۆڤاری مەتین: ژمارەکانی ٧٣و٧٤و٧٥و٧٦و٧٧و٧٨

# سەرچاوە بیانیەکان

٤٥. ENCYCLPEDIA OF MYTHOLOGY LARSOUSSE.
٤٦. ALPH ENCYCLOPEDIA HISTORY BEGENS AT SUMER. SAMUIEL KRAMER.
٤٧. ANCINT IRAQ. EEORGE ROUX.
٤٨. MEDDLE ESTERN MYTHOLOGY .S.H.HOOKE.
٤٩. MYTHOLOGY OF THE ANCINT WORLD ،N.Y.SAMUEIL KRAMER.
٥٠. SUMERIAN AND MITHS AND EPICULESAN ANCINT NEAR STERN TEXTS .SAMUEIL KRAMER.
٥١. SPEISER ،E.A.AKKADIAN MYTHESIN ANCINT LITERATURES NUMBER ٢٠١٩٠٩- YAZIDI TEXTS P.١١٠-١١٨

# ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |

==============================================

بەرایی وەرگێڕی کوردی ........................ ٤
پێشەکی ..................................... ١١
دەروازە ...................................... ١٤
کورتەی مێژووی سەرهەڵدانی ئوستورەناسی و
ئایینی کۆنی کوردی ............................ ٢٠
ئایینی کوردی ئێزیدی ............................ ٩٧
ئایینی کوردی ئیبراهیمی ......................... ٢٠١
ئایینی کوردی زەردەشتی ......................... ٢١٥
پاشکۆی وێنە و شێوەکان ......................... ٢٢٩
فەرهەنگی زاراوەکان ............................. ٢٤٨
سەرچاوەکان ................................... ٢٥٢

# نوسەر لە چەند دێڕێكدا



## مرشد اليوسف

- نوسەر و لێكۆڵەر لە سیاسەت و زانستی شوێنەوار و لاهوت و ئایینە بەراوردكاریەكان.
- لیسانس لە مێژوودا لە زانكۆی دیمەشق.
- دبلۆم لە خوێندنی بالاّ لە زانستی شوێنەواری رۆژهەڵاتی كۆن لە زانكۆی دیمەشق.
- كاری كردوە لە گەڕان و كنەكردنی شوێنەواریدا.

ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندوە:

- كوردستان لە سەر سەكۆی ئازادی.
- چیرۆكی ئامارجی.
- پێشكەوتنی بیری ئایینیی كوردی و كاریگەری لە ئایینە گەورەكان.
- دەیەها بابەتی بڵاوكراوە لە بواری سیاسەت و مێژوو و شوێنەواردا.

## وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا



## ( نەوزادی موهەندیس )

- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕلە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ١٩٩١-١٩٩٠
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە
- لەکتێبە بلاوکراوەکانی نوسەر:-

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ٢٠٠٦

٢. کوردو رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەوکتوپڕدا٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا ٢٠٠٧

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەلگای کوردەواری ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژوویەکانەوە ٢٠١٢

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی ١٩٩٦وە.